# شەڕە سپییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاْوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

٢٠٠٩

ئارام کاکەی فەلاح

# شەڕە سپییەکان

**کۆدیدار**

سلێمانی – ٢٠٠٩

**سەرپەرشتیاریی گشتیی**

**محەمەد کوردۆ**

شەڕە سپییەکان

ناوی نووسەر: : ئارام کاکەی فەلاح

بابەت: کۆدیدار

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد

پیتچنی: نووسەر

هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری کتێب: ئەکرەم محەمەد ئەمین

تیراژ :٥٠٠

ژمارەی سپاردنی (١٨٠٨ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ

ژمارەی سپاردن لە سوید ۴ -۴۹۵۸ -۶۳۳ -۹۱ -۹۷۸ ISBN

چاپخانە: بینایی

– نرخ: (٢٠٠٠) دینار

**بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**ناونیشان: سلێمانی- گردی ئەندازیاران**

**ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤**

# شەڕە سپییەکان

**بۆ: ئاودێر**

**بۆ ئەو برا جوان و بێدەنگەی لە پشت کامێراوە**

**هەندێك شت دەبینێت كە چاوی زۆربەمان نایبینێت.**





## پێشەکی:

**بەڵێ دەزانم سەعات چەندە، سەعات بێ کۆتاییە.(چارڵیس بۆدلێر)**

**ئازیزان! ئێمە نووسەرانی زۆرمان هەن کە تێکستی زۆریان بۆ نووسیوین و نازانین چۆن بیریان کردۆتەوە. بۆیە بە بڕوای من سازدانی چاوپێکەوتن زۆر گرنگە بۆ نزیکبوونەوەی خوێنەر لە نووسەران، ئەوەی ئەمڕۆ شتێك دەڵێت، بەیانی بیریدەچێتەوە، بەڵام ئەوەی شتێك دەنووسێت بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت کە دەنووسین و وەڵامی پرسیاری دیدار دەدەینەوە. من لەم کۆمەڵە دیدارەدا هەوڵمداوە زۆر بە روونی و بێ پێچ و پەنا وەڵام بدەمەوە، تا خوێنەر بزانێت چی دەڵێم. هەندێك نووسەر هەن کە نەکەس دەزانێت چی دەڵێن و نە خۆشیان دەزانن، چونکە فیکرەیەکی روونیان بەرامبەر ئەو شتە نییە کە دەینووسن، بۆیە لە لێوار و پەنای هەندێك دێڕی سەیر سەیردا خۆیان دەشارنەوەو هەندێك خوێنەری کەم هەڵدەخڵەتێنن ، بەڵام هەموو خوێنەران**

نا، تکایە واز لەو مۆدە ناشرینە بهێنن کە وا بزانن خوێنەران تەمەڵن و لێتان تێناگەن. ئەوە ئێوەن ناشرین دەنووسن.

لەم کۆمەڵە دیدارەدا باسی زۆر بابەت کراوە، هەر لە چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنەو چەمکەکانی، تا ئەنفال و گرنگی کتێب و خوێندنەوەو مەنفا و یادەوەریی منداڵی و زۆر شتی تریش، بەڵام چەقی قورسایی زیاتر لە سەیرکردنی مندا بۆ چیرۆك و چیرۆکی کوردی خۆی دەبینێتەوە، دواجار پێمخۆش بوو کە ئەم دیدارانە پێکەوە کۆبکرێنەوە تا قورساییەکی باشتر بدەنە سەیرکردنی من بۆ ئەو بابەتە گرنگانەی کە پرسیاری باش و زیرەکانە وروژاندوونی. هیوادارم وەڵامەکانم لە ئاستی ئەو پرسیارانەدا بوو بن.

**ئارام کاکەی فەلاح**
**ئایاری ٢٠٠٩**





**کتێب وەك گۆڕستان وایە، کە تیایدا هەندێکجار ناوەکانی سەر گۆڕەکان وا کۆن بوون و سڕاونەتەوە کە ناخوێندرێنەوە. (مارسیل پرۆست)**

## دیداری یەکەم

**نووسەرانی ئەوروپا کتێب دوای کتێب دەوڵەمەندتر دەبن و ژیانیان جێگیرتر دەبێت، بەڵام لای ئێمە کتێب دوای کتێب تەنیاترو هەژارترو ناجێگیرتر.**

سازدانی: کامەران و دانا
ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ) پاشکۆی ئەدەب و هونەر





خوێنەرو خوێندنەوە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، لە دنیای ڕووناکبیریی ئێستادا پێویستە بەدواداچوونی زیاترو قسەی جدیتری لەبارەوە بکرێت. گەلێکجار لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەو قسەیە دەبین، کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە کتێب خوێنەری لەدەستداوەو تەکنەلۆجیا جێگەی کتێبی گرتۆتەوە.. لەبارەی ئەم قسەیەو چەند بابەتێکی تری تایبەت بە خوێنەرو کتێب، ئەم دیدارەمان لەگەڵ چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح) دا سازکرد:

*** بۆ چالاککردنی پرۆسەی خوێندنەوەو پەروەردەکردنی خوێنەر پێت باشە ئێمە لەکوردستان لەکوێوە دەستپێبکەین؟**

-ئێمە دەبێت چەند کارێك لە یەك کاتدا پێکەوە بکەین، هەموو کارەکانیش گرنگن، لە پێش هەموویانەوە ئێمەی نووسەر دەبێت هەوڵبدەین جوان بنووسین، گەر جوان نەبوو ئەوە هێزەمان هەبێت بیدڕێنین و بڵاوی نەکەینەوە، تا نووسینەکانمان، شیعرەکانمان، ڕۆمانەکانمان، دەقی شانۆییمان، وتارەکانمان بە کەڵکی ئەوە بێن بخوێنرێنەوە. خوێندنەوە وەکو عەشق وایە، خوێنەریش عاشقەو زەحمەتە بە زۆر بەیەکێك بڵێیت عاشقبەو بە زۆر کتێبێکی بدەیتێ بیخوێنێتەوە، پێش ئەوەی کتێبێك بدەیتە کەسێك دەبێت ڕێگاکانی بۆ بکەیتەوەو وای لێ بکەیت کە کتێب و خوێندنەوەی

خۆشبوێت و بزانێت کە بەبێ خوێندنەوەو لەزەتەکانی، ژیان نوقسانەو هیچ شتێکی تر پڕی ناکاتەوە. من لە سەفەری ئەم جارەمدا بۆ کوردستان گەنجانێکی زۆرم بینی کە ناخوێننەوە، نەك لەبەرئەوەی تەمەڵن، بەڵکو لەبەرئەوەی کە هیچ لەزەت و خۆشی تیا نابینن. دەبێت ئەو خۆشییە بگەڕێنیتەوە بۆ خوێنەرو خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەدا ئاشتبکەیتەوە. کارێکی گرنگی تر بردنی منداڵانە بۆ کتێبخانەکان، هەر لە باخچەی ساوایانەوە بۆ سەرەتایی و ناوەندی و گەورەتریش، کردنی ئەو چوونە بە کلتوورێك کە لە هەفتەیەکدا دوو سێ جار دووبارە بێتەوە، دەبێت ئێمە قوتابخانەکانمان پڕ بکەین لە کتێبی باش و هەوڵ بدەین قوتابییان قەرزی بکەن و بیبەنەوە بۆ ماڵەوە ئەوەش بە بێ گۆڕینی تێڕوانینی مامۆستایانی ئێمە بۆ ژیان و دنیاو خوێندنەوە، مەحاڵە بێتە دی. کارێکی گرنگی تریش کتێبفرۆشەکانی ئێمەن کە مانگی جارێك ڕۆژێك دووان نرخی کتێبەکان لە سەدا دەو پانزەو بیست دابشکێنن و هانی خەڵکی بدەن کە کتێب زیاتر بکڕن، بەوەش هەم خزمەتی خۆشیان دەکەن و هەم خزمەتی خەڵکیش. لە دواییدا ئێمە ڕۆژێکمان هە یە بۆ منداڵان، ڕۆژێك بۆ دایکان، قوتابییان، ئافرەتان، ڕۆژێك بۆ خۆشەویستی، با ڕۆژێکیشمان هەبێت بۆ کتێب. کە تیایدا کتێب بکڕین و پێشکەشی یەکتری بکەین، بەیانییەکەی لە خەو هەستین و بڵێین (بەیانی باش ئەی کتێبی باش) بەمەش کەمێك حورمەت بۆ کتێب دەگەڕێنینەوە.





*** قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانە لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ لە کوردستان، پێتوایە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر خوێندکار هەبێت بۆئاشنابوونیان بە خوێندنەوەو کتێبی جددی؟**

-بێگومان نەخێر، گەر کاریگەرییەکیان هەبێت ئەوا کاریگەرییەکی زۆر خراپیان هە یە. کتێبەکانی سەرەتایی تا زانکۆ هێندە ناشرین و خراپ نووسراونەتەوەو دەوترێنەوە، کە قوتابی بە تەواوی دڵی لە کتێب دەتۆرێت. قوتابییان وا لە کتێبەکانی قوتابخانە ترساوون کە لە هەموو کتێبێکی تریش سڵدەکەنەوە، چونکە لە قوتابخانە سێبەری داری مامۆستایان بە سەرەوە یە، مۆنیی دەموچاوی مامۆستاکان، تووڕەبوون و هەڵچوونی هەمیشەییان ترسێك لە لای گەنجان دروستدەکات کە بەدڵی خۆیان بە لای کتێبە باشەکانی تردا نەچن. گەنجانی ئێمە دەبێت بە زووترین کات لەگەڵ کتێبدا ئاشتببنەوە، ئەوەش نابێت گەر تێڕوانینی مامۆستایان و ئەو سیستمەی کە خوێندنی پێ بە ڕێوەدەچێ لە ریشەوە نەگۆڕدرێت. دەبێت قوتابخانە لەو شێوە زیندانییەی کە هەیەتی بگۆڕدرێت بۆ شوێنێك کە قوتابییان بۆی بڕۆن و هەستبکەن کە ڕێزیان دەگیرێت و گوێیان لێ دەگیرێت، ئەوسا خۆیان دەستدەدەنە کتێبەکان بە بێ ترسی مامۆستاو دایك و باوك.

*** تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت کە پێیوایە بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، کتێب خوێنەری کەمدەبێتەوە؟ بۆ نموونە فیلمێك دەتوانێت جێگەی ڕۆمانێك بگرێتەوە؟**

*ڕەنگە هەندێکجار جێگەی بگرێتەوە، بەڵام ناتوانێت بیکاتە دەرەوە، هەندێك ڕۆمان کە کراون بە فیلم خراپ کراون و هەندێکی تریش کراون بە سیناریۆیەکی باش و سەرکەوتوو، بەڵام دواجار سەرچاوەکە هەر ڕۆمانەکە خۆیەتی، تۆ سەیری ئەورووپاو خەڵکی ئەورووپایی، چەند تەکنۆلۆجیا دەوڵەمەندە، بەڵام قەت کتێبیان فەرامۆشنەکردووە، کتێب شتێك نییە لە بیربکرێت، بەڵام خوێندنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت خەڵکانێکی زۆری بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە، ڕەنگە لەوێدا کتێب کەمێك زیانی پێ کەوتبێت بەوەی کە هەندێك خوێنەری تەمەڵی دروستکردووە کە بیریان چووەتەوە کتێب لە ئامێزبگرن.

***تۆ وەك نووسەرێك لەکاتی نووسیندا تا چەند حیساب بۆ خوێنەر دەکەیت؟ بە واتایەك تۆ دەتەوێت لەکاتی نووسیندا دابەزیتە ئاستی خوێنەر یان خوێنەر بەرزبکەیتەوە بۆ ئاستی خۆت؟**

*من لەکاتی نووسیندا قەت بیر لە خوێنەر ناکەمەوە، تەنیا شتێك بە خۆیەوە بمبەستێتەوە پاڵەوان و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانن، تاقە وەفایەکیشم بۆ خوێنەر لە دواییدا ئەوەیە کە تێکستێکی جوانی بدەمێ. من بۆ ئەوەی بیر لە خوێنەر بکەمەوە نابێت بیری لێ بکەمەوە، مەبەستمە بڵێم بۆ ئەوەی چیرۆکێك بنووسم کە شایانی خوێنەر بێت، دەبێت تەنها بیر لە چیرۆکەکە بکەمەوە بۆ ئەوەی باش دەرچێت، خوێنەر یەك کەس نییە نووسەر بتوانێت ئاستی دیاری بکات، خوێنەران جیاوازن و هەندێك کەس لە چیرۆکەکان دەگەن و هەندێك کەس دەڵێن قوورسە. با نووسەران واز لەو غرووره بهێنن کە وا هەستبکەن بە جۆرێك لەجۆرەکان لە خوێنەران





بەرزترن، ئەو خۆبەزل زانینەی کە من لە زۆربەی زۆری نووسەران و شاعیراندا دەیبینم جگە لە بەتاڵی هیچیتر نییە.

***هەندێك کتێب چەند جارێك چاپ دەکرێنەوەو خوێنەرێکی بێ شوماریشیان هەیە، ئایا زۆری و کەمی خوێنەر پێوانەیە بۆ باشی و سەرکەوتوویی ئەو کتێبە؟**

*لێرە لە ئەورووپا بە جۆرێك لە جۆرەکان پێوانەیە، لێرە لە سوید کە من لێی دەژیم، کتێبێك کە لە هەموو کتێبەکانی تر زیاتری لێ بفرۆشرێت خەڵات وەردەگرێت، کتێبێك کە زۆرتر لە کتێبخانەی گشتییەوە بۆ خوێندنەوە قەرز بکرێت خەڵاتی خۆی هەیە. کتێبێك کە بۆ زۆرترینی زمانەکانی دنیا وەربگێڕدرێت پێوانەیەکی ترە بۆ سەرکەوتوویی نووسەر. بەمجۆرە وەك دەبینیت پێوانەی جیاواز جیاواز هەیەو هەمووشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆری خوێنەران ئەو کتێبانە بکڕن و بخوێننەوەو بە زمانی جیاواز بە دنیادا بڵاوبکرێتەوە، هەفتەی جارێك یان دوو جار پرۆگرامی تەلەفزیۆن هەیە بۆ باسکردنی خێرای ئەو کتێبە باشانەی کە کەوتوونەتە بازاڕەوە، دواییش گرنگە ئێمە پێناسەیەکمان هەبێت بۆ کتێبی باش و خراپ، ڕەنگبێت کتێبێك لای من زۆر باش بێت و لای تۆ خراپ، یان بە پێچەوانەوە، جاری وا هەیە کتێبێکی خراپ چەند جارێك چاپ دەکرێتەوە، نووسەرانی تر کە بە دڵیان نییە هەر ئەوەیان لە دەستدێت کە لە لای خۆیانەوە کتێبێکی باشتر بنووسن بۆ سڕینەوەی کتێبە ناشرینەکان.

***بە بەراورد بە قۆناغی پێش راپەڕین ئێستا بەشی هەرە زۆری چاپکردنی کتێبەکان تیراژیان روو لە کەمبوونەوەیە ، هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-خەڵکانێکی زۆر هەن کە لە ژیانیاندا خەون بەوەوە دەبینن ببن بە خاوەنی کتێبێك بۆ ئەوەش کتێبێك وەردەگێڕن یان دەنووسن و چەند سەد نووسخەیەکی لێ چاپ دەکەن و خەونەکەیان دێتە دی، ئەوەش من وەك مافێکی رەوای خۆیان دەبینم و کەس ناتوانێت ئەو مافەیان لێ زەوتبکات، پێش راپەڕین خەڵکانێکی زۆر لە نووسین و قسەکردن بێ بەشکرابوون، دوای راپەڕین ئەو دەرگایە کرایەوەو هاتنە گۆ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کێ لەو بوارەدا بەردەوام دەبێت و ئەفراندن دەکات، ئێستا دنیا کراوەترە لە جاران و کتێبێکی زۆریش رژاوەتە بازاڕەوە گرنگ ئەوەیە بخوێنرێنەوە، دەنا من وەك شتێکی باش دەیبینم.

***لە زۆربەی گەلاندا نووسەرە ناودارەکانیان تا تەمەنیان بەرەو هەڵکشان دەچێت دەقی جوانترو داهێنەرانەتر بەرهەمدەهێنن، بەڵام لای ئێمە لە تەمەنێکی زۆر زوودا لە بەرهەمی جوان دەکەون، ئەم حاڵەتە تا چەند پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە؟**

-پرسیارێکی ئاڵۆزەو پەیوەندی بە کۆمەڵێك فاکتەرەوە هەیە ، یەکێك لەوانە باری ناهەموارو نالەباری نووسەرانی ئێمەیە کە تا چەندێك لەسەر ئەو کتێبانە دەژین کە دەیاننووسن. نووسەرانی ئەوروپا کتێب دوای کتێب دەوڵەمەندتر دەبن و ژیانیان جێگیرتر دەبێت، بەڵام لای ئێمە کتێب دوای





کتێب تەنیاترو هەژارترو ناجێگیرتر. لای ئەوان خوێنەرەکانیان لە سنووری شارو وڵاتەکەیان دەچنە دەرەوەو گەورە دەبن و بە زمانی جیاواز جیاواز دەخوێنرێنەوە ، لای ئێمەش شارێك ئاگای لە شارەکەی تەنیشتی نییە ، بەمجۆرە خوێنەرەکانی ئێمە قەت زیاد ناکەن، ئەوان هەموو کتێبێکیان لە لایەو زەخیرەیەکی جیهانییان لە بەردەستایە کە بە جوانترین شێوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکەیان، کە دەبێتە پێکهاتەیەکی زیندووی داهێنانیان، لای ئێمەش ئەوانەی کە کتێبی جددی و پڕ بایەخ بە وەرگێڕانێکی جوانەوە کە خۆی پێوە ماندوو بکات دەخەنە بەردەستی خوێنەرانی کورد ، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات، لەم بارەیەوە داهێنان لای ئێمە لە وەهمێك زیاتر هیچی تر نابێت، وەك دەبینیت بەراوردکردنی ئەو دوو دنیایە سەیرو پڕ غەم دەکەوێتەوە.

***بە پێی ژیان و ئەزموونی تۆ لە رۆژئاوا، چ جیاوازییەك دەبینیت لە نێوان خوێنەری ئەوێ و خوێنەری ئێرە ، یان پەیوەندی مرۆڤ و کتێب لە رۆژئاواو پەیوەندی مرۆڤ و کتێب لە کوردستان؟**

-من گەر باسی ئەو وڵاتە بکەم کە لێی دەژیم، بە پێی ئەوەی کە سوید لە چاو وڵاتەکانی تردا کەمێك جیاوازە بەوەی کە خەڵاتی نۆبڵ لێرە دەدرێت، ئەوا لێرە ئاگاییەکی باشیان لە هەموو نووسەرانی دنیایە.

پرۆسەی وەرگێڕان زۆر چالاکەو کتێبەکانی دنیا دوای نووسینیان بە هەفتەیەك دوو هەفتە لە بازاڕدا دەست دەکەون و ئامادەن بۆ فرۆشتن، مرۆڤ لێرە هەمیشە لە ناو پاس و شەمەندەفەرو میترۆکاندا کتێبی پێیەو

خەریکی خوێندنەوەیە، لێرە هەموو کەسێك دەخوێنێتەوەو مەرج نییە نووسەر بیت بۆ ئەوەی بخوێنیتەوە، لای ئێمە ئەوەی نووسەرو ئەدیب و رۆشنبیر نەبێت بە دەگمەن دەخوێنێتەوە، ئێمە جاری پێشوو چووین بۆ سەیرانێك کە بە سەدەها کەسی لێ بوو لە من زیاتر کەس کتێبێکی پێ نەبوو، لێرە گەنج و پیر لە باخچەکاندا دادەنیشن و کتێب دەخوێننەوە، نەشی خوێننەوە کتێبێك، رۆژنامەیەکیان پێیە، لە سلێمانی چەند جارێك چووم بۆ باخچەی گشتی کە پارکێکی جوانەو پڕێتی لە پەیکەری شاعیرانی ئێمە، پڕ بوو لە کوڕی گەنج، کە زۆربەیان دانیشتبوون سەیری خەڵکیان دەکرد، چووم بۆ کتێبخانەی گشتی، لە خوارەوە لای دەرگاکە یەکێك رایوەستانم و وتی کاکە بۆ کوێ دەڕۆیت؟ وتم بۆ کتێبخانە، وتی بۆ؟ لە سوید منداڵ ناخەوێنن تا حیکایەتێکی لە کتێبێکەوە بۆ نەخوێننەوە، ژووری منداڵان هەمیشە کتێبی لێیە و هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستییەکی سەیر بە کتێبەوە دەیانبەستێتەوە، لای ئێمەش هەژارترین ژوور لە کتێبدا ژووری منداڵانی ئێمەیە کە لە وێنەی یاریزانەکانی تۆپ تۆپێن زیاتر هیچی تر نابینیت، کە گەورەش دەبن دەگۆڕێن بە داریۆشێك یان وێنەیەکی تر.

*زۆر نووسەر هەن زۆر دەخوێننەوە، بەڵام دەقەکانیان هێندەی خوێندنەوەیان قووڵی و بەرفراوانی تیا نییە، هەشە بە پێچەوانەوە کەمتر دەخوێنێتەوەو دەقی جوانتریش بەرهەم دێنێت، بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟





-ئەم پرسیارە کەمێك تەمومژی تیایە، دەبێت کێ بن ئەو کەسانەی کە زۆر دەخوێننەوەو دەقی خراپ دەنووسن، یان ئەوانە کێ بن کە کەم دەخوێننەوەو باش دەنووسن، پێم سەیرە گەروا بێت، بە بڕوای من تەنها بە خوێندنەوەی چاك نووسەر دەتوانێت باش بنووسێت و خەیاڵ و فەنتازیای فراوان بکات و هەمیشەش بە گەنجی بمێنێتەوەو بە ئەزموونی تازەی سەرسامان بکات، بە بڕوای من ئەوانەی کە لە نووسین دەکەون تەنها ئەوانەن کە بەرەبەرە لە خوێندنەوەیەکی قووڵ بە جێ دەمێنن و بۆ هەتا هەتایە ناگەنەوە شوێنی جارانی خۆیان و هەمیشەش لە سەر رابوردووی خۆیان دەژین، ئەوەشت بیر نەچێت کە ئاستی ئەو کتێبانەی ئێمە دەیخوێنینەوە جیاوازن، هی وا هەیە کتێبی خراپ زۆر بە قووڵی دەخوێنێتەوە، هی واش هەیە کتێبی زۆر باش تەنها چاوێکی پیا دەخشێنێت، ئێمە هەر یەکەمان بۆ مەبەستێك دەخوێنینەوە، هی وا هەیە تەنها بۆ لەزەت دەخوێنێتەوە، چاوی وا هەیە تەنها رەخنە دەبینێت، هی واش بۆ سوود وەرگرتن و کردنی تێکستەکان بە ئەزموون، هەیە بە مەبەستی لاساییکردنەوە، هەیە بەس بۆ ئەوەی شتێکی لە سەر بنووسێت، هەشە بۆ کات بەسەربردن و بۆ بەیانی بیریچۆتەوە چی خوێندۆتەوە، وەك دەبینی هەر یەکە پەیوەندییەکی تایبەتی خۆی هەیە بە خوێندنەوەو کتێبەوە.

## دیداری: دووەم

# چیرۆکنووسی ئێمە پێویستی بە هێزێکی سیحرییە تا لەو فرمێسکە رووت و پاڵەوانە چەقیوانە رزگاری بێت.

سازدانی: توانا ئەمین

رۆژنامەی: رۆژنامە، ژمارە ٦





*** پێتانوایە نووسینی چیرۆك توانای رزگارکردنی بابەت و کارەساتی هەیە لەفەوتان؟ خەمی چیرۆك هەر ئەوەندەیە؟ ئەگەر ئەدەب ئەمە نەکات، جگە لە مێژوو هێزێکی تر هەیە ئەمەی پێبکرێت؟**

*** چیرۆك و مێژوو دوو سیمای جیاوازی کارەساتەکان و بابەتەکان دەنووسنەوە. مێژوو دێت و هەندێك رووداو و بابەتی سەرکەوتن و ژێرکەوتنمان بۆ دەنووسێتەوەو دەیکاتە دۆکیۆمێنت، بەلاّم گەر چیرۆك هەمان شتی وای کرد لە هونەری خۆی دەکەوێت. چیرۆك کاری بەسەر دۆکیۆمێنت کردنی رووداوەکانەوە نییە، بەبڕوای من چیرۆك زیاتر خەریکی بەدۆکیۆمێنتکردنی (یادەوەرییە)، من لێرەدا پێم باشترە یادەوەریی بەکار بێنم، چونکە لە هەناوی یادەوەریدا هەم مێژوو و ئەگەرەکانی مێژوو ئامادەن و هەم ئەگەرەکانی فەنتازیایەك کە هەوڵی گۆڕینی ئەو کارەسات و رووداوانە دەدات و نایەڵێت بەو زەقییە دەرکەون و بێنە مەیدان و کەمێك جوانیان دەکات و دەرگا و ئاسۆی تریان بۆ دەکاتەوە. چیرۆك خەمی زۆرە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە چیرۆك دێ پێمان دەڵێت ئایندە بە مێژوو و ئامارەکانی مەخەڵەتێن، چونکە رووداوەکانی ناو مێژوو کەسانێك دەینووسنەوە کە هێزێکی سیاسییان لەپشتەوەیە و جەبر و بەرژەوەندییەکی**

تایبەتی دەیانجولێنێت، بەڵام ڕووداوەکان لە چیرۆکدا دەبێت کەسانێك وێنای بکەن کە پڕن لەجوانی و فەنتازیا. ئەوەشت بیر نەچێت کە سەیر کردنی کورد بۆ مێژوو و ڕووداوەکانی ناوی هەمیشە سەیرکردنێك بووە بۆ سیمای خوێناوی خۆی، بۆ ژێرکەوتنەکانی و چەوساندنەوەی لەلایەن دراوسێ دڵڕەقەکانییەوە، ئەو هەموو شەڕ و پێکدادانە لە مێژووی ئێمەدا نایەڵن مێژوو بە جۆرێکی تر ببینین و بینووسینەوە، لەهەمان کاتیشدا ڕێگرێك بووە لەبەر دەم نووسەراندا بە جۆرێکی تر وێنای بکەن. کەچی دەبینی بیریاران و نووسەرانی ئەورووپا زۆریان ڕۆژ بە ڕۆژ بەسەر مێژووی خۆیدا دەچنەوەو دەمێکە بۆیان دەرکەوتووە کە نووسینەوەی مێژوو بەبێ ئەو ڕووداوانەی ناو ئەدەب و فەنتازیای ئەدەب نووسینەوەیەکی نووقسانە، تەنانەت هەندێك لە بیریاران سەرکەوتنەکانیان بە هیچ لەقەڵەم دەدەن، لەو بڕوایەدان کە سەرکەوتنێك لەسەر ئێسك و پرووسکی مرۆڤەکان بینا کرابێت شتێك نییە مایەی شانازی مرۆڤی سەر ئەم زەوییە بێت. بەڵام ئیتر ئە مە کاتێکی زۆری دە وێت تا لای ئێمە ماناکانی بگۆردرێت، چونکە ئێمەتا ئێستاش برینەکانمان ساڕێژ نەبوونەتەوە، بۆ دراوسێ دڵڕەقەکانیشمان دیسان کاتێکی زۆری دەوێت تا بەمێژووی خۆیاندا بچنەوە.

* چۆن سەیری توانستی چیرۆك نووسی کورد دەکەیت؟ قەرزار نین لەئاست ڕووداوی زۆر گەورە؟ کوا ئێمە ڕۆمانێك، دوو نۆڤلێت، چوار چیرۆکمان هەیە لەسەر شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق؟





ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری خێڵی ئەدیبانی ئێمە ئەو ڕۆژانە سەربازی ئەو جەنگە بوون؟

- من دەتوانم بێ دوودڵی یەکسەر بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. نەخێر نووسەرانی ئێمە قەرزار نین لەئاست شەڕی عێراق و ئێران کە بۆچی ڕۆمانێك یان چەند چیرۆکێکمان بۆ ئەو شەڕە درێژە هەشت ساڵییە نییەو زۆر بڕواشم بەوە نییە کە زۆربەی ئەدیبانی ئێمە سەربازی ئەو جەنگە بووبن، هەندێکی کەم سەربازیش بووبێت سەربازێکی ڕاستەقینە نەبووە و بە دڵ شەڕی نەکردووە و هەمیشە خەونی بە مۆڵەت وەرگرتنێکەوە بینیووە تا ڕا بکات و خۆی لێ بدزێتەوە. لە ڕاستیدا لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا هێزێکی سەیر هەبوو کە قەت بڕوای بەوە نەبووە کە ئەو شەڕە شەڕی کوردە و دەبێت بیکات، ئەمە شەڕێك بوو کە بوو بوو بە تووش مرۆڤی کوردەوە و تێی کەوتبوو، کورد پێش ئەو شەڕە بەدرێژایی مێژوو خەباتی دەکرد بۆ مانەوە، شەڕێکی خوێناویتر لە یادەوەریماندا هەبوو بۆیە کەس نەهات بیکاتە شەڕی خۆی. نووسەرانی کوردیش نەهاتن بیکەن بەبابەتی ئەفراندن، ڕەنگە ئەمە بۆ نووسەرێکی عەرەبی عێراقی یان ئێرانی زیاتر جێگای تێڕامان بێت، لەلای خۆشمان چەند چیرۆکێك نووسران بە دڵم نەبوون، بەڵام چیرۆکێکی قازی ڕەبیحاوی، نووسەری گەورەی ئێرانیم خوێندەوە بەناوی چاڵ کە لە ١٩٨٢ دا نووسیبووی، هەتا بڵێی سەرسام بووم بە جوانییەکەی.

***چیرۆکی کوردی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە نوێبونەوەی بەخۆیەوە بینی ئەم گۆڕانە لە زمان، رووداو، گرێچنی، بابەت، دواجار فۆرم، لەنەوەدەکاندا چووە لوتکە، ئەوەی جێی سەرنجە هەموو ئەم گۆڕانانە لەئاست فرۆش و خوێندنەوەی چیرۆکدا کورتی هێنا، ئێوە پێتان وایە ئەو فیراقەی نێوان خەڵکی ئێمەو چیرۆك پەیوەندی بە چیرۆکنووسانەوە هەیە؟ یان نەخێر بۆخۆی ئەدەب هی نوخبە و چیرۆك نوخبەویترینیانە؟**

- جاریٚ با لەوێوە دەست پیٚ بکەم کە دەڵێیت چیرۆکی کوردی خوێنەری نییە، راست دەکەیت ئێمە خوێنەرمان نییە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی کە خەڵکی تاقەتی خوێندنەوەیان نییە یان تەممەڵن و شتی لەو بابەتە یان کتێب و روژنامە و گۆڤار ناکڕن، نا بەبڕوای من لەبەر ئەمانە نییە، لە راستیدا ئێمە خوێنەرمان نییە لەبەر ئەوەی کە چیرۆکی باشمان نییە، زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی هێندە خراپە کە شایانی ئەوە نییە بخوێنرێتەوە. من ئێستا لەو بڕوایەدام کە خۆێنەرمان نەبێت هی ئەوەیە کە دەقی چیرۆکی جوانمان نییە. با هەندێك نووسەریش گلەیی لەوە بکەن کە خوێنەر لە چیرۆکەکانیان ناگات، بەبڕوای من هەڵەیە داوا لە خوێنەران بکەین لە فێڵەکانی نووسین و نهێنییەکانی چنین و جوانییەکانی بیناکردن و بەرهەمهێنانی مانا و بەکارهێنانی تەکنیك بگەن، هیچ چیرۆکنووسێکی جیهانی هەڵەی وا ناکات شتی وا داوا بکات، بێگومان ئەم قسەیە تەوس و تەعلیق نییە لە کەس یان وا تێنەگەن کە من لەگەڵ نووسینی سادەدا بم بۆ خوێنەر، نەخێر، بەڵام دواجار ئێمەی نووسەر کە بمانەوێت





بەسەربەستی و بەدڵی خۆمان بنووسین، دەبیٚ هەمان ماف بدەینە خوێنەر ئەویش سەربەست بێت لە خوێندنەوەی، سەربەست بێت لەوەی بە دڵی بێت یان نا، گەر خوێنەر چیرۆکێکی وا نەبینێت کە چێژی لیٚ وەرگرێت، خەون و فەنتازیاکانی، ئازادییەکانی، ئازارەکانی، زەردەخەنە و یادەوەرییە شیرین و تاڵەکانی لە پاڵەوانەکاندا نەبینێتەوە، چی بکرێت و چی بخوێنێتەوە، پێم ناڵێیت؟ بۆ نوێبوونەوەی چیرۆکی کوردیش لە ناوەڕاستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، من وای نابینم کە ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەردا هاتبێت، ئێمە زۆرمان هەر درێژەمان بەو فرمێسك و پرسەیە دا کە لە نەوەکانی پێش خۆمانەوە بۆمان مابۆوە، لێرەوە نووسەری ئێمە پێویستی بەهێزێکی سیحرییە لەو فرمێسکە رووتانە و ئەو شین و رۆڕۆیە و ئەو پاڵەوانە چەقیوانە رزگاری بێت، چونکە بە هەموو مێژووی ئێمەوە لکاوە، من لە لای خۆمەوە پێش نووسینی چیرۆکی (نووسینەوەی درِك) و (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد) دوو ساڵ لە نووسینی چیرۆك وەستام، وەستام و سەرلەنویٚ کەوتمەوە خوێندنەوەیەکی قووڵی سەرتاپای چیرۆکی کوردی، هەر لەچیرۆکەکانی وەك (لەخەوما)، کۆمەڵەی (کوێرەوەری)، (شەبەنگەبەڕۆژ)، (دڵداری و پەیمان)و (پێکەنینی گەدا)و (لێوی ئاگرین)ەوەتا (گەلەگوورگ)و کۆمەڵەی (تەنیایی) و (پیرە پەپوولەکانی ئێواران)و (دووربین)و (سێبەری ئەسپەشیٚ) و زۆربەی زۆری چیرۆکی نەوەی نەوەدەکان، سەیرم کرد چیرۆکی کوردی هەتا بڵێی غەمگین و بێڕەنگە، پڕە لە فرمێسك و پاڵەوانێك کە تەواو تەسلیمی چارەنووسی خۆیانن و چەقیون لەناو رووداوەکاندا. هەندێك لەو چیرۆکانەی کە لە هەشتاکاندا پێیان

**سەرسام بووم ئێستا هەستدەکەم بەو شێوەیە بۆم ناخوێندرێنەوە. بێگومان هەندێك چیرۆك هەن کەژیانی واقعی دەرەوە وزەیەکی سیحری و سەرسوڕهێنەری پێدەبەخشن و جوانی دەکەن، نموونەش لەوانە هەردوو چیرۆکی (دووربین) و (دیدەنی)، من لێرەدا هەرچەندە ئەوەم لەبەرچاوە کە لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە لەو کاتەدا ژیانی نووسەر دەکەوتە مەترسییەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە جوانی چیرۆك ئەوە نییە لە دەرەوەڕا بۆنی بێت، بەڵکو تێکستی جوان ئەو تێکستەیە کە دەرەوەی خۆی جوان دەکات. هەر وەك مۆمێك کە بەوەوە جوانە کە تیشك و رووناکی دەبەخشێتە دەرەوەی خۆی، تێکستی جوانیش دەبێت ئەو خەمەی هەبێت. دەق ئەو دەقەیە کە دەرەوە دەوڵەمەندی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرەوەی خۆی دەوڵەمەند دەکات و رەهەندی بیرکردنەوەی تر و دەرگای تر دەکاتەوە، چونکە هەرچی چیرۆکێك کە جوانی لە دەرەوەی خۆی مژی ئەوا دوای نەمانی ئەو دەوروبەرە ئیدی چیرۆکەکە ئەو وزەو سیحرو جوانییەی نامێنێت، من ئێستا دوای زیاتر لە بیست ساڵ جارێکی تر دووربینم خوێندەوە، دیدەنیم خوێندەوە، سەیرم کرد نە دووربین لام ئەو چیرۆکەی جارانەو نە (خاوەر)ی دیدەنیش دەمگرێنێت، سەیرم کرد چیرۆکەکانی کۆمەڵەی(تەنیایی) جگە لە کۆمەڵێك پاڵەوان کە لە گریان زیاتر هیچی تریان پێ نییە بیدەنە خوێنەر و دەرەوەی خۆیان، فرمێسکێك کە هیچ شتێك ناخەنە سەر ئەم دنیایە و پاڵەوانێکن کە بەتەواوی تەسلیمی چارەنووسی رەشی خۆیانن، هەر تەواو وەك ئێمەی گەنجی ئەوسا، هیچ جیاوازییەکم لە نێوان ئێمە و**





**پاڵەوانەکانی (تەنیایی) دا نەبینی. ئەو چیرۆکانە کۆپی کردنی ئێمەبوون بۆ ناو لاپەڕەکان، بەڵام ئەو نووسەرە ئازیزانە چونکە نووسەرێکی بەتوانا بوون، ئەو کۆپیانەش کۆپییەکی چاك بوون، من ئەو دوو نووسەرەم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، چونکە دوو نووسەری چاکی ئێمەن و کارێکی زۆریان هەبوو لەسەر نەوەی تازە، بۆیە چ کۆپیکردنی واقع و چ چاوانی تەڕ و پڕ فرمێسك و پاڵەوانی تێکشکاو لای نەوەی ئێمە هەر ماوەو نەبۆتە پرسیارێکی گەورەو جدی، بۆیە بڕوا ناکەم وەك تۆ دەڵێی چووبێتە لووتکە، کەمێك گۆڕان لە فۆڕم و بابەتدا نایباتە لووتکە، کوا تەکنیك؟ کوا گێڕانەوەو چیرۆك؟ سەیرکردنیشمان بۆ زمان کوا گۆڕاوە؟ لە راستیدا مەسەلەی زمان لەناو چیرۆکدا هێندە زل کراوە کە هەموو لایەنەکانی تری چنین و تەکنیك و بابەتی کردۆتە پەراوێزەوە، زمانێکی جوان و پاراو لای ئێمە زمانێکی ئینشاییە کە بستێك بڕ ناکات و هەر بۆ بەیانی بیر دەچێتەوە، زمانی پاراو لەوێوە سەرچاوە وەردەگرێت کەنووسەر بێت و لە رستەکانیدا وشەی وا بەکاربهێنێت کە کەم کەس لەماناکانی دەگات و لەشوێنێك، لە لادێیەك، لە کونجێکی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت کە زۆربەی خەڵکی شار نەیانبیستووە، جا هەندێك نووسەر دێن و ئەم جۆرە وشانە دەخەنە ناو نووسینەکەیانەوە و ناتەواوی چیرۆکەکانی خۆیانی پێ دەشارنەوە. لەجیاتی ئەوەی تەکنیکێکی تازەو سەرنجڕاکێش بەکاربێنن، دێن و چەند وشەیەکی لەو بابەتە دەئاخنە رستەکانیانەوە و خوێنەری پێ چەواشە دەکەن، لە راستیدا ئەم سەیرکردنەی ئێمەش بۆ زمان مێژووییەکی دێرین و خوێناوی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، پاراستن و**

مانەوەی زمانی کوردی و شەڕی نووسەرەکانی لەگەڵ دوژمنەکانیدا کە دەیانەوێت بیسڕنەوە، من لێرەدا پێم باشترە سەرپێییانە قسە نەکەم و لە سیاق و رەوتی مێژوویی خۆیدا باسی بکەم بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەوە، گومانی تیا نییە کە نووسین بە کوردی رۆژێک لە رۆژان، وەک شتێکی پیرۆز سەیر کراوە، وەک تفەنگێک کە کەسێک هەڵیدەگرێت و پارێزگاری لەمانەوەی خۆی و نەتەوەکەی دەکات و دژ بە دوژمنەکانی دەجەنگێت، جەنگێک کە نووسەرانی بەقەڵەم شەڕیان کرد و هێندە درێژەیان پێ دا و هێندە کاغەزیان پێ رەش کردەوە کە ناخۆش بوو، بە جۆرێک کە نایانەوێت لەوە بگەن کە ئێستا ئەم تێڕوانینە بۆ زمان گۆڕاوە و ئەوان نایانەوێت لەوە بگەن و نایانەوێت بگۆڕدرێت. لە راستیدا جوانی زمان لەو مانایانەوە دێت کە دێڕەکان لە هەناوی خۆیاندا هەڵیدەگرن و دروستی دەکەن و دەیبەخشنە دەرەوە، ئاسۆی تر و مانای تری پێ دەدۆزنەوە و لە رووحماندا ماوەیەکی زیاتر دەیهێڵنەوە.





## دیداری: سێیەم

# چیرۆکی کوردی لە دەرەوە بێ شووناسە

**سازدانی: جەمال ئەحمەد جەمیل**

**رۆژنامەی ئاوێنە**

ئارام کاکەی فەلاح وەك چیرۆکنووسێکی کورد لە ئەورووپا دەژیو دەنووسێت. لە گفتوگۆیەکی ئاوێنەشدا تیشك دەخاتە سەر شووناسی چیرۆکی کوردی و تێکستی چیرۆکەکانیو رەخنەگرانی کوردو شووناسی چیرۆکی کوردی لە رۆژئاوا.

*** خولْقاندنی دەقێکی چیرۆك جۆرێك لە تایبەتمەندی فانتازیای پێوە دیارە، بە تایبەتیش لە زەمەنی نووسینی دەقی چیرۆکەکەدا، دەکرێت بزانین ئەو چرکەساتانە چۆن دەگوزەرێت کە دەقێکی چیرۆکی تیا دەنووسیتو چۆن ئەو دەقە لە یادەوەریتدا دروستدەبێت؟**

- زەحمەتە باسکردنی ئەو چرکەساتانەی کە دەقێکی چیرۆکی تیا لەدایکدەبێت، بەڵام لە مێشکی مرۆڤدا شوێنێك هەیە، ژوورێکی هەتا بلێی گەورە وەك مەخزەن وایە، پڕێتی لە رووداوی کۆنو سەرگوزەشتەی جۆراوجۆری سەردەمی منداڵیو بەسەرهاتو ئەزموونی رەنگاو رەنگ، ئەم جێگایە لای نووسەران سەرچاوەی نووسینو شوێنێکە تێکستەکان تێیدا لەدایکدەبنو بە زیندوویی دەمێننەوەو گەورە دەبن، لەناو یادەوەریدا دەقەکان دروست نابن، بەڵکو خۆیان هەر لەوێنو هەمیشە ئامادەن. تەنها چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە نووسەر بیانهێنێتو بیاننووسێتەوە، لە یادەوەریدا





دەقەکان ریزیان گرتووەو چاوەڕێی هاتنە دەرەوە دەکەن، وەك هەموو هاتنە دەرەوەیەکی دی، پێویستیان بە بەرگ پۆشینەو قژ داهێنانێکەو هیچی تر. فەنتازیا بەم کارە هەڵدەستێت، دێتو لە کاتی نووسینەوەدا فۆڕمێك دەداتەوە ئەو رووداوانە، بۆ نموونە، لە چیرۆکی وێنەکان دووبارە دەبنەوە، پیاوێك دوو کوڕی لەگەڵدایە هەمیشە باوکەکە لە پێشەوە دەڕواتو کوڕە گەورەکەی بە هەنگاوێك، دوو هەنگاو لەدوای خۆیەوە دەڕوات، کوڕەکەی تریش لەدوای برا گەورەکەیەوە دەڕوات، هەمیشە وا دێنە دوکانو هەرواش دەڕۆنەوە، ئەم دوو برایە هەردووکیان هاوڕێی منداڵی مننو هەمیشە پێم سەیربوو کە بەم شێوەیە دەڕۆنو قسەش لەگەڵ یەکدا دەکەن، لە یادەوەریمدا ئەم رووداوە ئامادەیەو نووسراوەتەوە بەبێ نووسین. وەك وێنەیەکی جولاو یان کلیپێکی ڤیدیۆیی کە هەمیشە لە گەڕانێکی بەردەوامدایە تا دێتە سەر کاغەز، فەنتازیا بە زمانە جیاوازەکانییەوە دێتو بەرگێکی تری لەبەر دەکاتو بە جۆرێکی تر دەینووسێتەوە، کە رەنگ بێت هەر تەواو جیاواز بێت لەوەی کە لە سەرەتادا لە یادەوەریدا هەبووە.

*** لە ئەزموونی چیرۆك نووسینی تۆدا، دیارترین رەگەز ئیشکردنتە بە فۆڕمێکی جیاوازی نووسین، ئەو جیاوازییەش لە زمانو تەکنیكو موفرەدەی چیرۆکەکانتدا دەردەکەوێت، ئایا بۆ ئەم جیاوازییە سوودت لە ئەزموونی هیچ چیرۆکنووسێکی پێش خۆت وەرگرتووە؟**

**- ئەو چیرۆکانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسیومن، بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە دوای کۆمەڵە چیرۆکی وێنەکان دووبارە دەبنەوە، تەواو ئەزموونێکی تازەن لە ئەزموونی مندا، هەر چیرۆکێك لەمانە بگریت لەناو یەك چیرۆکدا چەند چیرۆکێکی کورت هەیەو بە هەموویان یەك چیرۆك دروستدەکەن، سەختی نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە لە بەستنەوەی ئەم وردە چیرۆکانەیە بەیەکەوە، کە تەنها فەنتازیا دەتوانێت ئەم کارە بکات، بۆ ئەمەش تەکنیکێکی تازەی دەوێتو بەو تەکنیکە هەژارو کۆنەی چیرۆکی کوردی پێ دەنووسرێت، نانووسرێن. بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەزموونی چیرۆکنووسانی تر هەمیشە لەلام گرنگنو بەردەوام پڕ بایەخن، چیرۆکی جوان کارم لێدەکەنو کردوویانە، من وا بیر ناکەمەوە، کە بۆ ئەوەی نەوەی ئێمە جوان بنووسێت بێینو نەوەکانی پێش خۆمان لەیادبکەین. بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی جوان بنووسین دەبێت هەمیشە نەوەکانی پێش خۆمان لەبەرچاوبێتو بەرز رایگرین، بەڵام قەت وەك ئەوان نەنووسینو ئەوان دووبارە نەکەینەوە.**

*** گەر لە چیرۆکەکانت بڕوانین (کەسێتی، رووداو)ی کوردی دوو رەگەزی سەرەکین لە چیرۆکەکانتدا لەم رێگەیەوە تا چەند هەوڵتداوە شووناسی چیرۆکی کوردی بە خوێنەرو رۆشنبیری بیانی بناسێنیت؟ یاخود تۆ لە رۆژئاوا دەژیتو دەنووسیت، لە کاتێکدا خوێنەری تۆ لێرەیە، ئەمە جۆرێك لە دابڕانی تۆو خوێنەرەکەتی دروست نەکردووە؟**



شەڕە سپییەکان
ئارام کاکەی فەلاح

**- چیرۆکی کوردی لە دەرەوە هەتا بڵێین بێ شووناسە، لەم بارەیەوە زیاتر وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ زمانە بیانییەکان پەرەی پێدراوە، لەوەشدا زیاتر هاوڕێیەتیو ناسین دەوری سەرەکی بینیووە بۆ وەرگێڕان، نەك دەقی شیعری جوان، لێرەش هەروا دەبێت، هاوڕێیەکت هەبێت تا چیرۆکێکت بۆ دەکاتە عەرەبی، بۆ شکاندنی ئەو بارە دەبێت تۆ بازاڕێکت هەبێت تا بتوانی ئەو کتێبانە بفرۆشیت، کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئەورووپی، ئەو کەسەش کە وەریدەگێڕێت دەبێت پارەیەکی چاکی دەست بکەوێت، کە مافی تەواوی خۆیەتی لەگەڵ پاراستنی مافی نووسەر، هەتا ئەم شێوە کارکردنە نەیەتە کایەوە کاری وەرگێڕانی تێکستی کوردی بۆ زمانە بیانییەکان هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. من چەند چیرۆکم کراونەتە سویدیو ئینگلیزی، بەڵام هێندە کەمن کە لە باسکردن نایەن، لێرەدا شتێك هەیە دەمەوێت باسی بکەم ئەویش سەیرکردنی مرۆڤی ئەورووپییە بۆ ئێمە، سەیرکردنی ئەوان سەیرکردنێکی سیاسییانەیە، ئەوان پاڵەوانێکیان لێمان دەوێت کە زۆر بە زەقی باسی چەوساندنەوەو کوشتنو خەونەکانی مرۆڤی کورد دەکات، تێکستیان دەوێت کە بە ڕوونی باسی لێدانو کوشتنی کچانو ژنان بکات، نەك تێکستی جوانی هونەری لە ئاستێکی بەرزدا، کاری گرنگ لێرە ئەوەیە کە تێڕوانینی ئەورووپییەکان لەم بارەیەوە بگۆڕین، بەڵام ئێمە گەر بێینو تێکستی وا خراپیان بخەینە بەردەستو بەدڵی ئەوان بکەین، ئەوا قەت تێکستە جوانەکانمان نابیننو ناناسن.**

بۆ ئەوەش کە ژیانی من لە ڕۆژئاوایەو بە کوردی دەنووسمو خوێنەری من لێرەیە، ئێستا لە هەر قوژبنێکی ئەم دونیایەدا بیت، نووسەر دەتوانێت چی بوێت بینووسێتو بە چرکەیەك بیگەیەنێتە هەموو شوێنێك، ئینتەرنێت دنیای وا بچووك کردۆتەوە جیاوازی لە شوێندا بەو شێوەیە نەماوە، بەڵام بێگومان بۆ ڕۆژنامەنووسێك کە لە بارەی ڕووداوە ڕۆژانەییەکانو گەندەڵی سیاسییو شەقامی کوردییەوە دەنووسێت، بوونی لە وڵاتو لەناو ڕووداوەکاندا زۆر گرنگەو بێ ئەو ئامادەبییە ڕەنگبێت کارێکی ئەستەم بێت فریای هەموو شتێك بکەوێت، بەڵام بۆ نووسینی تێکستێکی ئەدەبی چی چیرۆك بێت یان ڕۆمانو شیعر لە هەچ قوژبنێکی ئەم دنیایە بیت، دەتوانیت بەکاری جوان هەمیشە ئامادەبیت.

*** لە چیرۆکەکانتدا جۆرێك لە گۆڕانو برەودان بە ئەزموونی چیرۆکنووسینی تۆ دەبینرێت، بەڵام تا ئێستا ڕەخنەگرانی کورد کەم لەسەر ئەم لایەنەی تۆ قسەیان کردووە؟ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- ئەم بارە تەنها منی نەگرتۆتەوە، با من بێمو بە جۆرێکی تر گوزارشتی لێبکەمو بەسەرهاتێك بگێڕمەوە، لە کۆندا نووسەرێك هەبوو کە بێدەنگییەکی تەواویان لە نووسینەکانی کردبوو، هیچ شتێکیان لەسەر نەدەنووسی، ئەویش زۆر تووڕە بوو، جنێوی بەو کەسە دەدا کە بەرهەمەکانی دەخوێنێتەوەو شتی لەسەر دەنووسێتو ئەوەشی کە لە داهاتوودا بەسەری دەکاتەوە، لەمەدا خواوەندەکان پشتگیرییان لێکردو





بڕیاریاندا ئەو کەسە بە نەفرەت بکەنو بۆ ماوەیەکی زۆر خەوی لێبخەن، لەپڕ پیاوێك کە ئاگای لەم بڕیارە نییە، لە دوورەوە دێت تێکستێکی ئەوی لەلا جوان دەبێتو لەسەری دەنووسێت، یەکسەر بەر نەفرەت دەکەوێتو خەوی لێدەکەوێت تا کاتێك بەئاگا دێتەوە، هێندە بەرهەمی لەبەردەمدا بێت کە فریای هیچ نەکەوێت، ئەو پیاوە تا ئێستاش هەر نووستووە.

ڕەخنەگری ئێمە لەو پیاوە دەچێت کە نووستووەو خەبەری نەبۆتەوە، نووسەری ئێمەش لەو نووسەرە دەچێت کە هەر تێکست دەنووسێتو کەس ئاگای لە بەرهەمەکانی نییە، لەوە دەچێت ئەم سەردەمە سەردەمی نووسین بێت بەبێ خوێندنەوەو کەشف کردنی جوانییەکان، ئێمە تێکستی زۆر خراپمان هەیە کە بەکەڵکی خوێندنەوە نایەن، گرفتەکەش لەوەدایە کە تێکستە جوانەکانیش ناخوێندرێنەوە، من خۆم لەگەڵ خوێندنەوەی هەموو تێکستێکدام، چ باش چ خراپ، گەر نووسینێك خراپ بێت با بێینو ناشیرینییەکانی کەشف بکەین، کەشفکردنی ناشیرینی جۆرێکە لە کەشفکردنی جوانی، کەشفکردنی جوانییەکانی تێکستێکی باشیش جۆرێکە لە کەشفکردنی ناشیرینییەکانی تێکستێکی خراپی تر، ئەمە جۆرێکە لە یاریکردن، ئەو کەسانە دەیکەن کە لە یاساکانی ئەم یارییە دەزانن، ئەو کەسانەش کە خەریکی دنیای نووسینن مەحکومن بەم یارییەو ڕێساکانی ئاستی بەشداریکردنی.

ئەو کەسانەش کە دەنوونو خەبەریان نەبۆتەوە، لە دۆڕاندنی ئەم یارییەدا بەشدارن، ئەوە تەنها مێژووی ئەدەبە کە حوکمی ئەوە دەکات کە کێ نووستووەو خەبەری بۆتەوە، کێش قەت نانوێت.

**دیداری:چوارەم**

## ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەی گروپە، ڕەخنەی ڕێکەوتنە لەسەر تێکستەکان

**سازدانی: ئیدریس عەلی**

**گۆڤاری ئاینده، ژمارە ٧٥**





**بەشداری نەکردنی ڕەخنە لە پرۆسەی ئەدەبیدا کاریگەری نێگەتیفی لە سەر ڕەوتی گەشەکردنی ئەدەبیمان داناوە بەو مانایەی لە غیابی ڕەخنەی جیدیدا، تێکستی ئەدەبی جوان و کرچ و کاڵ لە تەرازووی یەك ئاستدا پێوانە دەکرێن و دەخرێنە بەر تیشکی خوێندنەوە. بەدەر لەو بابەت و نووسینە سازشکارانە ی کە لە رابردوو و ئێستادا کراون، ئایا ئێمە ژانرێکمان هەیە بە ناوی ڕەخنەوە؟ ئەگەر هەمانە کامانەن و لە چ ئاستێکدان؟ یاخود ئەگەر ئێمە خاوەنی ژانرێکین بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، تا چەند توانراوە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ئاوڕ لە دەقە نەمرەکان بدرێتەوەو جیاکارییەك لە نێوان دەقی باش و خراپدا بکرێت؟**

-بۆ خوێندنەوەی ئێستای باری ڕەخنەی کوردی پێوستمان بە چەمکێك هەیە کە لە سەدەی نۆزدەدا بەکارهاتووە، کەم تا زۆر دوای دووسەد ساڵ بێ دوودڵی بەکارهێنانی ڕەوایە، ئەویش ڕەخنەی پریڤات یان ڕەخنەی ( تایبەتی ) یە . ڕەخنەگری فەرەنسی (سانت بێڤ ١٨٠٤_ ١٨٦٩ ) کە بڕوای وا بوو مادام مرۆڤ ئەدەب دەنووسێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناکرێت ئەم نووسراوانە لەو بوونەوەرەی کە ناوی مرۆڤە جیابکەینەوە. ئەو باوەڕی وابوو کە هەر تێکستێکی بۆ خوێندنەوە بدەیتێ ناتوانێت چێژ و خۆشی لێ وەربگرێت و ناکرێت قسەی لەسەر بکات تا نەزانێت نووسەرەکەی

کێیە؟ ئەمە دوای دووسەد ساڵ پڕاو پڕ بۆ باری ئێستای ڕەخنەی کوردیمان دەگونجێت. ئەو خولیای ناسین و تایبەتییە ڕەخنەی ئێمەی کوشتووە، چونکە کولتووری ئێمە کولتووری گروپە (کولتووری کۆ) یە، کەس بە ناوی تایبەتی خۆیەوە قسە ناکات، کە قسەش دەکات بە تەنیا نایکات، ئەوا ئەم جۆرە سەیرکردنە بێ ئاگا چۆتە ناو ڕەخنەوە . ئەم جۆرە سەیر کردنە نایەڵێت تێکست بە تەنیا وەك تێکست ببینرێت، بەڵکو تێکست وەك سێبەرێك لە دوای نووسەرەکەوە دەبینرێت، لەم شێوازی ڕەخنەیەدا ئەوەی یەکەمجار دەبینرێت بکەرەکەیە، ئینجا سێبەرەکەی، نووسەرەکەیە ئینجا دەقەکەی. بۆیە ئەم کولتوورە زیاتر باسی نووسەر و پەیوەندییەکانی بە ژیانەوە دەکات، وەك باسکردنی تێکستی نووسەرێك و پەیوەنییەکانی بە مرۆڤ و جوانی و گەردوونەوە. ئەوەی لێرەدا زیانی لێ دەکەوێت تێکستەکەیە ئینجا خۆینەران و ئینجا نووسەرەکە.

ئەم شێوازی ڕەخنەی (پریفات)ە کە دووسەد ساڵ پێش ئێستا لە ئێستای باری ڕەخنەمان زۆر لە پێشتر بووە. ئەوان بڕوایان وا بوو کە بۆ ناسینی نووسەرێك دەبێت ڕەخنەگر بێت و لە هەندێك بابەتی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی دا قووڵ بیتەوە و بە هەندێك ئەنجام بێتە دەرەوە بۆ ئاسانکردنی لایەنە قووڵەکانی نووسەر کە لەناو تێکستەکەدا بە ئاسانی نادۆزرێتەوە، بەڵام لای ئێمە ئەم قووڵ بوونەوەیە بە شتە تایبەتییەکانی نووسەرەوە دەبەسترێتەوە، لەم بارەدا لای ئێمە گرنگە بزانی ئەم نووسەرە سەر بە چ لایەنێکی حزبییە و لە کوێ فەرمانبەرە و کێ پارەی مانگانەی دەداتێ.





لایەنێکی تریش هەر لە ناو ئەو کولتوورە (کۆ) یەی کە باسم کرد دەرناچێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەی گروپە ، ڕەخنەی ڕێکەوتنە لەسەر تێکستەکان، ئەم ڕێکەوتنەش لە دەرەوەی تێکستەکان ئیمزا دەکرێت نەك لە ناو تێکستەکاندا. لێرەوە زەحمەتە شتێك هەبێت ناوی راڤەکردن بێت .هەر لێرەشەوە وەڵامی ئەو پرسیارەمان چنگ دەکەوێت کە بۆچی قوتابخانە ڕەخنەییەکان نەهاتوونەتە ناو ڕەخنەی کوردییەوە و کەم تا زۆر بەکار نەهاتوون، لە لایەکی ترەوە باری سیاسی ئێمە کە بارێکی ناجێگیر و ئاڵۆزە و وا کۆنترۆڵی هەموو بارەکانی تری کردووە کە وای لە مرۆڤی ئێمە کردووە ئەو تێکستانە نەبینێت، بیشیبینێت بە قووڵی نەیخوێنێتەوەو راڤەی نەکات. ئەم بارە وای لە هەندێك کەس کردووە کە زیاتر ڕەخنەی سیاسی بنووسن کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە نووسینی ڕەخنەی ئەدەبی ئاسانترە، لە لای ترەوە غیابی ڕەخنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕەخنەگرێکمان نییە کە تەنیا و تەنیا ڕەخنەی ئەدەبی بنووسێت و تایبەت بێت بەوەوە و تێکستە باشەکانمان یەك لە دوای یەك بۆ راڤە بکات، بەڵکو ڕەخنەش وەك وەرگێڕان دەبینێت و سەیر دەکات. هەندێکجار دەقێك وەردەگێڕێت ، هەندێکجار لە سەر تێکستێك دەنووسێت و تاقەتیشی بوو باسی گەندەڵی دەکات، لە شوێنێکیش زور نامرۆڤانە کچێك دەکوژرێت، بۆ ئەوەی بە بێ هەڵوێست لە قەڵەم نەدرێت شیعرێکی بۆ دەڵێ، وەك دەبینی شتەکان وا تێکەڵاو بوون نایەڵن ڕەخنەگری ئێمە لەدایك ببێت.

بۆ چارەسەری ئەوەش دەبێت ئێمە خۆمان لەو پاشخانە پاك بکەینەوە، ئەوەش بە خوێندنەوەیەکی چڕ و هەمە لایەنی نەبێت نایەتە دی، دەبێت تێکست بە قووڵی ببینین و بە قووڵی بخوێنینیەوە، نەك نووسەر ببینین و بە وردی سەیری بکەین، دەبێت گوێ لە تێکستەکە بگرین بزانین چیمان پێ دەڵێ نەك گوێ لە خەڵك بگرین بزانین ئەوان چ پێناسەیەکیان بۆ نووسەرەکە هەیە.

دەبێت بە لایەنی کەمەوە گۆڤارێکی مانگانەمان تەنها بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و راڤەکردن هەبێت، وا نەبێت ئەو تێکستە جوانانە نابینرێن و گەنجەکان دەرناکەون. ئێمە کەسانێکمان هەن کە بە جوانی و بە قووڵی ئەو قوتابخانە ڕەخنەییانە دەناسن، دەبێت ئەو ئازیزانە ئەو لایەنە دەوڵەمەندەی خۆیان فەرامۆش نەکەن دەنا بارەکە خراپتر دەبێت.





## دیداری:پێنجەم

**تێکستی جوان هەمیشە سەفەرێکی جوانە، هەمیشە ون بوونێکی جوانە و هەمیشەش دۆزینەوەیەکی جوانە.**

سازدانی: توانا ئەمین.

ئەگەر زمان چەکێکی گرنگ بێت، کە نووسەر لە بەرامبەر دەسەڵاتی مێژوودا پەنای بۆ دەبات، ئەوا جوگرافیا چەکێکی دیکەیە، گرنگی شوێن لە زەینی نووسەر و جێهێشتن و خۆگرتن لە شوێنەوە. نووسینەوەی شوێن و هەڵهاتن لێی، مەنفا و یادەوەری، مەنفاو کاراکتەری موسافیر، موسافیرێکی نووسەر، نووسەرێک کە لە ناشوێندایەو شوێنیش دەنووسێتەوە، نووسەرەکان و قەیرانی ون بوون و خۆدۆزینەوە لە مەنفا. بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری پشت ئەم دێڕانە، ئێمە سەرنجمان لەسەر یەک پرسیار تۆخکردەوە، نوخبەیەک لە نووسەرانی کوردی مەنفاشمان هەڵبژارد، تا لە ئەزموونی خۆیانەوە پەیوەندی نێوان تاراوگەو نووسەر بنووسنەوە، (ئەگەر ون بوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێک بێت، نووسەر جودا لە خەڵکی تر چەندێک لەو پشکەی بەردەکەوێک؟ بەمانایەکی تر مەنفا بۆ نووسەران چەندێک شوێنی خۆدۆزینەوەیە، چەندێکیش جێگای ون بوونە؟

- گەر ون بوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێک بێت، ئەوا بۆ هەندێک نووسەران دۆزینەوە بەشێکی گەورەتری هەموو سەفەرێکیشە. سەفەر یەکێکە لە جوانترین ویستەکانی مرۆڤ. گرنگە مرۆڤ بزانێت لەودیو سنوورەکانی خۆیەوە، لەو دیو شار و وڵاتەکەی خۆیەوە کێی لێیە و چی لێیە و چ باسە؟ بەڵام دەبێت رۆحی خۆت بە هەندێک شت پڕ چەک





بکەیت، دەنا بە پەشیمانی دەگەڕێیتەوە. من لێرەدا دەمەوێت کەمێک باسی سەفەر بکەم، بەڵام هیوادارم ئەم نووسینەم بەوە نەدرێتە قەڵەم کە هانی گەنجەکان بدەم بۆ سەفەر، نا، من وا ناکەم، من تەنها وەک نووسەرێک باسی ئەزموونی خۆم دەکەم، سەفەر چی بە من بەخشی و چی لێ سەندمەوە؟ دوای بیست ساڵ غوربەتی و ژیانی تاراوگە ئیدی سنووری ئەم بەخشین و لێسەندنەوەیە هێندە بە چڕی دەچن بە ناویەکدا کە پرسیارێکی وا لە ئاستیاندا هێزێکی زۆرتری دەوێت تا ئەو دوو دنیا ئاڵۆزە لە یەکتری جیا بکاتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە سەفەر و ئەنجامەکانی دەبێت ئێمە بزانین کێ سەفەر دەکات؟ چونکە سەفەر و ژیانی مەنفا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نووسەران لەگەڵ ئەوانەی کە نووسەر نین جیاوازن، لە نێوان نووسەران خۆشیاندا دیسانەوە جیاوازە. چونکە سەفەر کردەیەکی (تاک)ە. بۆ ئەو نووسەرانەی کە ناتوانن لەو وڵاتەی کە سەفەری بۆ دەکەن بە باشی فێری زمانەکەیان بن زۆر زەحمەت دەبێت و مەنفا لای ئەوان هەر تەواو دەبێتە ئەو دۆزەخەی کە رۆژ دوای رۆژ ئاگرەکەی بە جۆش تر دەبێت و بە تینتر دەتسووتێنێت. بۆ نووسەرانێک کە رایان وابێت کە شار و وڵاتەکەیان بەهەشتێکی تاکە و لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە دووبارەی نییە، کە هەستدەکەن جوانترین شاریان هەیە، سەوزترین وڵات و پاکترین هەوا بۆ هەڵمژین و سازگارترین ئاو و بەتامترین خواردن، ئەم شتانەش تەنها لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەست دەکەوێت ئەوا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زەحمەتە لە

هیچ شوێنێکی تر بژی و بنووسێت، گەر واشی کرد ئەوا تێکستەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك و شیوەن.

ئەو کەسانە جوانی تر کەمتر دەبینن، مرۆڤ دەتوانێت وڵاتەکەی خۆی بە ناشرینییەکانییەوە خۆشبوێت هەوڵ بدات بۆ گۆڕینی ، نەك وا هەست بکات ناشرینی تیا نییە و هەموو شتێکی جوانە ، ئەم دیدە ناتوانێت سەفەر بکات، سەفەریش بکات زوو دەگەڕێتەوە، نەشتوانێت زوو بگەڕێتەوە ئەوا هەموو شەوێك بەو نیازەوە سەر دەکاتە سەر سەرین کە بەیانی دەگەڕێتەوە، ئەم دیدە ناسیۆنالیزمە لە مێژووی ئێمەدا لای حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و شێرکۆ بێکەس هەر تەواو بەرجەستەیە.

ئەم سێ شاعیرە گەورەییەی ئێمە مەنفایان لێ دەبێتە دۆزەخ و لەوێوە گۆرانی خۆیان دەڵێن و فرمێسك هەڵدەڕێژن. لەم بارەیەوە بێگومان ونبوون بەشێکی هەرە گەورەی سەفەرە و هیچ شتێك پڕی ناکاتەوە.

بۆ کەسانێکی تر کە بتوانن لەو وڵاتانەدا کە سەفەری بۆ دەکەن فێری زمانێکی باش بن و خۆیان بگونجێنن و بناسرێن و ئیش بکەن و بێنە سەر تەلەفزیۆن و رادیۆکان و کتێبەکانیان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکەی ئەو وڵاتە و تێڕوانینی خۆیان بگۆڕن و دەوڵەمەند بکەن جوانی وڵاتانی تر و شارانی تر ببینن و سوود لەو زەخیرە گەورەیەی فیکر و ئەدەبی ئەوان وەربگرن، بێگومان لەم بارەدا خۆدۆزینەوە، دەبێتە بەشێکی گەورەی سەفەر. ئەو نووسەرانە شار و وڵاتەکەی خۆیان خۆشدەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا جوانی و سەوزایی و سازگاری وڵاتانی تر ببینن بڕوایان پێ





بێت ، تا بتوانن ئەزموونی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن بۆ نووسین و ئەفراندن.

ئێستا ئیدی دنیا وەك جاران نییە ، سەفەری ئێمە وەك سەفەری حاجی قادر و نالی و پیرەمێرد نییە ، کە ئەمانە سەفەریان کرد هەر بە تەواوی لە دنیای کورد پچڕان و وەك نالی تەنها شنەبای پۆستەچی دەتوانێت نامەکەی بێنێتەوە بۆ سلێمانی.

ئێستا ئیدی ئێمە پێویستمان بە سروەی شەماڵ نییە نامە و دەقەکانمان بگەڕێنێتەوە وڵات، ئینتەرنێت باشترین و خێراترین پۆستەچی سەر ئەم ئەستێرەیەیە ، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە نایەڵێت ونبوون ببێتە بەشێکی گەورەی سەفەر.

ساڵانی یەکەم و دووەم و سێیەم زەحمەتترین ساڵانی مەنفایە کە تیایدا نووسەران هەستدەکەن کە دەستیان بەستراوەتەوە و ناتوانن وەك جاران بنووسن، بۆ ئەمەش کاتێك کەمێك فێری زمانی ئەو وڵاتە دەبن کە لێی دەژین یەکسەر دەست بە کاری وەرگێڕان دەکەن بە بێ ئەوەی زمانێکی تۆکمە و باش بزانن. دەست کردنیش بە وەرگێڕان دژە کردارێکە کە نووسەران پێی هەڵدەستن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ون نەبوونە. کە نەخنکاون (من کاری وەرگێڕان دەکەم .. کەواتە هەم) ، کاری وەرگێڕانێکی کرچ و کاڵ یان دەرکردنی گۆڤارێکی خراپ دەرگایەکی وەهمییە و نووسەری ئێمە دەیەوێت بە هۆیەوە بێتەوە بۆ ناو دنیای نووسینی کوردی. دونیایەك کە لێی کەوتووە و نازانێت چۆن بیدۆزێتەوە ، رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی وڵات کە بۆ ئەو رۆژێك لە رۆژان مەڵبەندی دڵنیایی بوون،

ئیستا رۆژ بە رۆژ دوورتر دەکەونەوە، ئەو کاتەی من هاتمە دەرەوە، ناردنەوەی نووسینێك لە مەحاڵ دەچوو.

زۆربەی بەرهەمەکانم بۆ گۆڤاری (یەکگرتن) دەنارد، ئەو گۆڤارە بۆ زۆربەمان یەکێك بوو لە گۆڤارە گرنگەکان و پەنجەرەیەك بوو بۆ هەناسەی پاك. لە دوای راپەڕینیشەوە، دنیا گۆڕا و سەردەمێکی تر هاتە پێشەوە کە بە قووڵی ماناکانی سەفەر و مەنفای گۆڕی. من دەزانم کە مەنفا و مەنفی بوون کۆمەڵێك دەموچاویان هەیە و مەرج نییە هەر بە سەفەر و دوورەوڵاتییەوە ببەسترێنەوە.

بەڵام پرسیارەکە وام لێ دەکات کە تەنها باسی ئەو جۆرە مەنفایە بکەم کە لە سەفەرەوە دێت. دوای راپەڕین دەرگاکان لە سەر نووسەرانی دەرەوە کرانەوە، بە هەمان شێوەش لە سەر نووسەرانی ناوەوە، زۆربەی زۆری گۆڤارە کوردییەکانی دەرەوە وەستان، دوای یەکگرتنی هەردوو گۆڤاری یەکگرتن و ئازادی، رەهەند ئەو پەنجەرەیە بوو کە بە هۆیەوە هەناسەمان دەدا، ئەو گۆڤارە زۆر شتی جوانی بە ئێمە بەخشی.

بێمەوە سەر ون بوون، سەفەر چەندێك دۆزینەوەیە بۆ نووسەران ئەوەندەش ون بوونە، چونکە نووسین خۆی چەندێك دۆزینەوەیە ئەوەندەش لە ناو تێکستی جواندا سەفەر و ون بوونە، تێکستی جوان هەمیشە سەفەرێکی جوانە، هەمیشە ون بوونێکی جوانە و هەمیشەش دۆزینەوەیەکی جوانە. کەمن ئەو نووسەرە کوردانەی کە هەمیشە لە نێوان دۆزینەوە و ونبووندا خوێنەران دێنن و دەبەن، کەمن ئەوانەی کە هەمیشە پرسیار دەکەن و ناگەنە وەڵامەکانی خۆیان، چونکە هەر کە گەیشتی بە





وەڵامەکان، گەیشتی بە یەقین، ئەوا ئیتر مەنفا و نووسینی تۆ سیمایەکی تر وەردەگرێت، سەفەری تۆ پێناسەیەکی تری دەبێت. سەفەر و نووسین زۆر لە یەکەوە نزیکن و زۆر شتی هاوبەشیان تێیایە. لە هەناوی هەردووکیاندا دوودڵییەکی زۆر هەیە، حەزێکی زۆر، خەونێکی زۆر، شەڕێکی زۆر. غەم هەیە و شادی هەیە، گێڕانەوە و حیکایەت هەیە. لە هەردووکیاندا هەستی تەواو دەکەیت بە تەنیایی. بە ماندوویتی.. بە گەڕانێکی بەردەوام .. بە دۆزینەوەی شتە شاردراوەکان، بەوەی کە تۆ هەمیشە نەگەیشتووی بە ئەنجام. ئەزمونی سەفەر و هەستی تاراوگەی من دوای چەند ساڵێکی زۆر پێم دەڵێن کە من ئیتر کوڕی هەموو دنیام، هەموو شوێنێك ماڵی منە و کەچی لە هیچ شوێنێك ناحەوێمەوە، نە لە دەرەوە و نە لە وڵات، نە لە ستۆکهۆڵم و نە لە سلێمانی. ئەمە ئەو شتە نهێنییەیە کە سەفەر لێتی دەسەنێت بە بێ ئەوەی بە خۆت بزانی، وەك ئەوەی دەست بکات بە گیرفانتدا و تۆش خەیاڵ بردبێتییەوە. بە بێ ئەوەی بزانی کەی لێی بردی؟ چۆن بردی؟ تەنانەت بە بێ ئەوەی بزانی کە چی لێسەندوویت و چی پێداویتەوە، ئەمە ئەو گرەوەیە کە دەیدۆڕێنی، نازانی چیت دۆڕاندووە، خەیاڵی دۆڕانێك کە هەمیشە لێت نابێتەوە، بە بێ ئەوەی بتەوێ لە نووسینەکانتدا رەنگدەداتەوە، دادەنیشی و بە هێمنی بیر لە دۆڕاندنەکان دەکەیتەوە، دۆڕاندنەکان کۆمەڵێك دەموچاویان هەیە، وەك ئەمیبا شێوەیان دەگۆردرێت و نایانناسیتەوە.

بەڵام لەولاوە تۆ رۆحت دەوڵەمەندترە، کۆمەڵێك زمان دەزانی و هێمنتر و جوانتر سەیری دنیا و شتەکان و پەیوەندییەکان دەکەیت، هەرچەندە دڵت

ناسکتر بۆتەوە، بەلاّم هەلّچوونەکەی جارانت نەماوە. کتێبخانەکەت پڕە لە کتێبی چاك، کتێبێك کە هەفتەیەکە لەو پەڕی دنیاوە کەوتۆتە بازاڕەوە، گەر توانای کڕینیشت نەبێت ئەوا بە تەلەفۆنێك دەتوانی لە کتێبخانەی شارەکانی تریشەوە قەرزی بکەیت، وەك دەبینی هاوکێشەی سەفەر گەر لە تیۆریدا جولاّندن بێت لە خالّێکەوە بۆ خالّێکی تر، ئەوا لە پڕاکتیکدا چوون بە یەکدای کۆمەلّێك دنیایە کە تەنها ماندووبوون و پێگەیشتن و زۆرخوێندنەوەی خۆت ئەو پەنجەرانە دەکاتەوەو دادەخات، هاوکێشەی سەفەر لە مانا سیاسییەکەیدا راکردن بێت لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی تر، ئەوا لە بارە ئەنتۆلۆژییەکەیدا تێڕامانێکی وردە لە پێکهاتەی ئاوێنەکانی خود و ئیرادەی ئەو خودە، گەر هاوکێشەی سەفەر لە مانا دەرونییەکەیدا راکردن بێت لە تەنیایی، ئەوا لە مانا ئەزموونی ژیانەکەیدا کردنەوەی هەموو دەرگاکانە لە سەر ئەو خودە.





## دیداری شەشەم

## لە بیستەکانەوە تا حەفتاکان چیرۆکی کوردی لە هەژاری و ناسنامەی نەتەوایەتی زیاتر باسی هیچ ناکات

سازدانی: رەوشت محەمەد

پاشکۆی (ئەدەب و هونەر) ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ

ئارام کاکەی فەلاح دەیەوێت لە کۆلانێکی ترو بە رەنگێگی تر بمانباتەوە لای چیرۆك، بە رای من ئەوەش یەك لەو تایبەتمەندییانەیە کە دەبێت داهێنەر لەهەر کوێو لە هەرکاتو تەمەنێکدا بێت بیدۆزێتەوە. چیرۆکەکانی ئەو جۆرێکی تر هەلدەزنێن، چنگێك لە عاتیفەو چنگێکیش لە ژێری خوێنەرەکانی گیر دەکەن، ئەو چیرۆکی کوردی بە پالەوانی تازەو بە گرێی تازەوە هێنایەوە، جێی خۆی بوو کە بە چەند پرسیارێك ئارام بهێنینە قسە تا شتێك بخەینە سەر باسەکانی چیرۆك.

*لە بەرامبەر ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی تردا، شیعر زیاترو فراوانترە ، یان بلێین بە راست داگیرکارترە. تۆ تەماشاکە بەبێ گوێدانە سنووری فۆرمە ئەدەبییەکان زۆرجار شیعر لە نێو هونەرەکانی تریشدا خۆی نومایان دەکات، ئەمە دەربارەی فراوانیی شیعر، لە بارەی ئەوەش وتمان داگیرکەر، دەبینیت شیعر پانتایی رۆشنبیریی کوردی داگیرکردووە. بەو حوکمەی کە ئێوە زیاتر لەگەڵ چیرۆکدا یارن، (راستە کە شیعر سەردارو گەوهەری هونەرەکانە)؟





- من چیرۆکنووسم و دەڵێم نەخێر، نەخێر شیعر سەردارو گەوهەری هونەرەکان نییە ، ئەو بۆچوونە بە هەڵە تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە چەند پارچە شیعرێك دەنووسن و پاڵی لێدەدەنەوەو وادەزانن کە هەموو هونەرەکانی دنیایان لە ژێر دەستایە. خەڵکانێك دنیایان پڕکردووە لە دێڕی ناشرین و خراپ. لە راستیدا لە ناو ژانرە ئەدەبیی و هونەرییەکاندا پلەو پایە نییە ، بەڵکو جوانی هەیە ، ئەفراندن هەیە. جاری واهەیە پارچە مۆسیقایەك کە چەند چرکەیەکە ، لە دوو سێ دیوان زیاتر دەتهەژێنێت، چیرۆکێك لە ژێر سەرینەکەتدا تا دەیەها جاری نەخوێنیتەوە دڵت ئاو ناخواتەوە ، کامان چەند رۆمانێکمان لە ناو دڵماندا هەڵنەگرتووەو لەو باوەڕەشداین کە هەموو تەمەنمان لەوێدا بمێنێتەوە ، یان پارچە شیعرێك هەر دەڕۆین و لە بەر خۆمانەوە دەیڵێینەوە. لە ناو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا ئاڵوگۆری گەورە هەیە ، چەند شیعر لە ناو چیرۆك و رۆماندا هەیە ، ئەوەندەش مۆسیقا هەیە ، چەندی مۆسیقا لە شیعردا هەیە ، ئەوەندەش گێڕانەوەو چیرۆك هەیە ، مۆسیقا ، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، شانۆ، وێنەگرتنی کامێرا ، پڕن لە دێڕو خەیاڵی جوان. وەك دەبینی هەموویان پڕن لە یەکتری بێ یەکتر بوونیان مەحاڵە.

* ئەو خەسڵەتە داگیرکارییەی شیعر دیوی سلبیشی زۆرە، بەدەر لەوەی کە شیعر ئێستا لە کوردستاندا بووەتە هونەرێکی دەستەمۆکراو، لە لایەکی ترەوە رەخنەی کوردی وا بێهێزو بێچاو کردووە کە تەنها شیعر دەبینێت. ئەو تاك بینییەی رەخنەی کوردی وای کردووە کە بەشی زۆری

خوێنەوارانی کورد کە باسی شیعری نوێ دەکرێت یەکڕاست بیری بۆ گۆران و شێخ نوری شێخ سالح دەچێت، کە ئەم ناوانە شیعریان نوێ کردۆتەوە، بەڵام کەمترین خوێنەرانی کورد سەر لە چیرۆکی نوێ دەردەکات و لە باسی چیرۆکی نوێدا بیری پەرت دەبێت. لە نێو ئەو پێشەکییەی سەرەوەدا دوو پرسیار پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە. یەکەمیان.. بۆچی رەخنەی کوردی زیاتر یەخەی شیعر دەگرێت؟ دووەمیان.. چەمکی (چیرۆکی نوێی کوردی)، ئەم ناوە تا چەند لە واقیعدا خاوەنی ناوەرۆکەکەیەتی؟ چیرۆکی هونەریی ئێمە لە چ مێژوویەکەوە لە حیکایەتەکان جیا دەبێتەوە؟

- ئەوەم بە دڵە کە دەڵێی یەخەی شیعر دەگرێت، ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە وەزعیان لەگەڵ یەکتردا باش نییە، منیش لەوەدا لەگەڵتام. لە راستیدا لای من رەخنەی کوردی بە گشتی ماوەیەکی زۆرە ونە. من لە شوێنی تریش باسی نەبوونی رەخنەم کردووە بێگومان لەملاو ئەولا دەنووسرێن، هەندێکجاریش زۆر باشن، بەڵام هێندە کەمن کە لە خانەی نەبوواندان. لەوەش گرنگتر ئێمە رەوتێکمان نییە بۆ رەخنە، رەوتێکی روون. یەکێك بێت و بەهۆی ئەو قوتابخانە رەخنەییانەوە ئەو تێکستانەمان بۆ شیبکاتەوە، یەکێك بێت و تاقیکردنەوەکانی خۆیمان پێ بناسێنێت و نەترسێت و پڕچەك بێ بە تیۆرییەکان، یەکێك بێت بەس تەنها خەمی تێکستەکەی بێت، نەك دڵی پڕ بێت لە رق و شتی تایبەتی و زمانی لە جنێو، بەڵکو قەڵەمەکەی پڕ بێت لە سەرکێشی و خەیاڵی لە سەفەر بە ناو تێکستەکاندا، ئێمە ئەمەمان نییە. لە راستیدا رەخنە تەنها بەوە ناژی کە باسێکی تێکستەکان بکات، بەڵکو رەخنە کۆمەڵێك میتۆدی زۆری





هەیەو بە هۆی میتۆدەکانییەوە خۆی بڵاودەکاتەوەو خۆی بەهێز دەکات، خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات چ لەگەڵ تێکستەکەداو چ لەگەڵ خۆینەردا. با رەخنە ئەو ناوەشی هەبێت، خۆ نابێت رەخنەگر هەر بێت و رەخنە بگرێت، بەڵکو دەبێت لە هەندێك شوێنەوە بچێتە ناو تێکستەکەوە کە نەدەرگای هەیەو نەپەنجەرە، چەندی نووسین پێویستی بە خەیاڵ و فەنتازیا هەیە، هێندەی ئەوەش رەخنە پێویستی پێیەتی. رەخنەی ئێستا تەنها بەس نییە کە پێمان بڵێت کە ئەم دەقە چی دەڵێت، هەرچەندە ئەمە یەکێکە لە وەزیفە سادەکانی، بەڵکو رەخنە دەبێت پێمان بڵێ کە ئەم تێکستە چی وتووە کە نەیوتووە، چی نەوتووەو دەبوایە بیڵێ، چی مەبەست بووەو شتی تری وتووە، دەبێت رەخنە پێمان بڵێ کە ئەگەر وای بوتایە چۆن دەبوو، ئەی بۆ وای نەوت، چی وای لە تێکستەکە کرد ئەم ئاراستەیە وەربگرێت، خوێندنەوەی ئەم تێکستە بۆ دەوروپشتەکەی چۆنە، بۆ زەمەنەکەی خۆی، بۆ مێژووەکەی خۆی چۆن دەکەوێتەوە؟ دەبێت رەخنە شەڕەکانی خۆی بۆ خوێنەر بەهۆی شەڕەکانی دەقەکەوە بخاتەڕوو، دەبێت رەخنە سەرەتاتکێ نەکات لە تێکست، بەڵکو هەر لە یەکەم دێڕەوە بە هەموو قورساییەکی خۆیەوە بچێتە بەردەمی، ئەوەی رەخنەی ئێمە ئێستا دەیکات تەنها سەرەتاتکێیەکی شەرمنانەیەو هیچی تر، نەك خوێندنەوەی ئەگەرەکانی تێکست. بۆ چیرۆکی نوێی کوردیش کە لە شێوەی گێڕانەوەی حیکایەت خۆی جیا کردبێتەوە، نەك لە حیکایەتەکان، چونکە من خۆم زۆرم پێ باش نییە کە چیرۆك لە حیکایەتەکان خۆی جیا بکاتەوە، ئەوەی کە جیا دەبێتەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی گێڕانەوە کە وەك حیکایەت سادەبێت،

**بەمپێیە بێت تەنانەت چیرۆکەکانی سالآنی حەفتاش، هەر ناتوانین بە چیرۆکی نویٚ بدەینە قەڵەم، هەرچەندە شێوەیەك لە شێوەکانی نووسینی هونەری لە چیرۆکدا لەو سالآنەدا لەدایکبوو کە کەمێك لە فۆرمدا جیاوازبوو لە چیرۆکەکانی پێش خۆی، بەڵام هەمان کەسایەتی، هەمان بابەت، نەبوونی تەکنیکێکی بەهێز، یاری نەکردنی نووسەرانی ئێمە بەکات، فەرامۆشییان بۆ هەڵبژاردنی شوێن، شوێنێك کە لە خەیاڵی خوێنەردا بمێنێتەوە، جوینەوەی دوو تەوەری سەرەکی بۆ نووسین کە ئەوانیش کاریگەری بیری نەتەوەیی و مەسەلەی هەژاری، ئەمانە هەموویان وادەکەن کە چیرۆکی نوێی کوردی بە هەموو قورسایی خۆیەوە دەرنەکەوێت. لە راستیدا ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەو لە دیدارێکی وادا باسکردنی هەموو ئاراستەکانی زەحمەتە.**

*** مەگەر ببوورن، ئەو پەلڕاکێشان و داگیرکارییەی شیعر پرسیارێکی تریشم لا قوتدەکاتەوە، ئەویش لە سەرەتاوە مرۆڤ پێشتر ئاشنای ئەفسانەو حیکایەتەکان بوو، لە رێگای ئەوانەوە دەستیکرد بە گوزارشتکردن لە بابەتە سروشتی و لە غەریزەکانی خۆی. دواتر کاتێك مرۆڤ لە رووی عەقڵیی و ژیارییەوە گەشەیکرد شیعر هات، ئەفسانەو حیکایەتەکانی کە دەکەنە باوانی چیرۆك خستە دوای خۆیەوەو خۆی بووە هونەرێك نزیکتر لە مرۆڤ، بە رای تۆ شیعر لە بنەڕەتدا زیاتر لە مرۆڤەوە نزیکتر نییە؟**

**- نا لای من وا نییە ، بۆ دەبێت شیعر لە مرۆڤەوە نزیکتربێت وەك لە ژانرەکانی تر، لە راستیدا مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە حیکایەت و چیرۆك و**





**رۆمانەوە نزیکترە وەك لە شیعرو مۆسیقا، مرۆڤ بوونەوەرێکی گێرەڕەوەیەو تەنها گێڕانەوەو سۆراخی بە دوای بەسەرهاتەکاندا وادەکات مانایەك بۆ ژیانی خۆی بدۆزێتەوە، ئیرادەیەکی بداتیٚ و هێزێکی دەرەکی وەربگرێت تا بەردەوام بێت. ئێمە هەر لە منداڵییەوە بە حیکایەت و چیرۆکەکان گۆش کراوین نەك بە شیعر، بەڵام شیعرو موسیقا رەنگە بۆ حەوانەوەی رۆحی لەو گەڕانە بێهوودەیەدا جێگایەك و وێستگەیەکی گرنگ بن و هیچ ژانرێکی تر رەنگە نەتوانێت ئەو جێگایەمان بۆ پڕبکاتەوە. وەك دەبینیت من دەمەوێت ئێمە واز لە دانانی پلەو پایە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بێنین و جوانی و پێویستی هەموویان ببینین، تا بە رۆحێکی دەوڵەمەندترەوە باوەش بە هەموو دنیادا بکەین.**

*** لە یادی مندا قسەیەکی ئێوە هەر دێت و دەچێت. بەڵام نازانم دروست لە چ شوێنێکدا کردووتانە، گوایە (شاعیران هەمیشە باسی خۆیان دەکەن، چیرۆك نووسیش باسی ئەوانی تر)، من وتەی یەکێك لە گەورە رۆماننووسەکانم خوێندەوە بە پێچەوانەی رای ئێوەیە کە دەڵێت: (مومکین نییە رۆماننووس بتوانێت لە یەکەم رۆمانیدا لە ژێر کاریگەریی خۆیدا دەرچێت، ئەوان لە یەکەم کاریاندا هەمیشە پێبزانن یان نا خۆیان دەنووسنەوە؟**

**- لە راستیدا پاڵەوانی چیرۆکێکمە کە وا دەڵێت، پاڵەوانی چیرۆکی (درەوشاندنەوەی مەحاڵ) دەڵێت ئەوە شاعیرانن کە هەر باسی خۆیان دەکەن، من چیرۆك دەنووسم چیرۆکنووسانیش باشتر باسی ئەوانی تر دەکەن**

وەك باسکردنی خۆیان. وەك دەبینیت ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە چیرۆکنووسانیش باسی خۆیان دەکەن، بەڵام باسی کەسانی تر باشتر دەکەن. بەڵام راستە کە نووسەران باسی خۆیان دەکەن. من خۆم لە ناو هەموو چیرۆکەکاندا ئامادەم، بەڵام مەرج نییە خۆم بنووسمەوە، شتێکی خراپیش نییە نووسەر لە سەرەتای نووسیندا خۆی بنووسێتەوە. لە راستیدا ئازایەتیی و ئیرادەیەکی زۆری دەوێت مرۆڤ بتوانێت خۆی بنووسێتەوە، خۆ نووسینەوە رەنگە یەکەم هەنگاوی گەورە بێت بۆ نووسەران کە دوایی بتوانن هەموو دنیاش بنووسنەوە.

*** چیرۆکی کوردی خاوەنی چ خەسڵەتێکی تایبەتە؟ تۆ ئەگەر وەك رۆشنبیرێکی غەیرە کورد سەرنجی چیرۆکی کوردی بدەیت، تا چەند خەسڵەتی تایبەت بە چیرۆکی کوردی دەدۆزیتەوە؟**

- ئەگەر وەك رۆشنبیرێکی غەیرەکورد سەرنجی چیرۆکی کوردی بدەم، کارەکەم زۆر ئاسان دەبێت، لە بیستەکانەوە تا حەفتاکان چیرۆکی کوردی لە هەژاریی و ناسنامەی نەتەوایەتی زیاتر باسی هیچ ناکات، لە حەفتاکاندا جۆرێك لە جۆرەکانی چیرۆك بە شێوەیەکی هونەریی شەرمنانە لە دایکدەبێت، لە هەشتاکانداو لە سەر دەستی (شێرزاد حەسەن)دا کەمێك گۆڕانی بە سەردادێت، لە کاکە شێرزادەوە فرمێسك بە سەر چیرۆکی کوردیدا دەبارێت و خۆش ناکاتەوە، بەڵام لەوێدا یەکەم جارە تاك لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەردەکەوێت. فەرد دێتە ئاستی مەداری بینینەوەو لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبێتە پرسیار. زمان لای ئەم نووسەرە ئازیزە زۆر شاعیرانەتر باسی خۆی دەکات بۆیە باشتر برینەکانی ئەم تاکە دەردەکەون و





فرمێسکەکانیش بە خوڕتر دیارن. لێرەوە یەکەمجارە تۆ چیرۆکێك لە یەك جار زیاتر بخوێنیتەوەو پەشیمان نەبیتەوە. بەڵام دواجار ئەم تاکە لاوازەو ئیرادەیەکی لاوازی هەیەو لەبەردەم گرفتەکانیدا چەقیوەو بە کەڵکی هەموو شتێك دێت ژیان خۆی نەبێت، لە نەوەدەکانەوە چیرۆکی کوردی گۆڕانی گەورەی بە سەردادێت، بەڵام وەك خەسڵەتێکی تایبەت و هاوبەش ئەو فرمێسکە رووتانەی هەر ماون.

*** دەربارەی ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی زمانی کوردییەوە حاڵمان چۆنە؟ لە دنیای ئەمڕۆدا نەتەوەکان بازاڕیان بۆ ئەدەبەکەیان درووستکردووەو لەو رێیەوە ئەدەبەکەیان فراوان دەبێت و دەگاتە ئەوانیتر. ئێمە بە بێ ئەو کارە کەی دەتوانین جوانی و چێژی ئەدەبەکەی خۆمان ببەخشینە ئەوانی تر؟**

- بە بێ درووستبوونی ئەو بازاڕە مەحاڵە بتوانین ئەو تێکستانە بنێرینە دەرەوەو بە خەڵکان و نەتەوەی تریان ئاشنا بکەین، زۆربەی نووسەرانی کورد ئێستاش وەك پرۆلیتارییایەك سەیری بازاڕ دەکەن و بازاڕ وەك سەرمایەدارێك دەبینن کە خوێن دەمژێت. نەك وەك کرانەوەیەك بە دەم دنیاوە، نەك وەك ئاڵوگۆڕێکی پێویست و هێزێکی داینەمۆو جەبرێکی دنیایی بۆ گەشەکردن. گەر بازاڕی ئێمە توانای ئەوەی نەبێت رۆمانێکی (بەختیار عەلی) بۆ نموونە بکاتە زمانێکی ئەوروپی، ئیتر دەبێت چ چێژو جوانییەك بداتە ئەوانی تر تا بیکڕن و بیخوێننەوەو لەسەری بنووسن، تا بزانن ئەم کوردەش هەندێك نووسەرو شاعیریان هەن کە دەتوانن چێژ ببەخشن بە نەتەوەکانی تریش.

## دیداری حەوتەم

## نووسین هەمیشە گەڕانە بەدوای نەدۆزراوەکاندا

سازدانی: زانیار محەمەد

رۆژنامەی هاوڵاتی





زۆر جاران لە ساتی خوێندنەوەی چیرۆکێکدا، سەرمان سوڕماوە لە بەرامبەر ئەو فەزا تایبەتییەی کە لە چیرۆکەکەدا هەبووە، دەبێت چی بێت وای کردبێت چیرۆك خاوەنی ئەو فەزا تایبەتە بێت. خەیاڵ یاخود رووداو، دیدگا یان شێواز؟ چییە لە چیرۆکدا پڕمان دەکات لە سەرسامی؟ دەربارەی تایبەتمەندی چیرۆك و سەرسام بوونمان بە چیرۆك، (ئارام کاکەی فەلاح) مان دواند. ئەو خاوەنی رۆمانێك و سێ کۆمەڵە چیرۆکە، بەم زوانە کۆمەڵە چیرۆکێکی تری بڵاودەبێتەوە، ئەو سەربارى زمان و دیدگا تایبەتییەکەی، وەلێ کەمتر قسەی لەسەر کراوەو بە بێدەنگی کتێبەکانی تێپەڕیوون.

*** بۆ چیرۆك دەنووسیت؟ هۆکاری ئەوە چییە شتی دیکە ناکەیت و چیرۆك دەنووسیت؟**

- ئارام..نازانم لە مێژە ئەو پرسیارەم لە خۆم نەکردووە، بەڵام هەستدەکەم چیرۆك هێزێك دەدات بە مرۆڤ تەنها سەیر نەکات، تەنها بە خەیاڵ شتەکان نەبینێت، بەڵکو هێزێکی زیادەشی پێدەدات کە بیانگێڕێتەوە، هێزی گێڕانەوە لە هەموو هێزێکی تر کاریگەرترە. هێزێکە دەتوانێت کار لە ئاراستەی رووداوەکان بکات، ئەوەی کە مافێکت دەداتێ

**جوانی پەخشبکەیتەوە، خۆشەویستی بڵاوبکەیتەوە، چێژەکەی هێزێکی لەبن نەهاتووە.**

**لە چیرۆکدا هەستێکی گەورەم هەیە بە ئازادیی، مانایەك بۆ گەڕانی بێ کۆتایی خۆم دەدۆزمەوە، گەڕانێك کە دەمەوێت هەموو ڕۆژێك خۆی تازە بکاتەوە.**

**چیرۆکنووسین لای من تاقیگایەکە بۆ تاقیکردنەوەی ئیرادەی خۆم، پڕپەتی لە خونچە کە ئاویان دەدەم و هەموو چرکەیەکیش دڵم لای ئەوەیە کە گوڵەکانی نایلۆنی دەرنەچن. من کە دەنووسم بەو مانایە دێت کە شتێکی ترم دەوێت لەوەی کە هەیە، چونکە ئەوەی کە هەیە پێی ڕازی نیم. ئەوەش کە پێی ڕازی نیم بە چیرۆك شەڕی لەگەڵ دەکەم، ئەوەش پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ نووسین.**

*** ئایا چیرۆك هەیە جاوید بێت؟ گەر هەیە سیفەتەکانی چین؟ ئەی ئەوە چییە وای لە هەندێك چیرۆکەکانی دنیا کردووە تەمەنیان بە سەدەکاندا تێپەڕێت؟**

**- بێگومان هەیە، چیرۆکی زۆر هەن لە کۆنەوە تا ئێستاش هاتوون و لەگەڵماندا دەژین، چیرۆکی جاوید و نەمر ئەو چیرۆکانەن کە هەڵگری پرسیاری گەورەن بۆ هەموو مرۆڤایەتی. ئەو چیرۆکانەن کە لە سەردەمی جیاواز جیاوازدا خۆیان تازە دەکەنەوە، ئێمە دەزانین هەموو سەدەیەك پرسیاری خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.**





**چێژ و تێڕوانینی ئێمە بۆ ژیان ئێستا جیاوازە وەك چێژی مرۆڤی سەدەکانی ١٨و ١٩ ٢٠ . بەڵام چی وا لە ئێمە دەکات تا ئێستاش بە هەندێك تێکست سەرسام بین، وەك وتم هەموو سەردەمێك پرسیاری خۆی هەیە، هەندێك چیرۆك و ڕۆمانی ئێستا هەن کە کاری گەورەمان لێدەکەن تا گریان، چونکە باسی ئازار و فرمێسکەکانی ئێستامان دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو چیرۆکەی ئێستا تۆ دەگریەنێت ئایا دەتوانێت مرۆڤێکی تر پەنجا ساڵی تر سەد ساڵی تر بگریەنێت؟ لە بیرەوەرییەکانی (ئاننا دۆستۆیۆفسکایا) دا کە ژنی نووسەری گەورەی رووس دۆستۆیۆفسکی بووە دەنووسێت، کە مێردەکەم ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف) م بۆ نووسییەوە، ئەو ڕۆمانەکەی بە دەم پێ دەووتم و منیش دەمنووسییەوە، لە هەندێك شوێندا، بە تایبەتی لە دیالۆگەکاندا خۆم بۆ ڕانەدەگیرا و دەگریام، فرمێسکەکانم دەڕژانە سەر ئەو لاپەڕەیەی بەر دەمم، بۆ ئەوەی لاپەڕەکە نەشێوێنم و ئەویش فرمێسکەکانم نەبینێت، تا خەیاڵ و بیرکردنەوەی لێ تێك نەدەم یەکسەر چاوەکانم دەسڕین و بە دزییەوە دەگریام.**

**ئێستا ڕەنگە زەحمەت بێت بەو شێوەیە لە ئەورووپا و تەنانەت لە ڕووسیاشدا یەکێك بدۆزیتەوە بەو شێوەیەی ئاننا دێڕ بە دێڕ لەگەڵ خوێندنەوەی (برایانی کارامازۆف) دا فرمێسك هەڵبڕێژێت، هەرچەندە تاقە گریانێك ئەو گریانە نییە کە تەنیا فرمێسك شوێناسی بۆ دەرکات، بەڵکو گریان جۆری زۆرە. ڕەنگبێت ئێستا خوێنەری رووس زیاتر ڕۆمانەکانی (بۆریس ئەکۆنین) بخوێنێتەوە وەك ڕۆمانی (شاژنەی زستانە) و (تورکیس گامبی)، کە زۆر باسی مێژووی رووسیا دە کات و ١٢ ڕۆمانی**

هەیەو زۆربەیان لە رووسیا کراون بە فیلم و ئێستاش یەکێك لە ڕۆمانەکانی دەکرێت بە فیلم لە هۆلیوود، هەروەك چۆن ڕۆمانەکانی دۆستۆیۆفسکیش لە کاتی خۆیدا بە قووڵی باسی ئازارەکانی مرۆڤی کردووە لە سەدەی نۆزدەداو بە پەیوەندییەکی پتەوەوە بەستراوەتەوە بە زەمەنی خۆیەوە، بەڵام دوایی کە ٥٠ یان ١٠٠ ساڵ تێدەپەڕێت، ئیدی زۆر شت دەگۆڕێت، سەیرکردن و گرفت و جۆری ژیان و بیرکردنەوە گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا دێت، بەڵام شتێك لە دۆستۆیۆفسکیدا هەیە و لەوانی تردا نییە، شتێك لەوەوە سەدەکان دەبڕێت و دەگاتە لای ئێمە، کە پاڵەوانێکی ئەو پێمان دەڵێت کە ئێمە هەموومان تاوانبار دەبین گەر یەکێك بە ناحەق بکوژرێت یان غەدری لێ بکرێت و ئێمەش ببینین و قسە نەکەین، ئەوا ئێمەش لە تاوانەکەدا بەشدارین، ئەم جۆرە پرسیارانە سەدە دوای سەدە مرۆڤ ناتوانێت لە خۆی نەکات، ئەوەش وا دەکات کە خۆی تازە بکاتەوە و جاوید بێت. لە راستیدا من چوومەتە ماڵەکەی دۆستۆیۆفسکی، ئەو ژوورەشم بینیووە کە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف) ی تیا نووسیوە، تا ئازیزان وا مەزانن خۆی دەعوەتی کردووم، بەڵکو ماڵەکەی ئەو بووە بە موزە و هەرکەسێك رێی کەوتە سانپێترسبورگ و بیەوێت بڕوات دەتوانێت. بۆیە من ئەوم بە نموونە هێنایەوە، چونکە ڕۆمانەکانی ئەو ئێستاش لە ئەورووپا و لەم سویدەشدا چەند ساڵ جارێك چاپ دەکرێنەوە.





*** چی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەت (نووسینەوەی دڕك) لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ترت جیا دەکاتەوە؟**

- ئەوەی کە جیای دەکاتەوە لەم چەند خاڵەدا کۆیان دەکەمەوە:

-لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا هەر چیرۆکێکی وەربگریت لە کۆمەڵێك چیرۆکی بچووك درووست بووە کە بە هەموویان چیرۆکێکی گەورەتر درووستدەکەن.

-لە هەناوی هەر چیرۆکێکدا چەندها چیرۆکی نووستوو هەیە کە نەنووسراونەتەوەو لە هەر کاتێکدا بمەوێت دەتوانم بچمەوە سەریان و بیانکەمە چیرۆکێکی سەربەخۆ. نموونەی ئەوەش (غەریب ریکۆرد).

-یاریکردن بە کات و شوێن لەم چیرۆکانەدا سەربەستییەکی باشتری داومەتێ، خەیاڵ و فەنتازییا بەشدارییەکی بنەڕەتی دەکەن لە چیرۆکەکاندا، تەکنیك دوای فەنتازییا دەکەوێت تا بینووسێتەوە.

-بە حیکایەت کردنی چیرۆك، یان تواندنەوەی حیکایەت لە ناو چیرۆکدا کە بە بڕوای من ئەم لایەنە لە چیرۆکی کوردیدا فەرامۆش کراوە، حیکایەت نەك وەك دیکۆر بەڵکو ببێتە سەنتەری گێڕانەوە.

*** ئەوەی وای کردووە شێوازی گێڕانەوە لای تۆ بگۆڕێت ئەوەیە هێشتا چیرۆك بەردەوامە لە ئەگەرەکانی بە شوێن نەدۆزراوەکاندا؟ هێشتا چیرۆك هەموو شتێکی کەشف نەکردووە؟**

- لای من گێڕانەوە دەبێت دەستنیشانی شێوازی نووسین بکات، نەك بە پێچەوانەوە، واتە نابێت تۆ تەکنیکێکی حازر بەدەستت پێ بێت و گێڕانەوەکەتی دوا بخەیت، کە زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی وا دەکات. بۆیە تەکنیك لای ئێمە لاواز و کەم خوێنە. هەموو گێڕانەوە جیاوازەکان پێویستیان بە شێوازێکی جیاوازی نووسین هەیە، بۆیە نووسین هەمیشە گەڕانە بە دوای نەدۆزراوەکاندا، شێوازی تازە هەر بەوە نابێت تۆ بێیت و کاتەکان پچڕ پچڕ بکەیت و وا بزانیت تەکنیکێکی تازەت بەکار هێناوە، بەڵکو لەو پچڕ پچڕ کردنەشدا نابێت تۆ هارمۆنییەتی گێڕانەوە کە شادەماری چیرۆکەکەیە لە دەست بەیت. لە لایەکی ترەوە نەبوونی رووداوی چاوەڕوان نەکراو لە چیرۆکی کوردیدا زۆر کەمە یان هەر نییە، لە چیرۆکێکدا بە دەیەها شتی زیاد باس دەکرێن کە خزمەتی چیرۆکەکە ناکەن، ( چێخۆڤ ) دەڵێت: گەر لە چیرۆکێکدا تفەنگێك لە ژوورێکدا هەڵواسرابوو دەبێت فیشەکەکەی بتەقێندرێت پێش ئەوەی چیرۆکەکە تەواو بێت .

***تۆ لە ساڵی ١٩٩٢ دا ئەزموونی رۆمانت هەیە، چی وات کردووە تۆ وەك چیرۆکنووس ناسرابیت؟ ئەی دەربارەی رۆمان چی دەبێت؟**

- من زۆرم پێخۆشە رۆمان بنووسم، زۆریش بیری لێ دەکەمەوە، بەڵام وەك خۆت دەبینیت دەمێکە نەمنووسیوە، کاری رۆمان نووسین لە چیرۆك جیاوازترە. رۆمان نوسین وەك کاری ئەرکیتیکتوور (بیناسازی) وایە، کە ئیشکردن تیایدا زۆر فراوانە و سەربەستییەکی زیاترت دەداتێ و لە





رووبەرێکی گەورەتردا کار دەکەیت، هەر شتێکت بوێت دەتوانیت قووڵبیتەوە تیایدا، نووسین لە رۆماندا کەمێك خاوترە و بە کاوەخۆ بینا دەکرێت.. بەڵام بینای چیرۆك خێراترە و بەرگەی گێڕانەوەی خاو ناگرێت، بەرگەی کۆمەڵێك دەنگی زۆر و پاڵەوانی زۆر ناگرێت، بەڵام رۆمان مۆنتاژی کۆمەڵێك سەرنجی پاڵەوانە کە هەریەکەیان شتێکی کەم لە رووداوەکان دەگێڕنەوە. دوای ئەو رۆمانە جوانانەی (بەختیار عەلی) لەم چەند ساڵەی دواییدا، مرۆڤ دەبێت ئاگای لە خۆی بێت گەر بیەوێ رۆمان بنووسێت، چونکە وەك (ك گ چێستەرتوون) دەڵێت: کە رۆمانی باش ئەو رۆمانەیە کە راستی تەواومان لە بارەی پاڵەوانەکەیەوە دەداتێ، رۆمانی خراپیش ئەو رۆمانەیە کە راستی تەواومان لە بارەی نووسەرەکەیەوە دەداتێ.

## دیداری هەشتەم

## هەر گەلێك ئاگای لە مێژووی خۆی نەبێت، دووبارە ڕووداوەکان تووشی دەبنەوە.( بیریارێکی فەرەنسی)

سازدانی: حەمە کاکە ڕەش

گۆڤاری هەنار





*** ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووینەدایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێ نەدرایە، پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وا بکرێت، هەم لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە، تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەورووپاش؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بە وردی لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ورد بینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە بێدەنگ بوون لە تاوانێکی وا پەیوەندی بەوەوە نییە کە لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوویداوە یان ئەورووپی، بەڵکو پەیوەندی بە کۆی ئەو بەرژەووەندییانەوە هەیە کە زلهێزەکانی دنیا بە هەندێك وڵاتی ترەوە دەبەستێتەوە، لە پێش هەمووشیانەوە بەرژەوەندی ئابووری و سەربازی.

ئەو کاتەی کە ئەنفال ڕوویدا ، لە ١٩٨٨ دا، ڕژێمی بەعس هێزێکی گەورە بوو لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا، دوو سێ وڵاتی بەخێو دەکرد، ئەمە جگە لە بەخێوکردنی چەندەها گروپی سیاسی جیاواز. وڵاتێکی دەوڵەمەند کە زلهێزەکان چەکی زۆریان پێ فرۆشتبوو، بازاڕێك بوو بۆ ساغکردنەوەی چەکی کۆن و پێداویستی سەربازی تر کە ئەو وڵاتانە دەیانوویست مەخزەنەکانی خۆیان پاك بکەنەوە لێی. باشترین شوێنیش

عیراق بوو. کە بە پەیوەندییەکی چڕەوە مێشك و گیرفانی بەو مەخزەنانەوە بەسترابووەوە. ولاتێك بوو چەکی لە دانیشتووانی خۆشتر دەویست، پیاوانێکی دروستکردبوو کە لەگەڵ چەکدا ژیانیان زیاتر بردبووە سەر وەك لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا.

تاوانی ئەنفال جینۆسایدە و جینۆسایدیش لە شوێنی تر روویداوە و بێدەنگیشی لێ کراوە و هەتا ئێستاش دەکرێت، قسەکردن و بێدەنگی تەنها پەیوەندی بە گۆڕانی راگری هێزەکانەوە هەیە، لێرەوە تەنها قسە کردنێك دەشێت بکرێت، قسەکردنە لەسەر بەرژەوەندی و نا موراڵیی لە سیاسەتدا. لە ئەنفالدا بێدەنگییەکان دەموچاوی جیاوازیان هەبوو، بۆ زلهێزەکان بەرژەوەندییەکی ئابووری لە پێش هەموو شتێکەوە بوو، لای ولاتانی عەرەب کە لایان عیراق سومبولی نەتەوەی عەرەب بوو، بێدەنگییەکەیان لەوێدا خۆی مات دابوو.

تەنانەت رۆشنبیرێکی وەك (ئێدوارد سەعید) کە ئەو کاتە لە رۆژنامەی (حیاە) و ( کرمل) دا دەینووسی نەیتوانی پارێزگاری لە ویژدانی پاکی خۆی بکات و خۆی لە هێرشی ئەنفال لە سەرەتادا بە بێئاگا دایە قەڵەم. ولاتە ئیسلامییەکانیش بە مافێکی رەوای رژێمی بەعسیان دەزانی. عەرەبەکان سەدامیان وەك پاڵەوانێك سەیر دەکرد کە دەتوانێت نەتەوەی عەرەب یەك بخات و دژی داگیرکەران بجەنگێت، ولاتە ئیسلامییەکانیش ئەویان وەك سومبولێك دەبینی کە دژی کافران لە شەڕدایە، بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەك رەخنەی لێ بگیرێت. کوردیش لەم هاوکێشەیەدا نە قورساییەکی ئابووری هەبوو، نە قورساییەکی سیاسی،





لە جوگرافیایەکدا لە سێ لاوە ئابڵوقە دراو، هەموو ئەو هۆیانە وایان کرد کە ویژدانێکی سەربەخۆ بۆ ئاشکراکردنی ئەو کاتەی ئەنفال نەمێنێتەوە.

هەر بۆ نموونە گەر باسی ئەو ویژدانە دۆڕاوە بکەم و کیمیابارانی هەڵەبجە بە نموونە بێنمەوە، کە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئێران ئەوسا لەگەڵ عیراقدا لەشەڕدا بوو بۆیە هەر زوو ئاشکرا بوو، بووە هۆی ئەوەی کە ئێران وەك پڕوپاگەندەیەکی شەڕ بەکاریبێنێت. هەرئەوسا کاسێتێکی ڤیدیۆییان بۆ تەلەفیزیۆنی سویدی هێنا بۆ پەخش کردنەوە. بەڵام تا ئەو کاتە هیچ یەکێك لە زلهێزەکان سەرزەنیشتی ئەو هێرشەیان نەکردبوو، بۆیە بۆ پەخش کردنەوەی پاساویان هێنایەوە کە گوایە پرۆگرامێکی زۆریان لا کەڵەکە بووەو کاتی پێنج خولەکیشیان نییە. کەچی هەر بۆ شەوەکەی پرۆگرامێکی نیو سەعاتییان لەسەر رزگارکردنی پشیلەیەك پەخش کردەوە.

هەفتەی پێشوو لە یادی بیست ساڵەی هەڵەبجەدا (هانس بلیکس) کە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووکان بوو بۆ لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی عیراق، بە ئاشکرا وتی کە (بە ئاسانی دەتوانرا کارەساتی هەڵەبجە روونەدا، تەنها چاوسوورکردنەوەیەك لە زلهێزەکانەوە، یان لە ولاتێکی گەورەی ئەورووپییەوە بەسبوو بۆ ئەوەی رژێمی بەعس ئەو کارەساتە نەکات)، بەڵام کەسیان بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بێنە قسە. بۆ ئەنفالیش بەهەمان شێوە دەتواندرا رابگیرێت. بۆ ئەمەش دەبێت بە موراڵی خۆیاندا بچنەوە.

*** ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هوشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێییانەی ساڵانەدا قەتیس بووە دەگوازێتەوە بۆ هوشیارییەکی کولتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە، دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەك بە دەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا ؟**

- بە داخەوە ئەنفال نەبووە بە هوشیارییەکی کولتووری و لە یادکردنەوەیەکی سەرپێییانە کە ساڵی جارێك پێشوازییەکی چاوتەڕانەی لێ دەکرێت هیچی تر نییە، لە کوردستان و لە دەرەوەش هەر وایە، پرسەکۆڕێك و دوو سێ وتاری بەسۆز و چەند شیعرێکی کرچ و کاڵ، ئیدی خواحافیز تا ساڵێکی تر.

تۆ گەر بیرکردنەوەیەکت بە دەنگی بەرز دەوێت، دەبێت ئیشی جدی بۆ بکەیت، ئەمەش پەیوەندی تەواوی بە کورد و حکومەتی هەرێم و حزبەکانەوە هەیە، دوایی بە ڕۆشنبیرەکانییەوە، ئێمە هەموومان کەمتەرخەمین لە ئاست ئەو نەکردنە بە هوشیارییەکی کولتووری. لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت ئێمە حورمەت بۆ مرۆڤی خۆمان بگەڕێنینەوە، دەبێت نرخی مرۆڤ لەو ئاستە نزمەی کە هەیەتی بەرە بەرە بەرز بکەینەوە، ئێمە دەبێت دنیایەك شت بگۆڕین، ئێمە ناتوانین لە لایەك ئەنفال بکەینە هوشیارییەکی کولتووری و لەولاوە دیموکراتیی





ڕاستەقینەمان نەبێت، ناتوانین لە لایەك بە ویژدانێکی پاکەوە هەڵەبجە لە تراژیدیایەکی پڕ فرمێسکەوەوە بگوازینەوە بۆ تراژیدیایەك لە ناو هوشیاریدا و لەلایەکی ترەوە چاو لە گەندەڵیی بپۆشین. بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێم و حزبەکان لێپرسراوی یەکەمن و زۆربەی کارەکان لە ئەستۆی ئەواندایە، من لە سەفەری ئەم جارەمدا بۆ کوردستان گەنجانێکم بینی کە ئاگایان لە ئەنفال نییە و هەڵەبجەش تەنها یادگارێکی ڕەشە و ڕوویداوە و تەواو. ئەو گەلەی ئاگاییەکی تەواوی لە وردەکارییەکانی مێژووی خۆی نەبێت، بە دەیەها جاری تر بە دەموچاوی تر و فۆڕمی ترەوە تووشی دەبێتەوە. لای ئێمە ئەم شار ئاگای لە شاری تەنیشتی نییە، لە هەڵەبجە خۆپێشاندان دەکرێ و داوای ماف دەکرێت و لە شاری تر پشتگیری لێ ناکرێت، لە سلەیمانی بە هەزارەها لەبەر شتێکی گرنگ دێنە سەر شەقامەکان و لە شاری تر دەڵێن ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە گەر میللەتێکین، هەر تەنها مێژوویەك و جوگرافیا و زمان نامانکات بە گەل هەرچەندە خەریکە زمانەکەشمان وەك خۆمان پەرت پەرت دەبێت و بەبێ ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی بگەڕێنەوە بۆ زمانێکی ستاندارد بە پێوانەی مێژووییەتی بۆ زمان،

بەڵکو ئێمە بۆ هەستکردنێکی هاوبەش بە ئازارەکانی یەکتر پێویستمان بە خەونێکی هاوبەشیش هەیە کە پێکمانەوە ببەستێتەوە، تەنها بەمانە گەلێکمان دەبێت کە پایەیەکی پتەوی دەبێت. ئێمە لەو جوگرافیا گەمارۆدراوەی تیای دەژین تاکە گرەنتییەکمانە کە بە برینداری و کۆیلەیەتییەوە نەژینەوە.

بە درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عیراق، هەرێمی ئێمە بە زۆر لکێندرا پێوەیی و لەوێوە حوکم دەکرێین، ئێستا ئێمە لە هەرێمەکەی خۆماندا کە نەخشەکەی ساڵ بە ساڵ بچووکتر دەبێتەوە سووکە حوکمێکمان بە دەستەوەیە هی ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی لاوازە و گرفتی گەورە لە بونیادیدا هەیە، هەر کاتێك گرفتەکانی چارەسەرکران زۆر شت دەگۆردرێن و لەدەستمان نامێننەوە گەر بەزووترین کات زمانێکی ستانداردی نووسینی هاوبەش و خەونێکی هاوبەش و هاوڵاتیانی سەربەست و کردنەوەی دامەزراوەی مەدەنی و بودجەیەکی هاوبەش و سوپایەکی هاوبەش و بە بێلایەنکردنی تەلەفزیۆن و سەربەستی تەواوی میدیا و چەند حزبێکی ئۆپۆزۆسیۆنی راستەقینە نەبێتە کارێکی هاوبەشی هەمووان، من ناڵێم با هەر بەیانی هەمووومان ببینە مرۆڤێکی دیموکرات، چونکە داواکردنی ئەوە هەروا ئاسان نییە، بەڵام هیچ نەبێت هەوڵ بدەین تا مێژوو خۆی دووبارە نەکردۆتەوە و ئێمەش لە فرمێسك زیاتر پێمان نابێت بۆ دیالۆگمان لەگەڵ دنیادا. گەر هەموو ئەمانە پێکەوە نەکەین قەت ناتوانین بۆ نموونە ئەنفال بکەینە هوشیارییەکی کولتووری.

*** ئەو پێشنیارە تایبەتییانەی ئێوە چین بۆ ئەوەی ئەنفال وەك کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لە یادەوەریی ئینسانی کوردا بە چەشنێك بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوە و قسەکردن بێت لە سەری لە لایەن ئەو نەوانەی کە لە داوڕۆژی کۆمەڵگای ئێمەدان؟**





- لە وەڵامدانەوەمدا بۆ پرسیاری دووەم، زۆرێکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشی لە خۆگرتبوو، ئەوەی دەمەوێت بیخەمە سەری ئەوەیە کە پێش ئەوەی ئێمە بتوانین ئەنفال بە دنیای دەرەوە بناسێنین، دەبێت بە خۆمانی بناسێنین.

بەو نەوەیەی کە ئاگای لەو سەفەرانە نییە بەرەو مەرگ کران، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێم و حزبە کوردییەکان لە پێش هەمووانەوە ئەرکێکی مێژوویی و ئەخلاقییان لە سەر شانە بەم کارە هەستن، دەبێت ئەوان لە جدێتی ئەم کارە تێبگەن بەو شێوەیە نا کە هەمووومان لە دادگایی کردنەکانی تاوانبارانی ئەنفالدا بینیمان، کە جگە لە کۆمیدیایەك زیاتر هیچی تر نەبوو، ئێمە پێویستمان بە کەسانی دڵسۆزە بەم کارانە هەستن، کەسانێك کە بە راستی لە ئاستی گەورەیی ئەو کارەساتەدا بن.

دەبێت حکومەتی خۆمان کەسانی بە توانا و لێهاتوو لەم بوارانەدا بدۆزێتەوە، چ کردنیان بە پسپۆڕ بۆ مەنهەجی خوێندن و کردنی بەشێکی تریان بە نمایندەی کورد و ناردنیان بە وڵاتانی جیهاندا بە بەڵگەنامەی بەهێز و دۆکیۆمێنتەوە و بەستنی چەندەها کۆنفرانس لە کوردستان و وڵاتانی تردا.

ئێمە کەسانێکمان هەن کە بۆ ئەنفال کارێکی زۆریان کردووە و کەسیش نایانناسێت و نایەڵن زۆرتر بێنە پێشەوە رەنگە هەر لەبەر ئەوەی کە رەخنەیەکیان گرتووە، بەڵام گەر رێگە نەدرێت ئەوا زیانێکی گەورە لە ئەنفال دەدرێت، من نازانم بۆچی ئێمە هێندە لە رەخنە دەترسێین، تەنها

رەخنەیە کە بە هوشیارییەوە وەك نەتەوە بەهێزمان دەکات. ئەوەی کە جێگای دەستخۆشییە لە ماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی دواییدا چەند کتێبێکی باش لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال نووسران و بڵاوکرانەوە، لەگەڵ وەرگێڕانی چەند کتێبێکی گرنگی تر وەك (دڵرەقی و بێدەنگی) کەنعان مەکییە کە یەکێکە لە کتێبە پڕبایەخەکان، هەروەها بەستنی ئەو کۆنفرانسەی کە ماوەیەك پێش ئێستا لە هەولێردا بەسترا و کەسانێکی زۆر داوەت کران کە دیسانەوە مایەی دڵخۆشییە.

*** ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆئەدەب چەند بەرپرسیارە لە بەردەم بیر نەکردنەوە لە ئەنفال؟**

- لە راستیدا من لەلایەك پێمخۆشە کە ئەدەبی کوردی خۆی نەداوە لە قەرەی کارێکی وا گەورە. من کەمێك بە گومانەوە لەو ئەدەبە دەڕوانم کە تەنها بۆ کارەساتە گەورەکان دەنووسرێن، نووسەری هەنگاری (ئیمری کێرتێز) کە ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرت، خۆی یەهودییە و چەند رۆمانێکی تەنها باسی ژیانی یەهودییەکان دەکات لە ئۆردوگاکانی نازییەکان بەتایبەتی ئۆردوگاکانی ئاوشویتز، من هیچ چێژم لێ نەبینی. رۆمانی (پیاوی بێ چارەنووس) ەکەی کە ساڵی ١٩٧٥ نووسیویەتی بە چارەکێکی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) جوان نییە، دەی باشە رەنگە یەکێك بێت و بڵێ ئاخر تۆ کوردی بۆیە ئەم رۆمانەت پێجوانترە و ئەوی تر نا، بۆ یەهوودییەك ئەوی تر جوانترە، گرفتەکەش راست لێرەدایە. راستە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) باسی ئەنفال





دەکات، بەڵام شاکاری ئەم کارە لەوەدایە کە بەس تەنها باسی ئەنفال ناکات، بەڵکو باسی دەیەها بابەتی گرنگی تر دەکات و چەندەها دێڕی تیایە کە هەموو کەسێك دەتوانێت لە رۆحیدا هەڵیبگرێت، جا ئەم کەسە کورد بێت یان نەبێت. جوانی ئەدەبێك تەنها بۆ ئەوە نییە کە گەلەکەی نووسەر چێژی لێ وەربگرێت، بەڵکو ئەدەب بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بۆیە دەبێت لە ئاستێکی بەرزدا بێت دەنا زوو وندەبێت. شیعرێکی زۆر بۆ هەڵەبجە نووسران، بەڵام زۆر کەمیان مانەوە، ئەوەی شیعرێکی جوانیشی بۆ هەڵەبجە نەنووسی ئیدی بەوە نابێت بە هاوڵاتییەکی خراپ هەروەك چۆن چەند دێڕێکی جوان ناتکەن بە نیشتمانپەروەر، بۆیە ئەم بیرکردنەوەیە باش نییە و تووشی تێکستی زۆرمان دەکات کە زوو دەمرن، چونکە زۆربەی زۆری ئەم تێکستانە بە زۆر دەنووسرێن و فشاری گروپ دروستیان دەکات، نەك رۆحێکی داهێنەر. ئێمە دەتوانین لە رۆحێکی داهێنەر چاوەڕوان بین، تێکستێکی گەورەمان بداتێ تا کارەساتەکانمان باشتر لە یادەوەریدا بهێڵێتەوە، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە لە هەموو کەسێك ناکرێت.

*** ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی رۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێك کە هەڵگری لێبووردن بێت؟ ئایا ئەم هێزە چەند دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارە و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پێشاندانی؟**

- لێبوورن چەمکێکی گرنگ و جەمسەرێکی جوانی ژیانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە هەموو زەمەنێکدا هەمیشە وەك پرسیارێکی سەخت و ئەکتویل دێتە پێشەوە. لێبووردن و تۆڵەکردنەوە دوو پرۆسەی زۆر تایبەتین و لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێن، بەڵام ئەم دوو پرۆسەیە کە هاتنە ئاستی هەموو کۆمەڵگا ئەوسا ئیتر رەهەندی تر وەردەگرێت. لێرەوە ئیتر دەسەڵاتی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیاری یەکەمن لێی. با لێرەدا من دوو نموونە لە دوو رۆمان بهێنمەوە بۆ زیاتر روونکردنەوە. ئەوانیش رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی و رۆمانی (بە بێ خوێن) ی ئەلیکسەندرۆ باریکۆیە. لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا سامری بابلی رەنگیێ روونترین نموونەی تاوانبارێك بێت بەرامبەر نەتەوەیەك کردوویەتی و لێی پەشیمانە، ئەو کەسانەشی دەیانەوێت حوکمی بدەن ئەو کەسانەن کە بە شێوەیەکی تەواو تاوانیان بەرامبەر کراوە و ساتێکی زێڕینیان لەبەر دەستایە کە تاوانەکە نەیکوشتوون و دەتوانن حەقی خۆیان بە دەستی خۆیان بکەنەوە، بەڵام وەك دەبینن ئاسان نییە و ئەو دیالۆگانە بێننەوە بەر چاوی خۆتان کە قوربانییەکان لە نێوان خۆیاندا دەیکەن تا دەنگە دەنگ و شەڕیش لەگەڵ یەکتردا، لێرەدا دەبینین کە یادەوەرییەکی بریندار و هوشیاری و ویژدان ئاوێتەی یەکتر دەبن و کەسیان ناگەن بە ئەنجام. باشە ئەوە سامری بابلیشت کوشت، ئەی دوایی؟ چەندەها سامر دروست دەبنەوە، تاقە رێگایەك ئەوەیە کۆمەڵگایەك دروست بکرێت کە بابەتی وەك بابلییان تیا نەبێت. لە رۆمانەکەی باریکۆشدا کچە پاڵەوانەکە کە خۆی لە





چەکدارەکان دەشارێتەوە و چەکدارەکان باوکی دەکوژن کە تاوانبارە و بە ژەهر زۆری لە چەکدارەکان کوشتووە، ئەم کچە گەورە دەبێت و دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، بەڵام لەجیاتی تۆڵە لەو چەکدارەی کە باوك و براکەی کوشتووە ئەم دێت و دڵداری و خۆشەویستی دەکات. خۆشەویستی بە تاقە تۆڵەیەك دەبینێت کە لە جیاتی ئەوەی بەرامبەرەکەی بکوژێت، دەیگۆڕێت.

ئەم دوو نموونەیە دوو نموونەی زیندوون کە وامان لێ دەکەن بیر بکەینەوە. لێرەدا بۆ من گرنگە کە خوێنەر بە هەڵە لە من تێنەگات و وا بزانێت من بمەوێت دڵداری لەگەڵ ئەوانەدا بکەین کە ئەنفالیان کردین، نا من مەبەستم ئەوە نییە، هەرچەندە گەر ئێمە بتوانین کەسانی وەك سامری بابلی بگۆڕین و لە دڕندەوە بیانکەینەوە بە مرۆڤێکی خاوەن ویژدان، با هەوڵبدەین بیانگۆڕین. ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کە ئەوە عەرەب نییە وەك نەتەوە کە ئەنفالی کردین، بەڵکو رژێمێکی نەخۆش و دڕندە بوو کە پیاوانی دڕندەی دروستکرد تا ئەو کارانەی بۆ بکەن، کاری گرنگ بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە هەوڵ بدەین کە ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوە. ئەمەش کارێکی زۆری دەوێت و ئەوەی تا ئێستاش کراوە زۆر کەمە.

**دیداری نۆیەم**

## هەندێك وەڵامی تەوەر و چاوپێکەوتن کە من بەرچاوم دەکەون زۆر لە دیالۆگی ناو لە چاوەڕوانی گۆدۆ دا دەچن، پرسیارێکیان لێدەکرێت و وەڵامی تر دەدەنەوە

**سازدانی : زانا سامان**

**گۆڤاری هەنار**





***ئەمڕۆ کە زۆرێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبییەکان، تەوەر لەمەڕ مەسەلە گرنگەکانی ناو ژانرە ئەدەبییەکان دەکەنەوە، ئایا ئەو تەوەرانە توانیویانە ئامانجی خۆیان بپێکن؟ یان تەنها قسە لە سەرکردنێکەو خودی مەبەست لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە؟**

- زانینی ئامانج پێکان و گەیشتن بە مەبەست مەسەلەیەکی ئاڵۆزن و کەس بە ڕوونی ناتوانێت پێناسەیان بکات و بە ئاشکرا دەست بخاتە سەریان، ژانرە ئەدەبییەکان هێندە بە قووڵی چوون بە ناو یەکدا کە باسکردنیان بە تەنیا زەحمەتە.

بەڵام بێگومان نکوڵی لەوە ناکرێت کە شتی زۆر زیادە دەنووسرێت کە دەتوانرێت یەکجار کەمبکرێتەوە، هەندێکجار لە ریزکردنی کۆمەڵێك ناو دەچێت، وەك جێ کردنەوەی کۆمەڵێك کەس لەسەر مێزێك کە قەت پێکەوە کۆنەبنەوە. وەك پێشاندانی ماسوولکەی خوێندنەوە بێت نەك تێگەیشتنێکی قووڵ لە خودی تێکستەکان. بۆ نموونە تەوەری (سەفەر و مەنفا) کە برای چیرۆکنووس (توانا ئەمین) کردبییەوە، هەبوو باسی هەموو شتێکی تری دەکرد، ئەزموونی سەفەر و مەنفای خۆی نەبێت. کە ئەوەشیان یان تێنەگەیشتن بوو لە پرسیارەکە یان خۆدزینەوە بوو، یان

تەنها قسەلەسەر کردنێك کە بستیك بڕ نەکات. هەندێك وەڵامی تەوەر و سازدانی چاوپێکەوتن کە من بەرچاوم دەکەون زۆر لە هەندێ دیالۆگی ناو (لە چاوەڕوانی گۆدۆ) دا دەچن، پرسیارێکیان لێدەکرێت و وەڵامی تر دەدەنەوە.

کردنەوەی تەوەر مێژوویەکی دوورودرێژی لە رۆشنبیری ئێمەدا نییە ، بۆیە من وەك کارێکی زۆر پێویست بۆ ئێستا دەیبینم، ئەو تەوەرانە گۆڕەپانێکی فراوانن بۆ دیدی جیاواز و کردنەوەی دەرگاکانی دیالۆگ. هەر لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا کۆمەڵێك تەوەری گرنگ سازکران، وەك تەوەرەکانی برای شاعیر (ئیدریس عەلی) لەسەر رەخنە و شیعر و چیرۆکی کوردی، تەوەرەکانی برای چیرۆکنووس توانا ئەمین لەمەڕ سەفەر و مەنفا و نووسین و خوێندنەوە و تەوەری ئەنفالیش لەلایەن برای شاعیرەوە (حەمە کاکەڕەش) و زۆری تریش کە من خۆم زۆر بە پێویستیان دەزانم و سازکردنیان جێگای سوپاسی ئەو ئازیزانەو دەست خۆشی لێ کردنیانە. بەڵام لەولاشەوە نابێت خوێنەر لە بیر بکەین، خوێنەرێك کە چاوەڕوانی گۆڕانێك دەکات و مافی خۆیەتی بپرسێت: باشە ئەم رۆشنبیرانە ئەم قسانە دەکەن، ئەم رستانە هەروا بە ئاسمانەوە دەمێنێتەوە، یان دوو قاچیان دەبێت و رۆژێك دێت بێنە سەر زەوی؟

ئەو شتەی کە من بە گرنگی دەزانم لێرەدا ئەوەیە کە هەڵەیە ئێمە لە دوای هەر تەوەرێك چاوەڕوان بین شتێك رووبدات، شتێکی گرنگ و چاوەڕواننەکراو، هەمان چاوەڕوانی لە کڵاوی ئەو سیحربازەوە کە دەسڕی تێدەکات و کۆتری لێ دێتە دەرەوە. بۆ نموونە لە تەوەری رەخنەدا ئێمە





زۆربەمان باسی نەبوونی رەخنەگرێکی بێلایەنی جدیمان کرد کە پڕچەك بێت بە تیۆری قوتابخانە رەخنەییەکان، هەرکە وامان وت ئیتر یەکسەر رەخنەگرێکی لەو بابەتە و لەو ئاستەدا سەر هەڵبدات و لە دایك بێت. گەر لە دایکیش نەبوو یەکسەر بێن و بڵێین: ئەی باشە ئەم قسانە هەروا بە ئاسمانەوە دەمێننەوە؟

دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە کردنەوەی هەر تەوەرێك لەسەر هەر بابەتێك تەنها هەنگاوی یەکەمە و هیچی تر، تەنها وروژاندنی بابەتێکە و بەخەبەرهێنانەوەی پرسیارێکە کە لە مێژە نووستووە. گەر بمانەوێت هەنگاوی تری لەدوا بێت، دەبێت ئیشی جدی تری بۆ بکرێت.

دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هێندە پرۆسەیەکی خاوە کە زۆر زەحمەتە بزانرێت کە ئەو تەوەرانە یان نووسین بە گشتی کەی دەتوانێت کاری خۆی بکات، هەڵبەت بە بڕوای من کاری خۆی دەکات، کارێکی گەورەش، بەڵام کەی و لە چ فۆڕمێکدا؟ ئەوەیان ئیدی وەڵامدانەوەی زەحمەتە، من خۆم وای بەباش دەزانم کە گەر بکرایە لەدوای هەر سازدانی تەوەرێك کۆڕێکیشی بۆ بگیرایە بۆ ئەوەی باس و خواسەکان بە شێوەیەکی دەوڵەمەند تر بخرانایەتەوە بەر چاو و ئەو کەسانەشی کە بۆیان نەلواوە قسە بکەن بتوانن رای خۆیان دەربڕن و بابەتەکان دەوڵەمەندتر بکەن و تا ببێتە خەمی هەمووان نەك تەنیا خەمی کۆمەڵێك کەس، ئەوسا پرۆسەکە خێراتر دەبێت.

## دیداری دەیەم

# دەبێت هەمیشە ئاگامان لە گەنجەکان بێت و تێکستەکانیان بە جددی وەربگرین

**سازدانی: رابەر فاریق**

**گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ٦١**





*** چی کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی بزانین کە نووسەر لە رووی جەستەیی، یاخود ڕوحیی لە نێوچووە؟**

*** ئەگەر نووسین روونانی دنیایەکی دی بێت بە وشە، دەکرێت لە چ حاڵەتێکدا خۆکوشتن دەلالەت لە وەها حاڵەتێك بکات؟**

- لە راستیدا من دەمەوێت ئەم دوو پرسیارە پێکەوە وەڵام بدەمەوە، چونکە هەستدەکەم کە زۆر لە یەکەوە نزیکن. ئەوەی کۆمەکمان دەکات کۆمەڵێك تێکستە کە نووسەر دەیخاتە بەر دەمی خوێنەر. من لێرەدا باسی لەناوچوونی نووسەر ناکەم بۆ جەستەی، چونکە ئەوە تەنها فیزیۆلۆژییەو مردن دەگەیێنێت، ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ پرسیارەکە لە ناوچوونێکی رۆحییە کە تێکستێك دەیبەخشێتە ئێمە. هەر وەك چۆن لەشی مرۆڤ پێش نەخۆشی کۆمەڵێك هێما و ئاماژە دەداتە دەرەوەی خۆی وەك ئاگادارکردنەوەیەك، هەندێك تێکستیش هەمان وەزیفەی هەیە، تۆ لەناو چیرۆکێکدا، رۆمانێکدا، شیعرێکدا، هەستی تەواو دەکەیت بەوەی کە نووسەرەکەی ماندووەو لە بارێکی دەروونی دژواردایە، هەستدەکەیت تێکستەکە هاوارێکە و خاوەنەکەی داوای یارمەتی دەکات، تێکستی کوردی پڕیەتی لەو هاوارانە، بەتایبەتی ئەوانەی گەنجەکان، بۆیە دەبێت

ئێمە هەمیشە ئاگامان لێیان بێت و تێکستەکانیان بە جدی وەرگرین. تۆ سەیری شیعر و چیرۆکی گەنجەکان، پڕن لە مردن و خۆکوشتن و تەنیایی و قەبر و تاریکیی و تارمایی و نیگەرانیی و تەرم و شەڕو بەدبەختیی و خوێن. ئەم فەرهەنگە حەز ناکەم ببێتە فەرهەنگی گەنجەکان، حەز ناکەم ببێتە شێوازی نووسین و زمانی دەربڕین و مۆنۆپۆڵی تێکستەکان بکات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە ئەوان باسی ئەو شتانە نەکەن کە ژیانیانی لەت و پەت کردووە. من دەزانم زۆر هۆ هەن کە وای کردووە نووسینی کوردیی ئەو جۆرە ڕەووتە وەربگرێت. زەقترینیان ڕەنگە ئەو بارە ناجێگیرە بێت کە کوردستان پیای تێپەر دەبێت و سیاسییەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتری دەکەن و ئەمەش بە هەموو کێشی خۆیەوە دابەزیوەتە ناو تێکستەکانەوە. بەشێکی تریشی هەوڵدانی گەنجەکان خۆیانە بۆ خۆڕاپسکاندن لەو فەرهەنگەی کە نەوەی پێش خۆیان بۆیان جێهێشتووە، بەشێکی تریشی تەنها چاولێکردن و لاسایی کردنەوەیەکی ڕووتەو هیچی تر. هەندێکیان وا دەزانن گەر چیرۆکێك ئەو وشانەی تیا نەبێت ناخوێنرێتەوە. گەر شیعرێك باسی تەنیایی و سووتان و نیگەرانیی نەکات سەرنجی کەس ڕاناکێشێت. بێگومان بەشێکی تریشی پەیوەندی بە تەمەن خۆیەوە هەیە، بەبڕوای من مرۆڤ تا بیست ساڵی وا دەزانێت دنیا دەگۆڕێت و دنیا گۆڕین ئاسانە، بە بێ ئەوەی بزانێت چۆن؟ بە بێ ئەوەی بزانێت کە کاریتەکانی دنیا هێندە قووڵ ڕۆچوون کە بە خەیاڵ نەك تەنها ناڕووخێن، بەڵکو جووڵەش ناکەن. لە بیستەوە تا سی هەوڵدەدات خۆی بنووسێتەوە، خەمی خۆی و سووتانی خۆی و ماڵی کاولی خۆی و کۆڵانە بەدبەختەکەی،





بەڵام لەدوای سییەوە نووسەران دەکەونە نووسینەوەی دنیا. دنیایەکی گەورەتر و لە ئاستێکی فراوانتردا دەیبینن. بەڵام ئەمەی من دەیڵێم یاسا نییە و ئەوە ناگەیێنێت کە نابێت لە چل ساڵیدا باسی خۆت بکەیت، یان نابێت لە بیستدا باسی هەموو دنیا بکەیت. نەخێر من مەبەستم ئەوە نییە ، هەموومان رامبۆی شاعیرمان لەبەر چاوە کە لە نۆزدە ساڵیدا چەند قەسیدەی جوانی نووسی و کاری لەسەر هەموو شیعری جیهانی بەجێهێشت، یان شاعیری ڕووس ئەلیکسەندەر بلوك دیسانەوە لە نۆزدە ساڵیدا بە شیعرەکانی وەکو ساحیرێك پێشبینی ڕووداوە سیاسییەکانی ١٩٠٥ ی دەکرد. نەك تەنها ئەوان بەڵکو زۆری تریش لە تەمەنی کەمدا شتی گەورەیان وتووە. ئێمەش هەموومان کەم تا زۆر باسی خۆکوشتن هاتۆتە بەرهەمەکانمانەوە، خۆکوشتن لە هەموو سەردەمەکاندا پرسیارێکی ئەکتوێلە و دێتە ناو نووسینەوە، بەڵام مرۆڤ دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە بەکاری بێنێت. من خۆم چیرۆکی (زێراب) م لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا نووسی، لە کاتی خۆیدا ناردم بۆ گۆڤاری (یەکگرتن) کە لە دانیمارك دەردەچوو، لە ژمارەی ٥ ی ساڵی ١٩٨٨ دا بڵاوکراوەتەوە، دوایش لە ١٩٩١ دا لە کۆمەڵە چیرۆکی یەکەممدا هەر بە ناوی (زێراب)ەوە لە سوید بڵاوکراوەتەوە، لەوێدا من باسی گەنجێك دەکەم کە دەیەوێت بە ژەهر خۆی بکوژێت، گەنجێك کە لە سەربازی ڕایکردووە و بە تەنیا لە ژێرزەمینێکدایە لەگەڵ کۆمەڵێك مشکدا دەژی، من کاتی خۆی دوای تەواو کردنی زانکۆی مۆسڵ بەشی زانستی فیزیا، نەچووم بۆ سەربازی و نەمویست بەشداری شەڕ بکەم، چووم بۆ ئێران و دوای ئەوەش بۆ شام. لە

**شام ئەو چیرۆکەم نووسی، لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژیام، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە وا دێتە بەر چاوم کە ڕەنگبێت ئەو چیرۆکە منی لە مردن رزگارکردبێت، وەك پاڵەوانەکە لە جیاتی نووسەرەکەی خۆی بکوژێت. کاتی خۆی لە نامەیەکدا لە ١٩٩٨ دا هاوڕێی ئازیزم چیرۆکنووس کاروان کاکەسوور، ئەم چیرۆکەی بە باشترین چیرۆکەکانی من لە قەڵەم دا و دەنووسێت بە راستی ئەگەر رۆژێك لە رۆژان بە جدی باسی چیرۆکی هونەریی ئەم سەدەیەی خۆمان بکەین، ناکرێت ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە بیر بکەین و لەسەریان نەوەستین، ئەو ئێستاش هەر چیرۆکێك بنووسم بە زێراب بەراوردی دەکات و باسی دەکاتەوە و حەز دەکات من بەو شێوەیە بنووسم، منیش هەمیشە پێی دەڵێم دانیشە کاروان من قەت نامەوێت وەك زێراب بنووسمەوە. ئەو سەردەمە رۆیشت، نامەوێت پاڵەوانەکانم خۆیان بکوژنەوە، چونکە من ئێستا پاڵەوانەکانم لەجاران خۆشتر دەوێن. هەروەك چۆن من نامەوێت وەك زێراب بنووسمەوە، نامەوێت کاروانیش ئێستا وەك چیرۆکە باشەکانی کۆمەڵە ئەسپیدیلۆن و منداڵیم ئاسکێك بوو، بنووسێت، چونکە بۆ ئەویش ئەو زەمەنە رۆیشتووە. بۆیە هەردووکمان دەبێت شتی تر بنووسین و دنیای تر تاقی بکەینەوە.**

*** کەی پرۆسەی خۆکوشتن تێکەڵاوی ئاگایی، یان نائاگایی دەبێت؟**

**- دیسانەوە من لێرەوە پێم باشە بچینەوە ناو تێکستەکان، چونکە هەموو وەڵامەکان لەوێدان، ئێمە لیستێکی درێژمان لەبەر دەستایە، لیستی خۆکوشتنی نووسەر و شاعیرانی دنیا. بەخۆشحاڵییەوە تا ئێستا**





**کوردێکی تیا نییە، نا ئەمە تەعلیق نییە، بەڵکو بە راستی پێمخۆشە، چونکە من خۆکوشتن بە باش نازانم و شتێك نییە مرۆڤ شانازی پێوە بکات، یان هەندێك پێیان وا بێت کە نووسەری کورد لەو ئاستەدا نەبێت کە خۆی بکوژێت، نا، نووسە ر و رۆشنبیر و شاعیری کورد خۆی ناکوژێت، چونکە فریا ناکەوێت ئەو کارە بکات، پێویستی بەوە نییە چونکە یان خەم دایدەڕزێنێت و تووشی نەخۆشی دڵ و بەربوونی خوێنی دەماغ دەبێت، یان وڵات بەجیدێڵێت و مەنفا دەیکوژێت، یان وەك نەجمەدینی مەلا لە ژوورێکی تەنیادا پشیلە دەیخوات و کەس پێی نازانێت. ئەگەر لێرەدا باسی نووسەرێکی گەورە بکەین کە لای ئێمە زۆر خۆشەویست و ناسراوە ئەویش (سادقی هیدایەت)ە. پێش ئەوەی ئەم نووسەرە بە گاز خۆی بخنکێنێت، چەند بەرهەمێکی بۆ بەجێهێشتین کە هەموو ئاماژەی ئەوەیان دەکرد کە لە نائاگاییدا ئەم پیاوە نەخۆشە و بەرگەی ژیان ناگرێت، بۆیە دەڵێم باشترین شت گەڕانەوەیە بۆ تێکستەکان، لەم بارەشدا چیرۆکی (زیندە بە گۆڕ) و (کوندە پەپووی کوێر)، ئاماژەیەکی تەواون بەوەی کە ئەم نووسەرە نەخۆشە و پێویستی بە یارمەتییە، بەڵام بە بێ یارمەتی و لە ژوورێکی تەنیادا لە مەنفا و بە تریاکێکی زۆرەوە کە رۆژانە دەستی بکەوتایە بەکاری دەهێنا، لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا خۆی دەخنکێنێت.**

*** خۆکوشتن پەیوەندی بە جورئەتەوە هەیە؟**

**- نەخێر من بڕوام بەوە نییە، بەڵکو بڕوای تەواوم بەوەیە کە خۆکوشتن پەیوەندی بە نەخۆشییەوە هەیە، کەسێك خۆی دەکوژێت کە لە حاڵەتێکی**

**دژواری دەروونیدا بێت، هاوار بکات و کەس گوێ لە هاوارەکانی نەگرێت، لە راستیدا زانست وەلاّمێکی باشی ئەو حاڵەتەمان دەداتەوە، کە خۆکوشتن فەرمانی مێشکە بە مرۆڤ بۆ هەستانی بە کردارێکی لەو جۆرە. نەك جورئەت و ئازایەتی. لای من ئازایەتی بەرەنگاربوونەوەی سەختییەکانی ژیانە نەك راکردن لێی، بەلاّم ئیتر کە مرۆڤ نەخۆش کەوت کە ئەمە هەموو کەس دەگرێتەوە، تاقە شتێك ئەوەیە دەبێت چارەسەربکرێت و هیچی تر دەنا دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. فرۆید لە کتێبێکی گرنگدا بە ناوی (شارستانییەت و دوودڵییەکانی) کە ساڵی ١٩٣٠ نووسیویەتی، باسێکی زۆری غەریزەکانی مرۆڤ دەکات، لەوانەش غەریزەی مردن، ئەو پێیوایە کە لە مرۆڤدا غەریزەیەك هەیە کە دژی ژیانە و شەڕی لەگەڵ دەکات، ئەویش غەریزەی مردنە، بەهانەشی بۆ ئەوە ئەو شەڕانەیە کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤی سەرقاڵ کردووە، بۆیە لای ئەو مرۆڤ چەندی حەزی لە ژیانە، ئەوەندەش ئارەزووی رووخاندنی هەیە، بەلاّم ئەم رووخانە هەندێکجار رووخانی شتەکانی دەوروبەر نییە، بەڵکو رووخانەکە بۆ ناوەوە دێت و مرۆڤەکە داگیر دەکات، لە تراجیدیاترین حاڵدا مرۆڤ خۆی لەناو دەبات. هاوڕێی بەڕێز مەریوان وریا، لە ستوونێکدا لە ئاوێنەدا باسی ئەم کتێبە دەکات و بە یەکێك لە کتێبە گرنگەکان لە قەڵەمی دەدات و زۆر جوان لایەنەکانی شیدەکاتەوە.**

*** بەربەستبوونی دەوروبەر لە بەردەم پرۆسەی خۆکوشتندا واتای لێسەندنەوەی ئازادیی تاکەکەس دەگەیێنێت؟**





**- نەخێر من وای نابینم، چونکە من ئازادیی بەو شێوە رەهایە نابینم، بەڵکو لە ملکەچی کۆمەڵێك یاسا و جەبردا دەیبینم. سارتەر دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە، خۆی ئازادیی خۆی دەستنیشان دەکات، ئەو دەڵێت کە ئازادیی جەوهەری بوونی هەموو کەسێکە. بەلاّم دژ بەمە بوونیادگەرییەکان دێن و باسی ئەو یاساو جەبرانە دەکەن کە سنوور بۆ ئازادییەکان دادەنێن و پێیانوایە کە ئازادیی مرۆڤ ملکەچی کۆمەڵێك یاسای ترە و کۆمەڵێك جەبری هەیە کە پێمان دەڵێت کە بەڵێ راستە مرۆڤ ئازادە و بە ئازادیی لەدایکدەبێت، بەلاّم ئازادیی رەها نییە و پێویستی بە سنوورێك هەیە دەسنیشانی رەهەندەکانی بکات، بۆیە منیش مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تەواو ئازاد نابینم و بڕوام بەوە نییە کە بۆ نموونە لە کردەیەکی خۆکوژییدا سەربەست بێت و ئەم کردەوەیەش لە ئاگاییەوە بێت یان نا ئاگایی، کاری خراپ نەکاتە سەر دەوروبەر.**

## دیداری یازدەیەم

## به تەنیا ئەوە بەس نییە بە خوێنی خۆت بنووسیت، بەڵکو لەگەڵ هەر تێکستێکدا دەبێت پارچەیەکی خۆت لێبکەیتەوەو بیدەیتێ

سازدانی: سۆران عەزیز

کوردستان راپۆرت





*** لەو پرسیارەوە دەست پێدەکەم، کۆمەڵێك چەمکی وەك (داهێنان، خوێندنەوەی دەق، هەڵوەشاندنەوەگەرایی) خزاونەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، هەروەك چۆن پێشتر (وجودییەت، چەپگەرایی، ئەدەبی بەرگری) هەبوون، ئەمانە لانیکەم کاریان پێکراوە وەك میتۆدی فیکریی، لەکاتێکدا رایەکی تر هەیە دەڵێت کاریان پێنەکراوە وەکو خۆی؟**

- بێگومان حەزدەکەم راستگۆ بم و بێ پێچوو پەنا بڵێم نەخێر وەك خۆیان کاریان پێنەکراوە، بەڵام جێگای دڵخۆشییە کە وشەگەلی وەك داهێنان، خوێندنەوەی دەق و هەڵوەشاندنەوەگەرایی، خۆت وتەنی خزاونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. بەڵام با کەمێك لەسەر ئەمانە بوەستین و بزانین بەڕاست کاریان پێکراوە یان نا؟

ئەمە شتێك نییە مرۆڤ بتوانێت بیشارێتەوە، ئێمە بۆ نموونە داهێنانمان هەیە و ئەو کەسەشی دەڵێت نیمانە بە بڕوای من بە هەڵەیەکی گەورەدا چووە و با بێت و بیسەلمێنێت کە نیمانە بە بێ هێرش کردنە سەر و تێکئالآنی شتی تایبەتی خۆی لەگەڵ نووسەردا. بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە بێدەنگییەکی سەیر ئاڵاوەتە داهێنانەکانمان و ئەو خامۆشییە وایکردووە کە داهێنانەکان کەمتر دەربکەون. لە راستیدا ئێمە کەلتوورێکمان نییە کە ناوی کەلتووری قسەکردن بێت لەسەر دەقە

ئیبداعییەکان، کە ئەمە لە هەموو ئەدەبی دنیادا هەر هەبووە و هەر هەیەو هەر دەشمێنێت، کەچی لای ئێمە قەت نەیتوانیووە ببێتە کەلتووری قسەکردن، نەك ئەوە بەڵکو زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ئێمە لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان چاویان بە داهێنانی بەرامبەر هەڵنایەت و تێکستێکی ئیبداعی بە کورسی چۆڵ کردن و جێگە پێلێژکردن دەبینن نەك وەك بەشدارییەك لە خولْقانی جوانیدا. بەلاّم لەم چەند ساڵەی دواییدا هەستدەکەم کە چەند گەنجێك هەوڵێکی جدی دەدەن بۆ خوێندنەوەی چەند کتێب و دەقێکی جوانی ئێمە کە تەنها سیحری تێکستەکان وایان لێدەکات لێیان رابمێنن و چەند لایەنێکی هەر چەند کەمیشە، شیبکەنەوە. هەرچەندە هەندێك کەسیش پەیدا بوون کە بە برێك پارە فەرمان وەردەگرن کە بە باش یان خراپ لەسەر تێکستەکان بنووسن و ئەمەشیان هێندە ئاستێکی نزمە با هەروازیان لێبێنین، بەلاّم هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەو بڕوایەدام کە تەنها وەك ناوێکی زل و قەبە بەکاربێت و لە خوێندنەوەی چەند تێکستێکی زۆر کەمدا نەبێت بەکارنەهاتووە، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی یان شیتاڵگەرایی، کە فیکری دوای بونیادگەرییەکانە هەوڵی ئەوە دەدەن پێمان بڵێن کە وێنە و ماناکان چۆن چۆنی دروست دەبن لە جیاتی ئەوەی پێمان بڵێن چۆن کار دەکەن. چونکە فیکری دوای بونیادگەری هەر بە تەواوی لەسەر دەستکەوتە گرنگەکانی فەلسەفەی زمان دەوەستێت و هەناسە دەدات. بۆ نموونە گەر باسی چیرۆکنووسێکی وەك عەتا محەمەد بکەین، ئایا ئەم ئازیزە کە باسی ئاوێنە دەکات، چەندی ئەو ئاوێنەیەی لە





چیرۆکەکەدایە پەیوەندی بە خودی وشەی ئاوێنەوە هەیە کە ئێمە دەیزانین و لە ماڵەکانماندا هەیە و سەیری دەکەین و هەندێکجار (ئەگەر شتێك بەسەرمانەوە مابێت) قژی لەبەر دادێنین. هەمان شت میرنشینی بابان و سلێمانی و مێژوو و کە لە چیرۆکەکانیدا دووبارە دەبێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە راست دووبارە دەبنەوە؟ یان جار دوای جار مانای جیاواز دەدەن بە دەستەوە. هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەر تەواو لێرەوە سەیر دەکرێت، وەك سوسێر دەڵێت: کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ناوی شتەکان و جەوهەری شتەکاندا نییە.

خالێکی گرنگی تریش دیسانەوە وەك سوسێر دەڵێت ئەوەیە کە مانای وشەکان لە ناو خودی وشەکاندا نین، بەڵکو لەو پەیوەندییەدان کە وشەکان لەگەڵ یەکتردا هەیانە. بۆ نموونە گەر پاڵەوانێك دڵڕەق بێت ئەوا دڵڕەقی ئەو کەسە هیچ مانایەکی نییە گەر تۆ کەسێکت لەناو چیرۆکەکەدا یان ڕۆمانەکەدا نەبێت کە پێشانی بدەیت کە ناسکە و دڵی نەرمە، بە هۆی یەکترەوە ئەم دووانە مانا بدەن بە یەکتر و لەوێشەوە بگوازرێنەوە بۆ خوێنەر، لێرەوە دنیای دەسەڵات و هێزی کەسەکان لە ناو تێکستەکاندا خۆیان ئاشکرا دەکەن. ئیتر تۆ جۆرە پەیوەندییەك دەبینیت کە پێکهاتەکان دەستنیشان دەکات. لێرەوە تەنها پێمان ناڵێت کە کێ دڵڕەقەو کێ دڵڕەق نییە، بەڵکو ئەوەشمان پێدەڵێت کە ئایا دڵڕەقی خۆی چییە؟ کە ئایا دڵڕەقی هەموو کاتێك هەر دڵڕەقییە، یان هەندێك دڵڕەقی هەیە کە دڵڕەقی نییە. ئایا پیاوکوژ کێیە؟ دز لە ناو دەقەکەدا چ کاراکتەرێکی هەیە. ئایا دزی ناو تێکستەکەو دزی سەر شەقامەکان وەك

یەکن. ئەم پێناسانە لەناو تێکستەکاندا چۆن دروست دەبن؟ لێرەوە شیتاڵگەرایی دێت و هەموو ئەو مانایانەی کە لەبارەی شتەکانەوە هەمان بووە سەر لەبەر یەك تێکیان دەداتەوە و ماناکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە. جا من لێرەوە بە تۆ دەڵێم کە ئایا ئەم یارییە زەحمەتە بۆ خوێندنەوەی دەق لە ئەدەبی ئێمەدا کراوە یان نەکراوە. لای ئێمە رەنگی رەش ئەگەر سپیش نەبێت هەر رەشە. بەڵام حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە هەندێکجار رەنگبێت هەڵوەشاندنەوەگەرایی یارمەتیمان بدات بۆ خوێندنەوەی هەندێك تێکست و دۆزینەوەی هەندێك دەلالەت، هەندێکجاری تریش میتۆدی تر جوانتر هەندێك تێکستی تر بخوێنێتەوە، وەك دەبینی ئەو میتۆدە رەخنەییانە یەکتری ناسڕنەوە بەڵکو وەك ئامرازێك وان بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی باشتری دەقەکان و ئاشکراکردنی لایەنە شاردراوەکان. بۆیە تەنها ناوهێنانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمە وا بزانین کە میتۆدێکی رەخنەییمان هەیە و بە ئاگاییەوە بەکاری دێنین.

*** دەوێرین بڵێین دەقی ئیبداعیمان هەیە کە سیحری ئەوەی تیابێت لەگەڵ ئەدەبی دەرەوەی خۆمان بیخەینە تەرازووەوە؟ ئایا ئەدەبی بەراوردکاری خۆی شتێکی مومکینە؟**

- من لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسی ئەوەم کرد کە هەمانە و بۆ ئەمەش ترس و شەرمی ناوێت. ئێمە هەندێك دەقی وا جوان و ناوازەمان هەن کە لە ئاستێکی بەرزدان، وەك هەموو میللەتەکانی تریش دەقی





خراپمان هەیە کە بە کەڵکی خوێندنەوە نایەت و ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییەو تەنها کوردی نەگرتۆتەوە.

بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری من خۆم لەگەڵیدا نیم و بۆ کەسێکیش کە مایەی بایەخ پێدان بێت بڕوا ناکەم لە هەندێك دەرەنجامی زۆر گشتی هیچ شتێکی ترمان لێ دەست بکەوێت. بەراوردکردنی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبی سویدی و ئەدەبی فارسی بە ئەدەبی رووسی جگە لە کۆمەڵێك هێڵی گشتی دەبێت چیترمان بداتێ. من خۆم کەمتر بایەخ بە بەراورد دەدەم، زیاتر ئەو چێژەم بۆ گرنگە کە لە خوێندنەوەی نووسەرانی سەر بە کولتووری جیا بتوانن بیدەن بە هەموو خوێنەران، ئیتر خەڵکی کوێ بن گرنگ نییە. کۆیتزی بێت یان تەیب ساڵح، جیمس جۆیس بێت یان کافکا، مارکیز بێت یان بەختیار عەلی، نورەدین فەرەج بێت یان فرنانڈۆ مارییاس، ساراماگۆ بێت یان تاهیر بن جەلون، ئاوگوست سترینبارى بێت یان باریکۆ، مۆراکامی بێت یان سەلمان روشدی گرنگ نییە.

***چۆن دەتوانین بەراوردێك لە نێوان هەردوو چەمکی نوێخوازو داهێناندا لە نێو ئەدەبی کوردیدا بکەین؟ لە کاتێکدا ئەمە بۆتە گرێیەکی دەروونی زۆربەی ئەو کەسانەی لە نێو ئەدەبی کوردیدا بەرهەمیان هەیە؟**

- کویتزی کە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرت قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: ئەدەب یاری کردنە، نووسەرە زۆر چاکەکان لە یاساکانی ئەم یارییە دەزانن، هەرە چاکەکانیشی یاساکانی

دەگۆڕن. بە بڕوای من ئەم قسەیە زۆر بە روونی جیاوازیمان لە نێوان نوێخواز و داهێنەردا بۆ دەکات. من نازانم ئەمەی تۆ دەیڵێیت بۆ بووە بە گرێیەکی دەروونی، لای کێ بووە؟ نازانم، بەڵام هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی ئێمە داهێنانی تیایە و کۆمەڵێك نوێخواز و بە لایەنی کەمەوە داهێنەرێکی دروستکردووە، بۆ نموونە تۆ سەیری گۆران و هاوڕێکانی. سەیری شێرکۆ بێکەس و رووانگەییەکان، نەوەی نەوەدەکان و تا ئێستاش، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا قەت بەقەدەر ئێستا بەرهەمی ئیبداعیمان نەبووە. جاران گەر داهێنانەکانمان تەنها لە شیعردا بەرجەستە بووبێت، ئەوا ئێستا فراوانتر بووە و هەم شیعر و هەم چیرۆك و هەم رۆمان دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت هەر کەسێك دەستی دایە قەڵەم و هاوڕێیەکی نزیکی خۆی شتێکی پڕ مەدحی لە سەر بنووسێت، ئیتر وا بزانێت کە داهێنەری گۆڕەپانەکەیە و ئەگەر پێشی بڵێیت وا نییە ئەوا یا بە یەکجاری دڵی لێت زویر دەبێت یان قسەی ناشرین و جنێوت پێ دەدات.

زانینی یاساکانی نووسین، هەوڵێکی زۆر و خوێندنەوەیەکی برسیانە و قوربانییەکی بێوچان و شەونخوونی و حەزێکی شێتانە و گەڕانی بەردەوام و بیرکردنەوەیەکی قووڵ و سەیرکردنی بەردەوامی پێشەوە و لە هەمان کاتدا دواوە دروستیدەکات، ئەمە تەنها بۆ ئەوەی تۆ نوێخواز بیت، بەڵام گەر بتەوێت دەستکاری یاساکان بکەیت، دەبێت خاوەنی رۆحێکی رەخنەگرانەی وا بیت کە هەموو تەمەنتی چرکە بە چرکە و رۆژ بە رۆژ دڵۆپ بە دڵۆپ بکەیتە دەمییەوە. دەبێت بە جۆرێك دەستکاری یاساکان بکەیت کە دوای





تێپەڕینی چەند ساڵێك تەنها نووسەرە خراپەکان بچنەوە سەر یاسا کۆنەکان. مرۆڤی داهێنەر دەبێت هەموو شتێك بڕووخێنێت بێ ئەوەی هیچ تێکبداتەوە، دەبێت ئێسك و پرووسکی کۆن بنێژێت بێ ئەوەی بکوژێت، دەبێت وا کۆن بەجێبێڵێت کە هەموو کاتێك بتوانێت بۆ چێژ و سوود وەرگرتن بێتەوە لای. دەستکاری یاساکان، دەستکاریکردنی چێژی خوێنەرەو لەگەڵیدا خوێنەرێکی تازەش لەدایکدەبێت، لەگەڵیدا ئاسۆی بینینی تازە و شەڕی تازە و دنیای تازە دەخوولقێت. بە تەنها ئەوە بەس نییە بە خوێنی خۆت بنووسیت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ هەر تێکستێکدا پارچەیەکی خۆت لێبکەیتەوە و بیدەیتێ.

*** هێلیس میلەر لە کتێبێکدا بە ناوی ئەخلاقیاتی خوێندنەوە باس لە ئیلتیزام دەکات بۆ خوێندنەوەی دەق. ئایا ئێمە خوێنەرێکمان هەیە ئەوەندەی یەخەی دەق بگرێت، ئەوەندە نەپرژێتە سەر کەسایەتی دەق؟ ئایا دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم فەرهەنگە بکەینە باو؟**

- لە راستیدا لای من خوێنەر سەربەستە، چۆن دەخوێنێتەوە با بخوێنێتەوە، چۆن لەزەتی لێدەبینێت با بیبینێت، هیچ مەترسییەکی تیا نییە، مەترسی لەوەدایە رەخنەگر یەخەی نووسەر بگرێت لەجیاتی یەخەی دەق. دەنا خوێنەری ئاسایی خوادەکات دەخوێنێتەوە، چۆنی پێخۆشە با وا بکات، من هەمیشە حەز دەکەم نووسینی هاوڕێکانم بخوێنمەوە، چونکە هاوڕێمن و باشیان دەناسم، خوێنەر هەرچەندە پەیوەستە بە تێکستەوە، بەڵام هەر خۆشە بزانیت کێ نووسیویەتی و چۆن و کەی نووسیویەتی، لای

ئێمە باشترە خوێندنەوە خۆی بکەین بە فەرهەنگ، نەك خوێندنەوە بارگاوی بکەین بە کۆمەڵێك مەرج، ئێمە دەتوانین داوا لە هەموو کەس بکەین بخوێننەوە، بەڵام ناتوانین پێیان بڵێین دەبێت وا بخوێننەوە، گەر وا بێت دەتوانیت پێشی بڵێیت دەبێت چێژ لەم تێکستە وەربگریت و نابێت لەوەیان وەریبگریت. بەبڕوای من هەریەکە ئەخلاقیاتی خوێندنەوەی خۆی لە گەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و وەك زۆر شتی تریش هەتا بڵێیت تایبەتییە.

*** تا چەند پێتوایە گروپبەندی بتی رۆشنبیری دروستدەکات، ئایا ئێمە ئەم گروپبەندییەمان هەیە، ئەگەر هەیە ئایا زیانەکانی کامانەن؟**

- من بە هۆی باوکی ئازیزمەوە، کەم و زۆر ئاگام لە گروپبەندی رۆشنبیری ئێمەیە هەر لە چل و پەنجاکانەوە تا نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، دوایش کە من خۆم چاومکرایەوە بینیم کە چەند بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەو گروپبەندییە خراپ پەیوەندی رۆشنبیرانی لەگەڵ یەکتردا شێواندووەو سیفەتێکی دوژمنکارانەی پێبەخشیوە، من دەزانم ئەو جۆرە لە سلێمانی و هەولێر زۆرن و لای شاعیرانی کوردی دانیشتووی ئەم سویدەش زۆر بەهێز بوو، بەڵام ئێستا دوای بە جێهێشتنی هەندێکیان و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بە خۆشحاڵییەوە کەمێك لاواز بووە. من خۆم زۆر تێکەڵاویان نیم و حەزم بە گروپچێتی نییە، بەڵام ئەوەت بیر نەچێت کە هەمووشی گروپبەندی نییە، بەڵکو هەندێکجار هاوڕێیەتییە و وەك گروپ لێکدەدرێتەوە. من هەندێك هاوڕێم هەن کە نووسەرە گەورەکانی ئێمەن و لەگەڵ هەندێکیاندا لە منداڵییەوە یەکتری دەناسین و تا ئێستاش ئەو





پەیوەندییە هەر وا جوان و پاك ماوەتەوە، من بڕوا ناکەم هیچ داهێنەرێکی راستەقینە حەزی لە دروستکردنی بت بێت، ئەوەی سەرقاڵی داهێنان بێت کەی بیر لەوە دەکاتەوە، بەڵکو تەنها ئەوە گرنگە لای کە نە خۆی ببێت بە بت و نە بتیش بۆ کەس دروست بکات.

## دیداری دوازدەیەم

# تەکنیك یاریکردنە بە گێڕانەوە

سازدانی: سامان کەریم

گۆڤاری هەنار





*** رای تۆ وەك چیرۆکنووسێك چییە دەربارەی چیرۆکی کوردی ئێستا؟**

- چیرۆکی کوردی ئێستا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە زۆر باشە، هەندێك لایەنی باشی هەیەو هەندێکی تریش نا، با بێین بە وردی چەند لایەنێکی باس بکەین. لە بابەتدا چیرۆکی ئێستا دەوڵەمەندترە لە جاران، چیرۆکی کوردی جاران لە دوو سێ تەوەرەی سەرەکیدا خۆی دەنواند، وەك مەسەلەی هەژاریی و ناسنامەی نەتەوایەتیی و لە شێرزاد حەسەنی ئازیزیشەوە بابەتێکی گرنگی وەك تەنیایی بە قووڵی هاتە چیرۆکی ئێمەوە. لە نەوەدەکانەوە چیرۆکی ئێمە هەردوو لایەنی هەژاریی و ناسنامە فەرامۆش دەکات و بابەتگەلی وەك مردن و تێکشکانی روح و کاری جەنگەکان لەسەر خود و کردنەوەی تەواوی دەرگاکانی فەنتازیا و گۆڕینی رێچکەی یاریکردن بە وشە و گەمەکردن بە خەون و زیندووکردنەوەی مێژوو وەك بەفر بەسەر چیرۆکەکاندا بارین. لە نەوەدەکانەوە چیرۆکی ئێمە بە تەکنیکێکی زۆر سادەوە ویستی حیکایەتی ئەو مرۆڤە نەخۆشە بنووسێتەوە کە بە لەشێکی بریندارەوە بە رێکەوت لە شەڕەکاندا نەکوژراوە و لە سووچێکدا هەڵترووشکاوەو یادەوەریی خۆی هەڵدەرێژێتە بەر دەمی و بە قووڵی سەیری جەستەی هەڵا هەڵای خۆی

دەکات. زۆربەی زۆری چیرۆکەکان وەك درێژکراوەی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان) ی شێرزاد دێنە بەر چاوم. هەرچەندە نووسەر ئەم چیرۆکەی کە لە لای من یەکێکە لە چیرۆکە جوانەکانی بە چوار ساڵ لە ٩٦ تا ٢٠٠٠ نووسیووەتی. لای مامۆستا شێرزاد لە هەندێك چیرۆکیدا پاڵەوانەکە بە زمانێکی بریندارەوە باسی عاشقێکی دۆڕاو دەکات و دەگری و دەگری و ژێرنابێتەوە، لەنەوەدەکانەوە پاڵەوانی ئێمە ژێردەبێتەوەو لە جیاتی گریان دەیەوێت ئەو دەنگە نامرۆڤانە بنووسێتەوە کە لەدەرەوەی خۆی و (یۆنگ) وتەنی لەناو مرۆڤدا خۆشی هەیە. لێرەوە قسەکردن لەگەڵ رۆحدا لەگەڵ ناوەوەدا سیمایەکی گرنگی دەستپێکی سەدەی تازەیە لە چیرۆکی کوردیدا. بەڵام لە زۆربەی زۆری چیرۆکەکاندا زمانی دەربڕین هەژارترە وەك چیرۆکنووسانی هەشتاکان.

پاڵەوانەکانی شێرزاد هەرچەندە دەگرین، بەڵام لەگەڵ هەر هەنسکێکدا جوانتر و وەستایانەتر باسی خۆیان دەکەن، بەڵام لەساڵی دووهەزارەوە ئاستی دەربڕین لە لە زۆربە ی چیرۆکە کاندا تا ئاستێکی زۆر ترسناك بێهێز خۆی دەنوێنێت. پاڵەوانەکانی چیرۆکنووسانی هەشتاکان وشیارییەکی تەواویان بەرامبەر بە باری خراپی خۆیان نییەو بەڵام باش باسی دەکەن، پاڵەوانەکانی ئێستا تەواو ئاگادارن بە باری خۆیان و نازانن باسی بکەن، مارکیز دەڵێت چی دەگێڕیتەوە بیگێڕەوە گرنگ ئەوەیە خوێنەر باوەڕت پێ بکات، بەدرێژایی مێژووی چیرۆکی ئێمە تا سەر نەوەدەکان چیرۆکنووسانمان شتێکیان بۆ گێڕاوینەتەوە کە روویداوەو هیچ شکێك ناگرێتە خۆی، لە نێوان راستیی و ناڕاستییدا دیلانێت پێ ناکات، پێش گێڕانەوە باوەڕپێکراو





بووە، کۆپی کردنی واقع هەموو هێزێکی خەیاڵی خوێنەری ئێمەی تا ئاستێکی زۆر بێهێز کرد، بەڵام لەدوای دووهەزارەوە چەند چیرۆکنووسێك بە سیمایەکی تازەوە دێنە پێشەوە، ئەویش ئەو هاوسەنگییەیە کە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروستدەبێت و پرسیار دەکات و ئاستەکانی بینین قووڵتر دەکاتەوە. لە راستیدا یەکێك لە هەرە زەحمەترین کارەکانی نووسینی تێکستێکی جوان راگرتنی ئەو هاوسەنگییەیە کە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت، چونکە تەنها لەوێدا هەموو یارییەکان ئاشکرا دەبن، هێزی نووسەر و تواناکانی رووت دەبنەوە و دەردەکەون. ئێمەی نووسەر هەرچەندە لە سەرەتادا بۆ خۆمان دەنووسین بەڵام لە دوایدا هەر دەکەوێتە لای خوێنەر. خوێنەرێك کە حەز دەکات پاڵەوانێك بناسێت کە نە کۆپی خۆی بێت و نە سەد دەر سەد غەریب بە خۆی و دنیاکەی. تا بتوانێت بە هۆی تێکستێکەوە هەندێك سیمای تازەی شاردراوەی خۆی بدۆزێتەوە کە پێش ئەو تێکستە نەیبینیووە و نەیناسیووە. هەمان پرۆسە نووسەریش دەگرێتەوە، هەندێکجار نووسەریش هەندێك لایەنی تازە لە نووسینێکی خۆیدا دەدۆزێتەوە کە پێش نووسینی تێکستەکە نەیناسیووە. هەندێکجار نووسەر لەگەڵ تێکستێکی باشدا پیر دەبێت، گەنج دەبێتەوە، بەهێز دەبێت و لاواز دەبێت. دەگری و بەقاقا پێدەکەنێت.لایەنێکی گرنگی تریش کە پێویستی بەباسکردنە، تەکنیکی چیرۆکە. چ لای نووسەرانی هەشتاکان و چ ئێستاش تەکنیك لاوازە. من لە لای خۆمەوە هەوڵمداوە لەزۆربەی چیرۆکەکاندا تەکنیکی تازە بەکاربهێنم، بۆ نموونە سەیری چیرۆکەکانی وەك (ئەو پیاوەی

بوو بە بەرد) و (درەوشانەوەی مەحاڵ) و (گوڵەکانی دۆزەخ) و (باوکی ناو تەلەفۆن) و (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت).

تەکنیك لەم چیرۆکانەدا شتێك نییە تۆ بە ئاشکرا نەیبینیت، هەندێکجار پێکەنینم بە هەندێك نووسین دێت کە بەشان و باڵی هەندێك تەکنیکی چیرۆکدا هەڵدەدەن بە بێ ئەوەی بزانن تەکنیك چییە، خۆ تەکنیك ئەوە نییە تۆ لە لاپەڕەی یەکەمی چیرۆکێکدا ئەوە بزانیت کە پاڵەوانێك دەستی خوێنی لێ هاتووە و دوای پەنجا، شەست لاپەڕە ئەوە پێشان بدەیت کە بە بزمار وای لێ هاتووە. بەداخەوە ئەو شێوازە زیاتر تەمومژ دروستدەکات نەك ئاسانکردنی گێڕانەوە، ئەمەش تەکنیك نییە بەڵکو شەڕفرۆشتنە بە تەکنیك. هیوادارم نووسەرە گەنجەکان بە وردی ئاگاداری ئەو لایەنە بن. لە (نهێنییەکانی هونەری چیرۆکنووسین ،ڕۆژنامەی ڕۆڤار ٢٥،١١،٢٠٠٣ لا ٥٠) دا مامۆستای بەڕێز حسێن عارف لە باسی تەکنیکدا بەشێوەیەکی زۆر خراپ و ناتەواو باسی دەکات و دەنووسێت: (تەکنیك یانی وەستایی، ئا هەر راست یانی وەستایی، کە دواجار یانی راهاتن لەسەر نووسین). بێگومان ئەم پێناسەیە بۆ تەکنیك زۆر خراپ و ناتەواوە (لەگەڵ ریزی زۆرمدا بۆ ئەم مامۆستا چیرۆکنووسە ئازیزەمان)، هەرچەندە بەشێکی زۆر کەمی راستی تیایە، بەڵام هێندە ناتەواوە کە ئەوەشی سڕیوەتەوە، ئێمە چیرۆکنووسانێکی زۆرمان هەن کە لەسەر نووسینی چیرۆکی خراپ راهاتوون و بە بێ ئەوەی تەکنیك بەکاربهێنن، لای چیرۆکنووسانی هەشتاکانیش تەکنیك ئەوە بوو پاڵەوانەکە کەسی یەکەمی تاکە، یان کەسی دووەمی تاك، یان یەکەمی کۆ و بەم جۆرە، لە راستیدا





تەکنیك نە ئەمەیانەو نە وەستایی و راهاتن لە سەر نووسین، بەڵکو تەکنیك یاریکردنە بە گێڕانەوە، ئیشکردنێکی زۆر جددییە لەناو گێڕانەوەی رووداودا. تەکنیك نە تەمومژە و نە فێڵکردن لە خوێنەر، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی شێوازە لە چەند بوارێکدا وەك بۆ نموونە تێکشکاندنی زەمەن و تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ یەکتردا، یان بەشداریکردنی کۆمەڵێك پاڵەوان بۆ گێڕانەوەی یەك بەسەرهات، یان تێکەڵکردنی حیکایەت لەگەڵ چیرۆکدا، یان چەند بەسەرهاتێك و کۆکردنەوەیان لە یەك فۆرمدا، یان وەك لە (باوکی ناو تەلەفۆن) دا تێکەڵکردنی حیکایەتی منداڵان لەگەڵ بەسەرهاتی گەورەکان. وەك دەبینیت تەکنیکی زۆرت لەبەر دەستایە و هەموو چیرۆکێکیش خۆی تەکنیکی خۆی هەڵدەبژێرێت و دیاریدەکات، وەك دەبینیت تەکنیك نە وەستاییەو نە تەمومژ و فێڵکردن لە خوێنەر و نە کەسی یەکەمی تاك و کۆ.

*** ئایا هەموو ئەوەی بە ناوی چیرۆکەوە بڵاودەکرێتەوە چیرۆکن؟ ئەگەر چیرۆك نین ئەی چین؟**

- لە راستیدا زەحمەتە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە بێ ئەوەی نووسەرانێکی زۆر دڵیان لێت نەڕەنجێ. بەڵام خۆشەویستیم بۆ چیرۆك ناچارم دەکات راستگۆ بم. نەخێر زۆربەیان چیرۆك نین، بەڵکو پەخشانێکی لاوازن و بە زمانێکی خراپ و تەکنیکێکی سادەوە بە خوێنەران دەفرۆشرێن. لەوەش خراپتر هاوڕێییەکی دێت و نووسینێکی پڕ مەدحی درۆی لەسەر

دەنووسێت و بە داهێنەر لە قەڵەمی دەدات و وای لێ دەکات لە نووسینی چیرۆکی خراپدا بەردەوام بێت و نایەڵێت هەست بە لاوازی نووسینەکەی خۆی بکات، بۆیە لەم بارەوە هەرچەندە هاورێشیەتی بەڵام بێ ئەوەی پێ بزانێت زیانی لێ دەدات. ئەم جۆرە مۆدێلە زۆر خراپ لە رۆشنبیری ئێمەدا بڵاوبووەتەوە. بڵاوبوونەوەشی زۆر رێك لەگەڵ کاراکتەری مرۆڤی ئێمەدا دەگونجێت، تۆ هاورێمی دەبێت مەدحم بکەیت، گەر نا ئەوا هاورێ نیت لەمرۆ بەدواوە خواحافیز، لەنێوان هاورێ و دوژمندا ئەوەی دەفەوتێت تێکستەکە خۆیەتی کە کەس نایەوێت باسی بکات. زۆر لەو چیرۆکانەی ئێستا دەنووسرێن بێ رووداون، بێڕووداوی لە چیرۆکی کوردیدا تەواو ئاستی چیرۆکەکانی دابەزاندووە، بێ شوێنیش گرفتێکی ترەو بەدەگمەن چیرۆکێك دەخوێنیتەوە کە شوێنەکەی ماوەیەکی زۆر لە خەیاڵتدا بمێنێتەوە، لەسەرەتاشدا باسی نەبوونی تەکنیك و لاوازی زمان و تابیرکردنم کرد،

لەمانەش بترازێت پەلەکردنێکی سەیر لەنووسینی چیرۆکدا دەبینم و هەست بەو سووتانە ناکەم بەدیار نووسینەوە، من لەو بڕوایەدام لە سەدا هەشتای ئەو چیرۆکانەی کە بڵاودەکرێنەوە گەر نووسەرەکەی دوومانگێك لای خۆی بیهێڵێتەوەو بۆ هیچ شوێنێکی نەنێرێت و چەند جارێك بەسەریدا بچێتەوەو پێشانی دوو کەسی راستگۆی بدات نەك هاورێی درۆزن، ئەوا زۆربەیان لە بڵاوکردنەوی پەشیمان دەبنەوەو ئێمەش خاوەنی ئەو هەموو چیرۆکە خراپانە نەدەبووین. هەندێك کەسیش تەنها لە کاتی نزیك بوونەوەی فێستیڤاڵەکاندا خەبەریان دەبێتەوەو دەبنەوە بە نووسەر. لەو بۆنانەشدا بەدەگمەن نەبێت تێکستە باشەکان خەڵات وەرناگرن و ئەمەش





من دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەو گەمە ناشرینەی لە پشتی ئەو فێستیڤاڵانەوە خۆی دەشارێتەوەو کۆمەڵێك هۆکاری وەك حزبی و دۆستایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش هەندێك لەو تێکستە خراپانە هەڵدەبژێرێت نەك جوانی دەقەکان و داهێنان.

*** ئایا هیچ ئومێدێك هەیە گەنجان تازەگەری بکەن؟**

- بێگومان هەیەو من هەرچەند لە وەڵامەکانمدا بەرامبەر بە چیرۆکی کوردی کەمێك رەشبین دیارم، بەڵام ئومێدێکی تەواوم بە گەنجان هەیە، بەڵام نامەوێت درۆیان لەگەڵدا بکەم و بڵێم هەموویان داهێنەرن و داهێنان جێگای هەمووومان دەکاتەوە و ناوی هەموویان یەك لەدوای یەك ریز بکەم، بەڵکو گەنجەکان دەبێت زیاتر و زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و وەك لە شوێنی تریش باسم کردووە، نەك تەنها ئەوە بەڵکو لەگەڵ هەر تێکستێکدا دەبێت پارچەیەکی خۆیان لێبکەنەوەو بیدەنێ. نووسەر بە چیرۆکێك و دوان نابێت بە تازەگەر، بەڵکو دەبێت رەخنەگرێکی وشیاری تێکستەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی و ئەوانەی خۆشی بێت. دەبێت پێش هەموو شتێك خۆی لە ئایدیۆلۆژییەکان و شەڕەجنێو پاکاتەوەو میوانی هەمیشەیی بەردەمی کتێبەکان بێت. ئەمەش بە ماوەیەکی زوو نایەتە دی بەڵکو کاتێکی زیاتری دەوێت، بۆ ئەمەش پەلەکردن و مەدحی درۆزنانەی ناوێت.

## دیداری سیازدەیەم

# زەحمەتترین شت لە نووسیندا ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییەیە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا هەیە

سازدانی: ڕابەر فاریق





***لە دیمانەیەکدا کە لە کتێبی (نووسینەوەی دڕك) دا دانراوە، لە ڕستەیەکدا نووسیوتە:**

**(تێکستی جوان ئەو تێکستەیە کە دەرەوەی خۆی جوان دەکات) لەوێدا مەبەستت ئەوەیە کە ئێمە پتر دەبێت پشت بە ڕامان و فەنتازیاکانمان ببەستین بۆ نووسینی دەقێك کە بەرگەی زەمەن بگرێت. بەڵام پێتوانییە کە چیرۆکنووسی باش بتوانێت بە شێوەیەکی فەنتازی واقیع بنووسێتەوە؟ مەبەستم ئەوەیە کە گەمەیەکی زۆری لەگەڵدا بکات و هەڵیبوەشێنێتەوەو بە شێوەیەك بەکاری بهێنێت کە لە خزمەتی دەقدا بێت؟**

**- من لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە کتێبی (نووسینەوەی دڕك) دا دانراوە باسم لە کۆپیکردنی واقع کرد و هەندێك تێکستی باشی نووسەرانی هەشتاکان کە دنیای واقعی دەرەوە ئەو تێکستانەی جوان کرد کە دەبوایە بەپێچەوانەوە بوایە، تۆ گەر پشت بە فەنتازیاو خەیاڵ نەبەستی، واقیع بە تەنیا کۆمەکت ناکات بۆ نووسینی تێکستێك کە تەمەنی درێژ بێت و ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. تۆ گەر واقیع وەکو خۆی بنووسیتەوە ئەوا دوای نەمانی ئەو واقیعەو گۆڕانی ئیتر ئەو تێکستە بیر دەچێتەوە. گەر بە ڕێکەوتیش تێکستێکی باش بە بێ خەیاڵ بەرهەم هات کە ئەم ڕێکەوتە**

**لەهەشتاکاندا زۆر روویدا، ئەوا ئەو تێکستانە وەك دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی دەمێننەوەو دەخوێندرێنەوە نەك وەك دەقێکی ئەدەبی. هەڵوەشاندنەوەی واقیع و جارێکی تر دروستکردنەوەی گەمەیەکی سەختەو هەروا ئاسان نییەو بە هەموو کەسێك ناکرێت. من لە شوێنی تریش ئەم قسەیەم کردووە کە زەحمەترین شت لە نووسیندا راگرتنی ئەو هاوسەنگییەیە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا دروستدەکرێت، تەنها نووسەری زۆر باش دەتوانێت باڵانسی ئەو دووانە پێکەوە رابگرێت و خوێنەر لە نێوانیاندا بێنێت و ببات و دیلانێی پێ بکات. بێنە بەر چاوی خۆت تۆ فیگۆرێکت هەیە لە قوڕ، ئەوا تێکی دەدەیتەوە و شتێکی تەواو تازەی لێ دروستدەکەیت، هێندە جوان دروستی دەکەیت و پڕی دەکەیت لە سیحر و ئەفسوون کە کەس بیر لە فیگۆرە کۆنەکە ناکاتەوە، گەر بیریشی لێ بکاتەوە خەفەتی بۆ نەخوات کە لەدەستیداوە، بەڵکو هەست بکات ئەم فیگۆرە تازەیە دنیای لا گۆڕیوە و بەجۆرێك لە جۆرەکان جوانتریشی کردووە.**

*** پێموایە دوو لە ئەرکەکانی هەر نووسینێکی باش جوڵاندن و گواستنەوەن، واتە ئەفسوونمان بکات، لەهەمان کاتیشدا دوورمان بکاتەوە لە خۆشمان، ئەمانەش لە سەر وەختی خوێندنەوە بەرجەستە دەبن. بەدەر لەمانەی کە تیشکم خستە سەریان، یان لەوانیش کاریگەرتر چ ئەرکی دیکە هەیە کە بیخەیتە ئەستۆی نووسین، بەتایبەتی چیرۆك کە بەرێژەیەکی یەکجار کەم دەخوێنرێتەوە لە ناو خوێنەرانی ئێمەدا؟**





**- لە راستیدا مەرج نییە هەموو کاتێك نووسین لە خۆمان دوور بخاتەوە، جاری وا هەیە یەکجار بە پێچەوانەوەیە، مەبەستمە بڵێم کە نووسین جاری وا هەیە نەك لە خۆت دوور ناخاتەوە بەڵکو زۆر بە قووڵی بەخۆتت دەناسێنێت. هەندێك تێکستی باش هەن کە زیاتر دەتکەنە هاوڕێی خۆت و بە دنیاو نهێنییەکانی خۆتت ئاشنا دەکەن، جاری وا هەیە دوای خوێندنەوەی تێکستێکی زۆر باش سەرت لەوە سوڕدەمێنێت بۆ هێندە پەیوەندیت لەگەڵ خۆتدا پێش ئەم خوێندنەوەیە لاواز بووە و تۆ پێت نەزانیووە.**

**خوێنەری جیا پەیوەندی جیا لەگەڵ تێکستدا دەدۆزێتەوە و رەنگە ئەمەش ئەرکێکی گرنگتری نووسین بێت، بەدەر لەوە دوو ئەرکەی تر کە تۆ باست کردن، بێگومان ئەرکی تر زۆرەو وەك گۆڕینی تێڕوانینمان بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤ و پەیوەندییەکان، دەوڵەمەندبوونمان بە ئەزموونی نوێ و بەهێزبوونمان بەرامبەر بە ژیان و فرمێسك و دەردەکانی، جاری وا هەیە چیرۆکێکی جوان، رۆمانێکی بەنرخ هەستێکت پێ دەبەخشێت کە ئەمە دووەم جارە دەژیت. بە هەرحاڵ من خۆم هەستی وام هەبووە و هیوادارم زۆر کەسی تریش هەمان هەستیان کردبێت. یان پاڵەوانەکان هێندە نزیك بن لێتەوە کە هەست بکەیت تەمەنێکە دەیانناسیت و هەمیشە لە یادەوەریتدا دەژین. بۆ ئەوەش کە تۆ دەڵێیت کە خوێنەری چیرۆك لای ئێمە بە ریژەیەکی کەم دەخوێندرێنەوە جێگای داخە و لە ئەورووپادا چیرۆك خوێنەرێکی یەکجار زۆری هەیەو لەگەڵ رۆماندا بەشێوەیەکی زۆر فراوان دەخوێندرێنەوە.**

*** ماوەی دوو ساڵ هیچ چیرۆکێکت بڵاونەکردەوە، ئەوەی هەستیشم پێ کردبێت خوێنەرانی کورد پتر مەبەستیانە نووسەر- چیرۆکنووس بەردەوام بێت، نەک لە ماهییەتی دەق قووڵتر بێتەوە، پێموایە ئەم وەستانەی تۆش بۆ پتر قووڵبوونەوەو گەڕان بووە بۆ ئەزموونەکانی دیکەت، جیاوازیشت کردووە لە بەشداری کردنەوەت، لێرەدا پێتوایە هەموو نووسەرێک پێویستی بەمە هەبێت کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا یان دوای ئەزموونێك بوەستێت تا ئەزموونی داهاتووی قووڵتر و چڕتر پێشکەش بکات؟ لێکدانەوەت چۆنە بۆ ئەو شێوە بیرکردنەوەی ئەو تەرزە خوێنەرانە؟**

- بەڵێ ڕاستە من بۆ ماوەی دوو ساڵ هیچ چیرۆکێکم نەنووسی و بە هێمنی دەستم کردەوە بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لە جاران و بە چاوێکی ترو دەرگایەکی ترەوە چوومەوە ناو چیرۆکی کوردییەوە، دەرەنجامەکەیم بە روونی لەو چاوپێکەوتنەی لە کتێبەکەدایە کە باست کردووە بۆیە بە پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە، با هەر نووسەرێکیش خۆی بڕیار بدات گەر پێویستی بە ماوەیەك هەبێت تیایدا تەنها بە قووڵی تێکستەکان بخوێنێتەوە بە بێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت بنووسێت، بە پێچەوانەوە من لاموایە خوێنەری جدی تێکستێکی قووڵی دەوێت چێژی لێ ببینێت نەك بەردەوام نووسینێکی بێتام، بەو جۆرەی وەك ئێستا هەیە. نووسین گەڕانە، بەڵام گەڕانێك نییە بە پیاسەوە و دەستیشت بخەیتە گیرفانەوە، بەڵکو گەڕانێکی شێتانەو پشکنینێکی هەمیشەیی و تێڕامانێکی قووڵە لە رابردوو و ئێستاو داهاتوو، من سەدەها پرسیارم لە چیرۆکی کوردی هەبوو،





کەس وەڵامی نەدەدامەوە ناچار بووم خۆم بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێم. دۆزینەوەی هەندێك لە وەڵامەکان تێڕوانینی منیان بۆ چیرۆکی کوردی گۆڕی و ئیتر منیش ناچار بووم بە شێوەیەکی تر بنووسم و ئەزموونی تر تاقی بکەمەوە.

*** لە هەمان دیمانەدا گوتووتە (گومانی تیا نییە کە نووسین بە کوردی رۆژێك لە رۆژان وەك شتێکی پیرۆز سەیر کراوە، وەك تفەنگێك کەسێك هەڵیدەگرێت و پارێزگاری لە مانەوەی خۆی و نەتەوەکەی دەکات و دژ بە دوژمنەکانی دەجەنگێت) ئەمە بۆ ئێستاش گونجاوە، واتە ئێستا لە باتی ئەوەی قەڵەم دژی دوژمنی میللەت بەکار بێنن، دژ بە نووسینی هاونیشتمانیەکانیان بەکاردەهێنن، جا بۆ ئەوەی ئەو پیرۆزییەی کە تۆ باسی دەکەیت (ئەویش هێشتا کاڵ نەبۆتەوە. وەختی رەخنە نووسین لە سەر بەرهەمی گەلێك نووسەریش ئەم خاڵە بە تەواوی هەستی پێ دەکرێت) هاوکات تفەنگەکەیش، بۆ ئەوەی ئەم شتە لوکاڵیی و بێ بەهایانە نەمێنن و گرنگی بە خودی داهێنان بدرێت، چی کۆمەکمان دەکات بۆ وردوخاشکردنی ئەو بنەما وێرانانە و بیناکردنەوەیان بە شێوەیەك کە خزمەت بە رەوتی ئەدەب بکات؟**

- من بڕوا ناکەم نووسین بە کوردی لای ئێمە ئێستا پیرۆز بێت، رەنگە لە پارچەکانی تری کوردستاندا بەو پێیەی بە جۆرێك لە جۆرەکان قەدەغەیە، بەڵام لای ئێمەش رۆژێك لە رۆژان وا بوو، ئێستا لای من نووسینی جوان پیرۆزە بە هەرچی زمانێك بێت گرنگ نییە، بۆ بەشی

دووەمی پرسیارەکەشت ئەوەی کۆمەکمان دەکات خوێندنەوەیەکی قووڵتری تێکستەکانە و من لە شوێنی تریش باسمکردووە و دەبێت ئێمە کەسانێکمان هەبن کە بە ڕاستی ڕەخنەگر بن و خۆیان بۆ ئەو بوارە دانابێت و بە قووڵی ئەو قوتابخانە ڕەخنەییانە بناسن و بتوانن ئەو تێکستە جوانانەی ئێمە (گەر بە راستی هەبن)، شیبکەنەوە.

*** گەلێك لە نووسەرانی ئێمە لە باتی ئەوەی بە پێشکەشکردنی دەقی ئیبداعی وتوویژ لەگەڵ دەوروبەرو (ئەوانی دی) بکەن، بە نووسینی ساکار ستایشی خۆیان دەکەن (تۆش لە شوێنێکی هەمان دیمانەدا کەمێك باست لەم حاڵەتە کردووە). یان پەنا دەبەن بۆ هاوڕێکانیان تا وەکو کەسی بە توانا باسیان بکەن، هەست ناکەیت ئەم تەرزە (خۆگەورەکردنە) زیان بە (چییەتی دەق) بگەیێنێت و وەکو وەهمێکی زەمەنیش هەڵبڕەخسێنێت بۆ ئەوەی نووسەر دیار بکەوێت؟**

- بێگومان زیانی لێ دەدات بە تایبەتی لە (ئێستا) دا، بەڵام گەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەیری بکەین ئەوا زۆر گرنگ نییە، ئەو خۆگەورە کردن و نووسینە درۆیانە زۆر ناژین، کەس بە مەدحی درۆ و پیاهەڵدانی ناڕاست نابێت بە نووسەر، لە راستیدا دادگای مێژووی ئەدەب زۆر لە دادگای راستەقینە راستگۆترە، لە دادگای راستەقینەدا زۆر جار ڕێکەوتووە کە بێتاوان وەك تاوانبار خراوەتە زیندانەوە، تاوانباریش بە بێتاوان لەقەڵەم دراوەو سەربەست کراوە، بەڵام مێژووی ئەدەب ڕێگە بەو هەڵەیە نادات، گەر کەسێك تەنانەت سەد ساڵیش مەدحی درۆینە بکرێت





دوایی هەر بەسەرخۆیدا دەشکێتەوە، دەتوانم نموونەیەکی زۆر سادەش بێنمەوە کە ڕەنگبێت زۆر کەس بڕوا نەکات و پێی هەزم نەکرێت، ئەویش مایکۆفسکی شاعیرە، ئایدۆلۆجیاو دەسەڵات پلەو پایەیەکی زۆریان پێ بەخشی، بەڵام ئێستا لە روسیادا وەك شاعیریش باس ناکرێت و هەر ناشخوێندرێتەوە.

*** ئەو چەند چیرۆکەی کە لە کتێبی (نووسینەوەی دڕك) دا هەن تەواو جیاوازن لەگەڵ ئەزموونەکانی پێشووترت، وەك کۆمەڵە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە) و چەند چیرۆکێکی دیکەشت، با لێرەدا بپرسین چۆن توانیت جوداواز بیت لە هاوئەزموونەکانت، لە کاتێکدا کە زۆربەی چیرۆکنووسانی ئێمە تەنها لە رووی هەڵبژاردنی بابەت و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتەکاندا تۆزێك لەگەڵ یەکتری جوداوازن؟**

- بۆ من هەموو چیرۆکێك دنیایەکی تایبەت و ڕووداوێکی ناوازەیە کە دووبارە بوونەوەی نییە، نازانم بۆ هاوئەزموونەکانم بەڵام من لەگەڵ خۆشمدا حەزدەکەم جیاواز بم، ئەو چیرۆکانەی تریش کە دوای کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی دڕك نووسیومن، هەر تەواو جیاوازن و چیرۆکەکانی وەك (باوکی ناو تەلەفۆن) و (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت) و (من بە بوکێکی گەورەوە) و (دڵێك لە کەلاوە)، هیچیان لە یەکتر ناچن و ئەوەش مەبەستی منە کە خوێنەران لەسەر یەك بابەت و شێوازی نووسین ڕانەهێنم بۆ ئەوەی زوو بێتاقەت نەبن لە چیرۆکەکانم.

*** نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا. ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا گەیشتوویتە کوێ؟**

**- پرسیارێکی جوان و زەحمەتە، من نازانم لە کوێدام، بەڵام ئەوە دەزانم هەموو بەیانییەك کە لە خەو رادەپەڕم هەستدەکەم ئەمڕۆ دەست بە ژیان و نووسین دەکەم، لەگەڵ هەردووکیاندا هەموو رۆژێك نهێنی تازە لەیەکتردا کەشف دەکەین و قەتیش تێر لەیەکتر ناخۆین، چەند رقم لە ژیانە هێندە حەزم لە نووسینە و چەند رقم لە نووسینە هێندەش حەزم لە ژیانە، نازانم ژیانی من بە بێ نووسین چ شێوەیەکی لە خۆ دەگرت و چ مانایەکی دەبوو، بەڵام دڵنیام کە زۆر ئاسوودەترو بەختەوەرتر دەژیام وەك لە ئێستام.**

*** چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

**- ئەمەش یەکێکی ترە لە پرسیارە جوانەکانی تۆ، تاقە شتێك ئێمە بتوانین بیکەین ئەوەیە کە قەت پشتمان سارد نەبێتەوە و قەت بێ ئاوات نەبین لە گۆڕینی. خەیاڵ و فەنتازیا خۆیان ناتوانن واقیع بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێت بگۆڕن، ئەوەی واقیع دەگۆڕێت سیاسییەکانن و ئەوانەشن کە بڕیارەکانیان بەدەستەوەیە، دەنا چیرۆکێکی جوان، رۆمانێکی گەورە، پارچە مۆسیقا و شیعر و گۆرانییەك واقیعیان بۆ ناگۆڕدرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە هیچیان بۆ ناکرێت، ژانرە ئەدەبیی و هونەرییەکان دەتوانن دەستکاری بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بکەن و ئامادەیان بکەن بۆ گۆڕان، بەهێزیان بکەن و وایان لێ بکەن جوانتر دنیاو ژیان و**





**پەیوەندییەکان ببینن، ئەدەب و هونەر سەروکاریان تەواو لەگەڵ روحی مرۆڤدایە و لەناو ئەو روحەدا کاری تەواو دەکەن، کە لێرەوە مرۆڤەکەت گۆڕی بە هۆی مرۆڤەکەشەوە واقیع دەگۆڕیت، بەڵام ئەم گۆڕینە هێندە خاوە کە زۆر جار تووشی نائومێدیمان دەکات و هەست بە رەشبینییەکی تەواو دەکەین و پێمان وا دەبێت کە هیچمان بۆ ناکرێت، بەڵام وا نییە، ئەوەی سەروکاری لەگەڵ ئەدەب و هونەردایە گەورەترین هێزە بۆ گۆڕینی دنیا.**

## دیداری چواردەیەم

## بە بێ خەیاڵ نووسینەوەی واقیع نابێت بە ئەدەب

سازدانی: رابەر فاریق

گۆڤاری رامان، ژمارە ١٤٤





*** یەکەم جار خوێندتەوە یان نووسیت؟**

- من زۆر منداڵ بووم دەستم بە خوێندنەوە کرد، هەر چاوم هەڵهێنا، کتێبخانەیەکی گەورە کە هی باوکی ئازیزم بوو لە ماڵەکەماندا بوو. پێش ئەوەی فێری خوێندنەوە بم، باوکم فێری کردین کە ڕێزی کتێب بگرین. کە سەیری ئەو کتێبخانە گەورەیەی ماڵەوەم دەکرد، هەندێکجار موچڕکم پیا دەهات، هەر لەخۆمەوە حەزم دەکرد منیش خاوەنی کتێبێك بم و گرنگ نەبوو چ کتێبێك، گرنگ ئەوە بوو ناوی منی بەسەرەوە بێت و هەمیشە خەونم بەوەوە دەبینی، بەڵام قەت ڕووم نەهات لای کەس باسی بکەم.

*** ئەو هۆکارانە کامانەن کە پەلکێشیان کردیت بۆ نێو فەزاکانی نووسین و خوێندنەوە. لە کاتێکدا لە نێو کۆمەڵگەیەکی داخراودا گەورە بوویت؟**

- یەکێك لەو هۆکارانە ئەو کتێبخانەیەی باوکم بوو کە هەموو کتێبەکانیم بە باش و خراپیانەوە خوێندبووەوە، کۆمەڵگای ئێمە داخراو بوو، ئێستاش وایە بەڵام ماڵی ئێمە زۆر کراوە بوو، بیرمە من زۆر منداڵ بووم لە سەرەتای حەفتاکاندا باوکم بە ئێواران هەموومانی کۆدەکردەوەو کتێبی بۆ دەخوێنینەوە، من هەر زۆر منداڵ بووم بە هەموو نووسەرە

جیهانییەکان ئاشنا بووم، بێگومان ئەوسا کتێبەکان زۆربەیان بە کوردی نەبوون، باوکم یەکسەر وەریدەگێڕانە سەر کوردی و بۆی دەخوێنینەوە، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە و ئەو هەموو باوکە تەمەڵانە دەبینم هەستدەکەم لەو جۆرە باوکانە هەر زۆر دەگمەنن و منیش لەوەدا بەختێکی چاکم هەبوو کە خاوەنی باوکێکی وا بووم.

*** یەکەم نووسین کە خوێنتەوە کەی و چۆن بوو؟**

لەسەرەتای حەفتاکاندا باوکم ڕۆژنامەی (ژین) ی دەردەکرد، بەو منداڵییە من هەموو ژمارەکانیم دەخوێندەوە، بەڵام یەکەم کتێب وا بزانم ڕۆمانی (ژانی گەل) ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە لە چاپخانەکەی ئێمە چاپ بوو و باوکیشم هەموومانی دەبردە چاپخانەکەو کە چاپی دەکرد ئێمەش کۆمان دەکردەوە و ئەمەندە لەبەرچاومدا لاپەڕەکانی دووبارە دەبوونەوە هەموویانم دەرخ کردبوو. بیرمە کە دکتۆر کەمال فوئاد لە ئەڵمانیاوە (گەر بە هەڵەدا نەچووبم) پێشەکییەکی بۆ ڕۆمانەکە نووسی و ناردی بۆ باوکم.

***باوکت تا چەند کۆمەککارت بوو بۆ ئێوە تا روو لە پرۆسەکانی خوێندنەوەو نووسین بکەن؟**

- لە راستیدا زۆر، بەتایبەتی بۆ خوێندنەوە، بەڵام من هەستم دەکرد کەمتر پێی خۆشبوو بۆ نووسین، ئەوەش لەبەر ئەوەی خۆی دەیزانی ئەوەی خەریکی نووسین بێت قەت لەژیاندا بەختەوەر نابێت. خۆی لەو سەری





گەڕابووەوە، بۆیە حەزی نەدەکرد منداڵەکانی شوێن پێی هەڵبگرن، بەڵام من هەرچی شتێکم بنووسیبایە یەکەم جار بۆ ئەوم دەخوێندەوە، دوایش کە ئێوارە هەموومان کۆدەبووینەوە بۆ دایکم و خوشك و براکانم، هەرچەندە نووسینەکان خراپ بوون بەڵام هەمووان بە تامەزرۆییەوە گوێیان دەگرت.

تا جارێکیان چیرۆکێکم نووسی بەناوی (تابلۆ)، کە وەك سەرەتا زۆر خراپ نەبوو، بەڵام ئەو زۆری پێ باش بوو، وتی با ئەمە بنێرین بۆ چیرۆکنووسێك بزانین ئەو چی دەڵێت، تەلەفۆنی کرد بۆ کاك (رەئوف حەسەن) و پێیوت کە برادەرێك چیرۆکێکی نووسیووە و حەز دەکات رای چیرۆکنووسێك لە بارەیەوە بزانێت، نەیوت هی منە، کە بۆی نارد و خوێندبوویەوە بە باوکمی وتبوو کە ئەمە گەر یەکەم چیرۆکی ئەم برادەرە بێت ئەوا یان ئەمە دوا چیرۆکی دەبێت و ئیدی واز لە چیرۆك دێنێت، یان ئەم نووسەرە لە دوا رۆژدا نووسەرێکی باشی چیرۆکی کوردی دەبێت. ئەم چیرۆکەم لە ساڵی ٨٣ دا لە هاوکاریدا بڵاوبووەوە، دوایی چەند چیرۆکێکی ترم لە بەیاندا بڵاوبوونەوە کە باسی ژان و ئازارەکانی قوتابییانی زانکۆی دەکرد، من لە زانکۆی موسڵ دەمخوێند و ئەم زانکۆیەش بەندیخانەیەکی گەورە بوو بۆ ئێمە، گەر ئێستا پێم بڵێن دەتەوێت تەمەنت بچێتەوە دواوە و بگەڕێیتەوە ئەو زانکۆیە وەك جاران، دەڵێم نا.. سوپاس، نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ دۆزەخ، بەڵام ئیدی لەو دۆزەخەدا دەمنووسی و لەوێش بۆ هاوڕێ نزیکەکانم دەخوێندەوە و ماتییەکی زۆر دایدەگرتن.

*** ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین باوکتان (کاکەی فەلاح) شاعیر بووە، بەڵام هەرچی ئێوەن رووتان وەرچەرخاندووە بەرەو چیرۆك، هۆکاری ئەم جووداوازییە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

* رەنگە ویستبێتم شتێکی تر تاقی بکەمەوە کە هی باوك نەبێت، نازانم، بەڵام زۆر حەزم لە شتێك بوو گێڕانەوەی تیا بێت، لە شیعردا سیحری گێڕانەوەم نەدەبینی، شیعر پڕ بوو لە وەسف کە باڵێکی پێ دەدایت بفڕیت و خۆت رزگار بکەیت، بەڵام من دەمویست لە شوێنی خۆمدا بمێنمەوەو لە شتەکان رابمێنم و بە شێوەیەکی تر بیانگێڕمەوە، بەهەرحاڵ ئەوە رای ئەوسای من بوو بۆ شیعر، (هیوادارم شاعیرەکان لێم زوویر نەبن)، هەرچەندە من جار جار شیعریشم دەنووسی، بەڵام بڵاوم نەدەکردنەوە، ئێستاش کەم کەم شیعر دەنووسم، کاتی خۆی قەسیدەیەکم نووسی بە ناوی قەسیدەی یار و لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوبووەوە، رەنگە دیوانێك شیعرم هەبێت، بەڵام دەستکاری زۆری دەوێت تا لێیان رازی بم و چاپیان بکەم. بەڵام ئێستا راموایە کە ئەوەی شیعر لە ژانرەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بیانووسێت و بڵاویشیان نەکاتەوە، شیعر وەك گۆرانی وتن وایە، مرۆڤ دەتوانێت دەنگیشی خۆش نەبێت بەڵام هیچ نەبێت لە حەمامدا گۆرانی بڵێت، شیعریش ئەو سەربەستییەت پێ دەدات کە رەنگە شاعیریش نەبیت بەڵام لە ژێرەوە خاوەنی چەند دیوانێك بیت.

*** ئەو چێژەی لە رۆمانی نووسەرێکدا وەریدەگریت، دەتوانیت تا ئەو ئاستەیش ببیت بە خوێنەری خۆت و چێژ لە بەرهەمەکانت وەربگریت؟**





- نووسەران هەمیشە چێژێکی زۆر لە بەرهەمەکانی خۆیان وەردەگرن، ئەو کەسەی دەڵێت چێژی لێ نابینم راست ناکات. بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە نووسینی کەسانی تر ئەوەیە کە تۆ دەتوانی سەرسام بیت بە تێکستی نووسەرانی تر، بەڵام مرۆڤ قەت سەرسام نابێت بە نووسینی خۆی، چونکە خۆی نووسیوویەتی، گەر زۆر زۆر جوانیش بێت هەر پێی سەرسام نابێت، چێژ بینینەکەش ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بەرهەمەکە بڵاودەبێتەوە و نووسەر ئەوسا دەبێتە خوێنەری خۆی و چێژی لێ دەبینێت. بێگومان ئەم قسەیە هەندێك نووسەری (نەخۆش و خۆبەزلزان) ناگرێتەوە کە بە هەموو شتێکی خۆیان سەرسامن.

*** یەکەم بەرهەمی چاپکراوتان کۆمەڵە چیرۆکی (زێراب)ە، دواهەمیش تا کاتی ئەم چاوپێکەوتنە (نووسینەوەی دڕك)ە. لە روانگەی خۆتانەوە جوداوازییەکان چین؟**

- لە راستیدا باسکردنی ئەو جوداوازییە کاری من نییە، ئەوە زیاتر کاری رەخنەگرەکان و ئەو کەسانەشە کە دیدار ساز دەکەن، بەڵام هەر لەبەر رێزی پرسیارەکەت دەڵێم، کە کۆمەڵە چیرۆکی زێراب کە بیست ساڵێك پێش ئێستا نووسیوومە وەك هەموو سەرەتایەکی تر سادەیەو بە هیچ جۆرێك پێنەگەیشتووە، ئەوسا من وەك گەنجێك زیاتر باسی خۆمم کردووە و دنیام تەنها لە خۆمەوە بینیووە و واشم زانیووە هەر دەبێت وابێت. لە کۆمەڵە چیرۆکی زێرابدا تەواو لەژێر کاری دوو نووسەری گەورە هەوڵم دەدا دەرچم و نەمدەتوانی. ئەوانیش کافکا و سادیقی هیدایەت بوون.

لەهەمان کاتیشدا دەمویست بە زمانێك بنووسم وەك زمانی نووسینی شێرزاد حەسەن شیرین بێت و نەمدەزانی چۆن. من خۆم نەدۆزیبووەو هەر لە گەڕاندا بووم، بەڵام کاتێکی زۆری دەوێت تا نووسەران زمانێکی تایبەت بە خۆیان دروستدەکەن، من هەستدەکەم ئێستا ئەو زمانەی من پێم نووسیووە لە (نووسینەوەی دڕك) دا هی خۆمە. جیاوازی نێوان ئەو دوو کۆمەڵە چیرۆکە ئەزموونی بیست ساڵ نووسینە. من خۆم هەمیشە حەزدەکەم هەموو کۆمەڵە چیرۆکەکانم لەیەك جیاوازبن، چیرۆکەکانی نووسینەوەی دڕك بە تەکنیکێکی تەواو جیاواز نووسراون، پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی من ئێستا دەچنە ناو چیرۆکی ترم و دەبن بە پاڵەوانی ترو درێژە بە ژیانیان دەدەن. زۆر وردەکاری هەن کە من خۆم حەزناکەم باسیان بکەم.

*** ئێوە هەمیشە جەختتان لەوە کردووەتەوە کە نووسەر زیاتر لە واقیع پێویستی بە فەنتازیا و خەیاڵ هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاگایی لە پشت فەنتازی نووسەرەوە بێت، کەسێك کە خەیاڵی فراوان نەبێت دەتوانین وەکو نووسەرێکی شکستبار سەرنج لە بەرهەمەکانی بدەین؟**

- لە راستیدا مەسەلەی خەیاڵ و واقیع دوو چەمکی گرنگن و هەمیشە باسکردنیان دێنە پێشەوە. خەیاڵ و واقیع چەندە دژی یەکن هێندە دۆستن و خزمەتی یەك دەکەن و بێ یەکتریش هەڵناکەن. ئێمە پێویستیمان بە فەنتازیایەکی فراوان هەیە نەك لەبەر خەیاڵ خۆی، بەڵکو لەبەر ئەوەی بتوانین واقیع جوانتر بنووسینەوە. بەبێ خەیاڵ نووسینەوەی واقیع نابێت بە ئەدەب. ئەوەت بیر نەچێت کە خەیاڵ لە بیرکردنەوەو





کولتووری ئێمەدا شتێکی نێگەتیڤە و رستەکانی وەك (خەیاڵ پڵاو و لێدە خەیاڵ و بفرە بە خەیاڵ و خەیاڵخۆش) و دەیەها رستەو وشەی لەم بابەتە سەیرکردنی تەواوی ئێمە بۆ خەیاڵ پیشاندەدات و ئەمەش بەتەواوی کارێکی خراپی کردە سەر ئەدەبی ئێمە تا سەرەتای ئەم سەدەیە. لە ساڵی٢٠٠٠ ەوە سەیرکردنی ئێمە بۆ خەیاڵ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئەدەبی ئێمە لەو گۆڕانەدا دەستپێشخەری دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە. بۆیە ئەو نووسەرەی کە خەیاڵێکی فراوان لە بەرهەمەکانیدا نەبێت لەنووسینی تێکستێکی جواندا شکست دێنێت و زوو بیردەچێتەوە.

*** ئەگەر بە وردیی سەرنج لە هەر یەکێك لە چیرۆکەکانی ئێوە بدەین، جوداوازییەکی گەورە خۆی نمایش دەکا، ئەمەیش لە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە) و (فرمێسکی شارێك) و (نووسینەوەی دڕك) و (درەوشاندنەوەی مەحاڵ ) ەوە تا (باوکی ناو تەلەفۆن) بەدی دەکرێت، لەبارەی جوداوازییەوە تەنها لێرەدا پرسیارێك دەکەین: چۆن دەتوانین قووڵنووس و جوداواز بین، لە کاتێکدا ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی لێوانلێوە لە دووبارەبوونەوەو ساکارنووسی؟**

- دەبێت هەمیشە تێکستە جیهانییەکان بخوێنینەوەو خەیاڵمانی پێ فراوان بکەین، دەبێت قەت لە نووسیندا پەلە نەکەین و هەمیشەش ئەو شتەی ئێستا دەینووسین جیاواز بێت لەو تێکستەی مانگێك پێش ئێستا نووسیومانە ، دەبێت رەخنەگرێکی جددی دەقەکانی خۆمان و ئەوانی تر بین، گەر رەخنەشیان لێ گرتین بە دڵێکی فراوانەوە وەریبگرین. دەبێت

ئامادە بین گەر تێکستێك خراپ بوو فڕێی بدەین. بەڵام ئەوەت بیر نەچێت کە دووبارەبونەوەو ساکار نووسی لە ئەدەبی هەموو گەلێکدا هەیەو هیچ میللەتێك لەسەر ئەم ئەستێرەیە نادۆزیتەوە هەموو تێکستەکانی جوان و پڕ داهێنان بن، تا دەقێکی جوان دەخوێنیتەوە دەیەهاو سەدەهای ناشرینت پێ تەواو ناکرێت، لەدوای هەموو دەقێکی جوانەوە چەند دەقێکی کەم و جوانی تر لەدایکدەبن و لەدوای هەموو دەقێکی ناشرینیشەوە سەدەها دەقی ناشرینی تر. من پێمخۆشە کە تۆ ئەو جوداوازییە لە چیرۆکەکانی مندا بەدی دەکەیت، چونکە لای من گرنگە خوێنەر ئەو جیاوازییە ببینێت و ئەوەش خەونی گەورەی منە و دەبێت نووسەرانی تریش ئەو خەونەیان هەبێت و هەوڵی بۆ بدەن. بەبێ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك خەون و ئاڕاستەکردنیان بەرەو شوێنی مەبەست مەحاڵە جوداوازیی لەنووسیندا.

*** دەکرێت ئێمەش لێرەدا، هاوکات لەگەڵ (کاریتە) ی کچت بپرسین: چیرۆکەکانت باس لە چیدەکەن؟**

- کاریتە تەمەنی ٥ یان ٦ساڵان بوو کە هەمیشە حەزی دەکرد بزانێت من خەریکی چیم و چی دەنووسم. چونکە بە ئێواران کە دەمخەواند زۆر حەزی لە حیکایەتەکانی من بوو کە لەو چەند ساڵەدا هەمیشە بۆم دەکرد وپێی راهاتبوو، قەت نەیدەهێشت کتێبی بۆ بخوێنمەوە چونکە حیکایەتەکانی منی دەویست و دەبوایە هەموو ئێوارەیەکیش بیر لە دانەیەکی تازە بکەمەوە، بۆیە کە منی دەبینی شت دەنووسم وای دەزانی حیکایەت دەنووسم و بۆ ئەوی دەگێڕمەوە، بۆیە هەمیشە دەیوت بابە





چیرۆکەکانی تۆ باسی چی دەکەن؟ ئەو چونکە منداڵ بوو من حەزم نەدەکرد باسی ئەو بابەتە سەخت و دڵڕەقانە بکەم کە کۆمەڵگای ئێمە پێوەی دەناڵێنێت و لەناو چیرۆکەکانی مندا هەن، بۆیە خۆم لە پرسیارەکەی دەدزییەوە. بۆ زانینت ئەو حیکایەتەی کە لە چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن) دا هەیە یەکێکە لەو حیکایەتانەی من کە بۆم گێڕاوەتەوەو زۆر حەزی لێ بوو، من بیست تا سی حیکایەتی وام بۆ گێڕاوەتەوە کە هی منن و ئێستا خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم کە ئەو حیکایەتانەم لای خۆم نەنووسیوەتەوەو زۆربەشیانم بیرنەماوە، مەگەر منداڵێکی تر دروست بکەم تا ئەو حیکایەتانە جارێکی تر بێنەوەو ئەم جارە بیاننووسمەوە.

*** چیرۆکەکانی ئێوە لەپاڵ (گێڕانەوە) دا (دیالۆگ) ی کاراکتەرەکانیشیان فەرامۆش نەکردووە، بەڵام هەرچی بەشی زۆرینەی چیرۆکنووسەکانی دیکەن لەم دوو لایەنە، لە یەکیان قووڵتردەبنەوە، کەچی ئێوە تا ئاستێکی باش هاوسەنگی خۆتان پاراستووە. تەوزیفکردنی ئەم دوو لایەنە لە چیرۆکێکی قووڵدا دەکرێت چۆن بێت؟**

- لە چیرۆکێکی قووڵدا هەموو رەگەزەکان و لایەنەکان پێکەوە بەشدار دەبن، شتێك نییە لەویتر گرنگتر بێت، وەك پێشکەشکردنی سەمفۆنیایەك، بەڵام هەندێك لایەن هەیە رۆڵی کەمێك لەلایەکی تر لەوانەیە زیاتر بێت، بۆ نموونە لەوانەیە چیرۆکێك دیالۆگی کەمتر تیا بێت، بەڵام هیچ چیرۆکێك ناتوانێت بێ گێڕانەوە ببێت بە چیرۆك، چیرۆکێك ئەمڕۆ بخوێنیتەوە بەیانی بیرتدەچێتەوە ئەگەر بە زمانێك نەنووسرابێت کە سیحرت لێ بکات، چەند

مرۆڤ پێویستی بە جێگا هەیە و لە ژیانی واقعیدا بێ جێگا ناژی ئەوەندەش جێگا لەناو چیرۆکدا گرنگە، جێگایەك لە یادەوەری خوێنەردا بمێنێتەوە. بەداخەوە زۆربەی چیرۆکنووسانی ئێمە فەرامۆشیان کردووە. چیرۆکێکی بێ تەکنیك وەك ئەوە وایە پێت بڵێت مەمخوێنەوە، هەندێك چیرۆکیشمان هەیە کە بەتەواوی دیالۆگی درێژ دەیکوژێت گەر وەستایانە بەکارنەیەت، نووسەری ئینگلیزی ئیلیزابێس بۆینیس لە بارەی دیالۆگەوە دەڵێت (دیالۆژ ئەو پردە تەسکەیە کە جاروبار هەموو قوورسایی ڕۆمان و چیرۆکی لەسەرە). بۆیە دەبێت بە باشی بەکاری بێنین.

وەك دەبینیت چیرۆکێکی قووڵ ئەو چیرۆکەیە بە هەموو قوورسایی خۆییەوە لای خوێنەر بمێنێتەوە.

(جۆن گاردنەر) قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت:

Show, dont tell.

گەر مەبەستەکەی شیی بکەینەوە ئەوا بەم شێوەیەیە، گەر نووسەرێك بیەوێت باسی بۆ نموونە دڵڕەقی پاڵەوانەکەی بکات، پێویست ناکات پێمان بڵێت کە فلان کەس دڵی ڕەقە، بەڵکو دەبێت دڵڕەقی پاڵەوانەکەمان پیشان بدات. یان نموونەیەکی تر بێنمەوە، گەر باسی پاڵەوانەکە بکەیت و بڵێیت کچێکی جوانە، ئەمە هیچ بە خوێنەر ناڵێت، چونکە کچان بەجۆرێك لە جۆرەکان هەموویان جوانن، دەبێت نووسەر پێمان بڵێت جوانی ئەم کچە لە چیدایە و چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ جوانی کچانی تردا. تەنها بەم شێوەیە نووسەر دەتوانێت دەقێکی قووڵ بنووسێت و ماوەیەکی درێژ لای خوێنەر بمێنێتەوە.





*** لە ئێستەدا هونەر دابەشکراوە بەسەر دووجۆردا: (هونەری بازاڕیی) و ( هونەری نوخبە). ئەمە بۆ ئەدەبیش بە هەمان شێوەیە. تا چەند لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنە هاوڕایت، هاوکات بۆچی؟ لەو میانەدا نووسەری ڕاستەقینە چۆن دەتوانێت پردێك دروست بکات بۆ بەیەکتر گەیشتنی خۆی و خوێنەرانی؟ هاوکات کەشێکی وتووێژی نەك (درۆی شایەتی) و (ڕق بەخشینەوە)؟**

- لەهەموو هونەر و ئەدەبی گەلانی دنیادا بازاڕیی و نوخبە هەیە و ئەمەش تایبەتمەندییەك نییە بە کوردەوە، وەك دەبینیت بازاڕ پڕ بووە لە کتێب، ڕەنگە نیوەی خراپ بێت و نیوەکەی تری باش، بۆیە واش دەڵێم چونکە ناکرێت مرۆڤ تەنها لە چاوی خۆیەوەو زەوقی خۆیەوە سەیری دنیا بکات، ڕەنگە بۆ من لەسەدا ٨٠ تا ٩٠- ی ئەو کتێبانە خراپ بن و حەزنەکەم تەنانەت بفرۆشرێن، بەڵام گەر وا بکەم ئەوا ئەوە دەگەیێنێت کە بمەوێت هەموو کەس وەك من بیربکاتەوەو ئەوەش بیرکردنەوەیەکی باش نییەو حەق نییە مرۆڤ ڕێ بە خۆی بدات وا بیربکاتەوە. دەرەوەو بازاڕ پڕێتی لە خەڵکی جیاواز و زەوقی جیاواز، ئەوەی من بە خراپی بزانم تەنها ئەوەندە ڕێگە بە خۆم دەدەم کە نەیکڕم و نەیخوێنمەوە.

من لەو بڕوایەدام کە نووسەری ڕاستەقینە هەمیشە خوێنەرانی خۆی دەدۆزێتەوەو خوێنەران چاوەڕوانی بەرهەمەکانی دەکەن، پردی پتەو لە نێوان نووسەر و خوێنەردا تەنها بە تێکستی جوان و داهێنەرانە دروستدەکرێت، پردەکانیش جیاوازن، هەندێك پرد هەن پان و قایمن،

هەندێکی تریش وەهمین، هەندێك کەس جنێو و تەعلیق دەدات و لە سایتێکدا بڵاویدەکاتەوەو رەنگە دە هەزارکەس بیخوێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە دە هەزار خوێنەری هەیە، خوێنەری راستەقینە ئەوانەن کە بەدوای بەرهەمی نووسەرێك دەکەون و چاوەڕێی چاپ بوونی کتێبەکەی دەکەن، یان دەچن گۆڤارێك دەکڕن، چونکە دەزانن کە تێکستێکی نووسەری تیایە، ئەم جۆرە پەیوەندییانە پەیوەندییەکی زیندو و راستەقینەن، هەرچی پردەکانی ترن خەیاڵیی و کەم تەمەنن و لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەم جۆرە پردانە هەر زۆر زۆرن.

*** لە ئێستادا داهێنان و ریکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا. بەڵام ئەو ریکلامەی لێرەدا مەبەستمە دابەشبووە بەسەر خوێنەرو راگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان، نووسەری ئیبداعکار بۆئەوەی پردێك دروست بکات بۆ بەیەکترگەیشتنی داهێنان و ریکلام، چی دەبێت بە کۆمەککارێکی تەندروست؟**

- هەموو نووسەرێك پێویستی بە ریکلام هەیە بۆ بەرهەمەکانی، گەر لە دنیای دەرەوە بەرهەمهێنان رۆحی بازاڕ بێت، ئەوا ریکلام پێشاندانی ئەو رۆحەیە، بەڵام لای ئێمە شتەکان تێکەڵکراوەو بە بێبایەخ سەیری هێزی ریکلام دەکرێت لە ئاراستەکردنی بازاڕدا. نووسەرانی دنیا سەفەر دەکەن و ریکلام و ئێوارەخوانێکیان لە ئوتێلێکدا بۆ ساز دەکرێت و بەرهەمەکانیانی تیا دەفرۆشن، ئیدی باوی ئەوە نەماوە دەسەڵاتی حکومی و هێزی حزبی دەست بخەنە ئەو کارانەوە، ئەوە تەنها لای ئێمەو لە





خۆرهەڵاتدا بەو شێوەیەیە، چونکە ئیشیان پێیانەو دێن هەندێك نووسەر بەرزدەکەنەوەو هەندێکی تریش نزم، بەڵام نووسەری داهێنەر ناکەوێتە ئەو داوانەوە، چونکە هێزی نووسینەکانی خۆی هێزێکی لەبن نەهاتووە.

تەنها ئەو هێزەی خۆشی کۆمەکی دەکات و رێگای بۆ رۆشن دەکاتەوە تا بگات بە خوێنەرەکانی.

*** ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێت بۆ بونیادنانی تەلارێکی بەرز بە وشە لە دەقدا، خەیاڵی نووسەر لە کوێی ئەو تەلارە بەرزەدا بەرجەستە دەبێت؟**

- لە راستیدا رەنگە ئەمە زیاتر بۆ دەقێکی شیعریی راست بێت کە خودی نووسەر سەرەکیترین کەرەستەی نووسین بێت، بەڵام بۆ خەیاڵ من لەو بڕوایەدام کە لە هەموو شوێنێکی ئەو تەلارەدایە، خەیاڵ هەم لە ژێرزەمینەکەیدایەو هەم لە سەربانەکەی. تەنانەت خەیاڵ پێش دروستکردنی دەقەکەش بووە، چونکە پێش نووسینی تێکستەکەش یەکەمجار خەیاڵ هاتووە ئینجا تێکستەکە. هیچ تێکستێکی جوان ناتوانێت بێ خەیاڵ لەدایك بێت، هیچ خەیاڵێکیش شێوە وەرناگرێت گەر نەچێتە دەقێکەوە. لێرەوە تێکستێکی بێ خەیاڵ تێکستێکی مردووە، بەڵام خەیاڵ نامرێت، نەشچێتە ناو دەقەوەو فۆڕمێکیش وەرنەگرێت هەر نامرێت، بەڵکو لەدەرەوە دەژی، نووسەران دەبێت هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ دەستەمۆکردنی خەیاڵ تا بەشێکی کەمی لێ بخەنە ناو تێکستەکانیانەوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە یاری بە ئاگر بکەیت، پشکۆیەك لەناو مشتدا بێت

و هەست بە سووتانەکەی نەکەیت تا لە تێکستەکە دەبیتەوە، ئەمەش هەتا بڵێی کارێکی زەحمەتە بۆیە زۆر کەس واز لەم شەڕو گەڕان ویاری و سووتانە دێنێت و تێکستێکی مردووی بێ خەیاڵ بەرهەم دێنێت، وەك ئەو هەموو تێکستە مردووانەی لاپەڕەکانی زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤار و سایتەکانی ئێمەی پڕ کردووە.

* کەسانێك هەن زۆر بە داخراویی و سانایی پێکهاتەو لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن. بە واتایەکی تر: تەنها دەڵێن (ئەم دەقە جوانە) و (ئەو دەقە ناشرینە). بەبێ ئەوەی جارێك بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشرینە؟ لێرەدا دەپرسین: جوانیی و ناشرینیی دەقێك لە ئەدەبدا چۆن دەناسرێتەوە؟

- بە بڕوای من هەریەکە بە جۆرێك ئەدەب دەخوێنێتەوەو هیچ سەیرکردنێکیش بۆ (جوانیی و ناشرینیی) لە یەکێکی تر ناچێت. کەسیش ناتوانێت پێوانە بێت بۆ جوانیی و ناشرینیی تێکستێك، بەڵام لەلای من تێکستی جوان خۆی هاواردەکات، پێویستی بە بەرگری نییە، هەر دەقێکت دوو جار خوێندەوە ئەوە دەگەیێنێت کە لای تۆ جوانە، هەچ دەقێك توانی لەگەڵ خۆتدا بتدات بە شەڕ و پرسیارت لا دروست بکات، کەواتە کاری قووڵی لێ کردوویت، هەچ تێکستێك توانی تێڕوانینی تۆ بۆ ژیان و شتەکانی دەوروبەرت بگۆڕێت ئیدی لە جوانیی و ناشرینیدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە بەشێك لەخۆت و لەگەڵ خۆتدا دەیگێڕیت. هەچ دەقێکت خوێندەوەو بۆ چەند ساڵێك بیرت نەچووەوە، ئەوە دەگەیێنێت





کە بووە بە بەشێك لە یادەوەریت و سڕینەوەی مەحاڵە. چێژوەرگرتن بابەتێکی گرنگە لە خوێندنەوەدا، هەروەك چۆن چێژوەرگرتنمان لە جوانیی و دەسەڵات و سێکس و خواردن جیاوازە، ئاواش بۆ خوێندنەوە جیاوازە، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە چێژوەرگرتن بابەتێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت، جاری وا هەیە چێژێکی گەورەت لە دەقی نووسەرێك وەرگرتووە و بە تێپەڕینی دە ساڵ یان کەمتر یان زیاتر ئەو چێژەی جارانی لێ نابینیت و بەسەرسوڕمانەوە بە خۆت دەڵێیت ئەوە من گۆڕاوم یان ئەم نووسەرە وەك جاران جوان نانووسێت و من تەماعەکانم گەورە بوون و تێکستی لەمە جوانتر دەخوێنمەوە.

* پێتوایە ئەو زەمەنە بەڕێوە بێت کە ئامێرە دەستکردەکان و وێنە، پاشەکشێ بە وشە بکەن؟

- لە ڕاستیدا هەر لە بەرهەمهێنانی کامێراو سینەماو دواتریش تەلەفزیۆن ئینجا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ئیدی هاوکێشەکە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات، نەك لەبەر ئەوەی کە وشە ئەو نرخەی جارانی نەما، بەڵکو لەبەرئەوەی کە مرۆڤ سەرچاوەی تری بۆ تابیرکردن و سەیرکردن دۆزییەوە، لێرەوە مرۆڤ ئاڵۆزترو دەوڵەمەند تر لە خۆی روانی، بەڵام بە بێ ئەوەی لە نرخی وشە کەمبکاتەوە، من چەند ساڵە لە ستۆکهۆڵم دەژیم، کە شارێکی هەتا بڵێیت پێشکەوتووەو کەچی ساڵ بە ساڵ هەستدەکەم خوێنەرانی وشە وکتێب لە زیادبووندان، ڕەنگبێت لەناو وشەکانیشدا شیعر کەمتر لە جاران بخوێندرێتەوە، بەڵام چیرۆك و ڕۆمان تا ئێستا هەر لەزیادبووندان و بە تیراژی کتێبەکاندا دیارن کە بەتەما نین

**بەم زوانەش پاشەکشێ بکەن. ماوەیەك پێش ئێستا ڕۆمانەکەی (خالید حوسەینی)م کڕی (کۆلارە فڕیوەکە) لەسەر بەرگەکەی نووسراوە کە زیاتر لە سەد هەزار نوسخەی لێ فرۆشراوە. تا مرۆڤ شتێکی هەبێت بیگێڕێتەوە چیرۆك و ڕۆمان دەمێنن، ڕەنگبێت لەدوارۆژێکی دووردا مرۆڤ بە شێوەیەکی تر بگێڕێتەوە ئەوەیان نازانم، چونکە هەموو شتێك کە لە دایکدەبێت، مردنی خۆشی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بڕوانە ئێستا نامە خەریکە دەمرێت و هەر چەند ساڵێکی کەمی ماوە، ئەدەبی نامە دەمێکە باوی نەماوە، نامە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پەیوەندییەکی گرنگ بوو لە نێوان ئینسانەکاندا، ئێستا لەم شارەی منی لێ دەژیم ساڵ بە ساڵ پۆستخانەکان یەکە یەکە دادەخەن و چەند ژمارەیەکی زۆر کەمی ماونەتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پەیوەندییەکانی مرۆڤ لاوازتر بوون، نەخێر بەڵکو مرۆڤەکان شێوەی تریان بۆ پەیوەندی دۆزیوەتەوە، بەڵام وشە تا ئێستاش ڕێزی خۆی هەیە و هەچ کاتێکیش مرۆڤ ڕێگەی تری بۆ وشە دۆزییەوە و توانی بە جۆرێکی تر بگێڕێتەوە ئەوا نەوەیەك لەدایکدەبێت کە مەرگی وشە رادەگەیەنێت. بەڵام ئێستا نا، ئێستاش مرۆڤ کاتێکی زێڕینی لەبەردەمدایە تێکستی پڕ داهێنان بنووسێت و خوێنەرێکی چاکیشی هەبێت و ماڵەکەشی پڕ بێت لە ئامێری دەستکرد.**

*** زۆر لە چیرۆکنووسان ڕوانینیان وەهایە کە ژانری چیرۆك پلیکانەی یەکەمە، مەرجە بیبڕیت، دوای ئەوە نۆڤێلێت دێت، دواجاریش ڕۆمان، ئەو هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟**





**- من بڕوام بەو مۆدێلە نییە، تێکست خۆی بڕیار دەدات چ فۆرمێك وەردەگرێت، ڕەنگە یەکەمجاریشت بێت و نووسینێکت درێژبێتەوە بۆ ڕۆمان، وەك وتم تێکستەکە خۆی بڕیار دەدات کەی تەواو بێت، نووسەر ناتوانێت زۆری لێ بکات، چونکە هەموو زۆر لێکردنێك بە نووسینەکەوە دیار دەبێت و مەحاڵە بشاردرێتەوە. من خۆم لە ساڵی ١٩٩٢ دا ڕۆمانێکم بە ناوی (چاوەڕوانی) ەوە نووسی و بڵاوبوەوە، کە لە سەرەتادا من تەنها ویستم چیرۆکێك بنووسم و هەر تەواو نەدەکرا تا بوو بە ڕۆمانێك، لە ئەدەبی جیهانیی و کوردیدا ئە زموونی وامان زۆرە. دۆستۆیێفسکی جگە لە ڕۆمانەکانی جار جار چیرۆکی دەنووسی و بەڵام لای ئێمە چیرۆکەکانی کەمتر خوێندراونەتەوە، من خۆم چیرۆکێکیم لە ڕوسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کاتی خۆی لە گۆڤاری ( دەروازە)دا ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٤ بڵاوبووەتەوە بە ناوی (خەونی مرۆڤی پێکەنیناوی). چیرۆك و نۆڤێلێتەکانی مارکیز لای هەمووومان ئاشکرایە، گەر بەو شێوەیە بێت وەك تۆ لە پرسیارەکەدا دەڵێیت ئەوا گەر ڕۆمانیشت نووسی ئیتر قەت ناگەڕییتەوە بۆ چیرۆك، ئەمەشیان وەك دەبینیت وا نییە و وەك وتم نموونەی زۆرمان لەبەردەستایە، ئێستا نووسەرانێکی زۆرمان هەن هەر سێ جۆرەکە دەنووسن و تەنها بەرهەمەکە بڕیار دەدات کە چ فۆرمێك وەربگرێت. ئەم جۆرە قسانە زیاتر بۆ ترساندنی گەنجەکانە کە دەیانەوێت بنووسن، ئەمە ڕێك وەك ئەوە وایە بە یەکێك بڵێیت، تۆ نابێت گەلابە لێبخوڕیت، دەبێت بە سەیارەیەکی بچووك دەست پێ بکەیت، بۆیە هیوادارم گەنجەکان گوێ**

لەو قسانە نەگرن و تەنها تێکستی جوان بنووسن، چ ناوێکی دەبێت گرنگ نییە.

*** کاکەی فەلاح لە بواری نووسیندا خزمەتێکی بەرچاوی بە دنیای تایبەتی منداڵان کردووە، ئایا هانی نەداویت تا تۆش لەپاڵ نووسینەوەی خۆتدا ڕەهەندێك بکەیتەوەو بەرەو ئەو فەزایە بڕۆیت؟ بەتایبەتی بۆ منداڵانی کورد کە تا ئەو پەڕی لە ئەدەب دوورەپەرێز ڕاگیراون؟**

- وەك لە سەرەتادا باسم کرد کە من حیکایەتی زۆرم بۆ کاریتەی کچم کردووە کە هی خۆم بوون، بەس بەداخەوە نەمنووسیوونەتەوە، من کە کاریتەم دەخەواند خەیاڵ دوای خەیاڵ بۆم دەهات، حیکایەتی پڕ گێڕانەوەو گرێچنی سەیرسەیرم لا دروست دەبوون کە لە حاڵەتێکی ئاساییدا قەت بۆم نەدەهاتن، ئەو سروتەی کە منداڵەکەت دەبینیت و لەگەڵ حیکایەتەکەی تۆدا خەریکە خەو دەیباتەوەو زۆر لە خۆی دەکات تا نەخەوێت بۆ ئەوەی بزانێت کە دوایی چی روو دەدات، هێزێکی سیحریی و لەبن نەهاتووە بۆ نووسین، ئەو ئێوارانەشی کە دەیزانی من هیچ هێزی حیکایەتم پێ نەماوە، رای دەکرد سێ چوار کتێبی دەهێنا و بە خوێندنەوە رازی دەبوو، چونکە من زۆر خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبی منداڵانم و بەو پێیەش کە مامۆستای زمانی کوردی منداڵە کوردەکانم لە هەندێك لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم ئاگایەکی باشم لە ئەدەبی منداڵی سویدی و ئەورووپی هەیە و رەنگە زیادەڕۆیم نەکردبێت ئەگەر بڵێم کە کاکەی فەلاح رەنگبێت هیچی لە (ئاسترید لیندگرێن) کەمتر نەبێت، ئەمیان لەسەر ئاستی سوید و ئەویشیان لەسەر ئاستی کورد، بەڵام کتێبەکانی ئاسترید





بە هەموو زمانەکانی ئەورووپاو جیهان بڵاوبووەتەوەو ئەوانەی کاکەی فەلاحیش منداڵانی سلێمانی و هەولێری لێدەرچێت کەسی تر پێی ئاشنا نییە و بۆ هیچ زمانێك وەنەگێڕدراوە، ئەمەشیان تەواو بایەخی ئێمە بە منداڵ وەك نەتەوە پێشان دەدات. دوو کتێب بۆ منداڵەکەت بکڕیت و بیانخوێنیتەوە لە سەدەها بەقوربان و بەساقە باشترە. بۆ مەسەلەی هاندان، نەخێر باوکم قەت هانی نەداوم خەریکی ئەدەبی منداڵ بم، بەڵام حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە ئەدەبی منداڵ هەتا بڵێی زەحمەتەو بە هەموو کەس نانووسرێت، رەنگە حیکایەتێك لە دە چیرۆك بۆ گەورەکان زەحمەتتر بێت، من لە چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن) دا بە تەکنیکێکی تازە هەردووکیانم تێکەڵ کردووەو ئەو چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە زۆر لە منەوە نزیکەو زۆر لام خۆشەویستە. نووسەری خۆشەویست و هاوڕێی ئازیزم بەختیار عەلی لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیبووم کە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا گریاوە، لە کۆڕێکدا لە سەرەتای ئەم ساڵدا لە ستۆکهۆڵم باسی نزیکی ئەو تێکستانەی کرد کە لە نووسەرەکانەوە زۆر نزیکن و لە ئەدەبی جیهانیدا نموونەی زۆر هێنایەوە و لە ئەدەبی کوردیشدا دوو نموونەی هێنایەوە کە یەکێکیان ئەم چیرۆکەی من بوو. کاتێك چیرۆکی (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت)م بۆ نارد، تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی گەر لە ناو کورددا دە چیرۆکی جوان نووسرابێت، ئەم چیرۆکە یەکێکە لەوانە، هەروەها (باوکی ناو تەلەفۆن)یش.

*** لە نێوان (کۆمەڵگەی داخراو) و (ماڵی کراوە)دا کە پارادۆکسی یەکترین و کاریگەری لەسەر منداڵان بەجێدەهێڵن، تەنانەت بە شێوەیەك**

**لە شێوەکان دەبن بە کۆمەککاری وەها کە منداڵەکە قووڵتر بیربکاتەوە، ئەو سەروەختە تووشی سەرسوڕمان نەبووبوویت بەرامبەر ئەم لێکدژە؟**

- لە راستیدا زۆر، بەتایبەتی ئەو کاتانەی هاوڕێکانم دەهاتنە ماڵەوە بۆ لام و دەیانبینی کە هەموومان وەکو یەك سەیر دەکرێن و قسەی هەمووشمان چ گەورە چ بچووك سەنگی خۆی هەیە، لە راستیدا ماڵی ئێمە ماڵێکی زۆر دیموکراتیی و فیدراڵیی بوو، لە سیستمی ئێستای عیراق زۆر باشتر بوو. نە لێدان لە ماڵی ئێمەدا هەبوو نە زمانی هەڕەشەو تاوانبارکردن. بێگومان ئەمانەش بۆ دوایی کاریگەری گەورە بەجێدێڵن و دەبنە بەشێك لە کەسایەتی ئەو کەسە.

*** ئەو سەروەختەی باوکت خەریکی دەرکردنی رۆژنامەی ( ژین) بوو، بیرت لەوە کردەوە کە یەکێك لە نووسینەکانت لەم رۆژنامەیەدا بڵاوبکەیتەوە؟ بە واتایەکی تر: جورئەتی ئەوەت هەبوو داواکارییەکی وەها پێشکەشی باوکت بکەیت، بەتایبەتی کە حەزی نەکردووە ببیت بە نووسەر بەڵکو خواستوویەتی تەنها خوێنەر بیت؟**

- نا ئازیزەکەم، من ئەوسا تەمەنم تەنها ٧ ساڵ بوو، باوکم لە دوای ١١ ی ئازاری ساڵی ٧٠وە ژینی دەرکرد، تا ٧٤ درێژەی کێشا و وەستا. من دوایی کە گەورەتریش بووم و دەستمکرد بە نووسین ئەو قەت واستەی بۆ نەکردووم بۆ ئەوەی چیرۆکەکانم بڵاوببنەوە، چونکە بڕوای بەو شتانە نەبوو و حەزی نەدەکرد بە هۆی ئەوەوە شت بۆ من بڵاوبکەنەوە، دەنا گەر بیوویستایە دەیکرد، بەڵام ئەو چونکە دەستوخەتی زۆر خۆش بوو بۆی دەنووسیمەوە ئینجا دەمنارد و هەتا جارێکیان کە چیرۆکێکم نارد بۆ





(بەیان)، یەکێك دەستوخەتی باوکمی ناسیبووەوەو وای زانیبوو هی باوکمەو وتبووی کە وا بزانم کاکەی فەلاح چیرۆکیش دەنووسێت و قسە ناکات، ئیدی دوای ئەوە وازی لەوەش هێنا بۆم بنووسێتەوە.

*** باست لە بەختەوەریی کرد، ئایا تۆش پێتوایە بەختەوەرەکان وەکو ئەو نووسەرانەی کە غەمگینن نەتوانن بچنە نێو خەمە(خودی) و جڤاکیەکانەوەو لەوێوە ئەفراندن خەلق بکەن؟**

- نا ، من بڕوام بەو شتانە نییە و ئەفراندن لای من تەنها مافی خەڵکانێکی دیاریکراو نییە، یان مرۆڤ هەر دەبێت نەگبەت و بەدبەخت بێت و پارەی نەبێت و بە منداڵی باوکی زۆری لێ دابێت بۆ ئەوەی ببێت بە نووسەر و ئەم جۆرە شتانە، یان دەبێت لە قوتابخانەدا زۆر تەمەڵ بیت تا ببیت بە نووسەرو ئەفراندن بکەیت، لەگەڵ ڕێزیشمدا بۆ ئەو کەسانەی کە رایەکی لەم جۆرەیان هەیە، بەڵام من وا بیر ناکەمەوە، بەڵام بڕوایەکی تەواوم بەوەیە کە خوێنەرەکان لە نووسەرەکان خۆیان بەختەوەرترن، من خۆم بەختەوەرترم کاتێك دەخوێنمەوە وەك لەوەی کاتێك دەنووسم، نووسین کارێکی هەتا بڵێی ناخۆشەو هەندێکجار خۆزگە دەخوازم کە منیش یەکێك بوومایە لەو خەڵکەو خەریکی ژیان و پیاسەو قەرەباڵیغی وچوونە دەرەوە بوومایە نەك کوڕی تەنیایی و ماڵەوە.

*** ئەو رستەیەی (رەئووف حەسەن)ی چیرۆکنووس بە باوکتی وتبوو تا چەند کاریگەریی خستە سەرت؟ هانی دایت باشتر بنووسیت و قووڵتر لە**

**شتەكان بڕوانیت یان بە پێچەوانەوە؟ ئێستا چۆن لە هەمان رستە دەڕوانیت؟**

– لە راستیدا مامۆستا رەئووف حەسەن لەمە زیاتری وتبوو، ئەو وتبووی یان دوای نووسینی ئەم چیرۆكە باشە ئەم برادەرە واز دێنێت، یان ئەمە قومبەلەیەك دەبێت لە چیرۆكی كوردیدا، من لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنیشدا ئەم پرسیارەم لێ كراو بیرمە ئەوسا وتم وەك دەبینیت، نە من وازم هێناو نە هیچ قومبەلەیەكیش لە چیرۆكی كوردیدا تەقییەوە، بێگومان ئەو رستەیەی ئەو زۆر هانیدام كە جوانتر بنووسم، چونكە من ریزێكی زۆرم بۆ كاك رەئوف هەبوو هەروەك ئێستاش هەمە، ئەو یەكێك بوو لەو چیرۆكنووسانەی كە من دەمخوێندنەوە، ئەوانەی من دەمخوێندنەوە سێ نووسەر بوون كە باوكی هەرسێكیان ناویان حەسەن بوو، (شێرزاد حەسەن و رەئووف حەسەن و حەمەفەریق حەسەن)، لە سەرەتادا وامدەزانی ئەم سیانە هەرسێكیان بران و پێم سەیر بوو هەرسێ براكە وا جوان دەنووسن، دوو سێ ساڵ پێش ئێستا كە هاتمەوە كاك رەئوفم بینی و چایەكمان پێكەوە خواردەوە و دوایی ئەو سێ كتێبی خۆی بۆ هێنام و منیش لەگەڵ خۆمدا هێنامنەوە بۆ سوید.

*** ئەو وەختەی كە چیرۆكی (تابلۆ) ت نووسی هەر لە زانكۆ بویت یان نا؟ دەمەوێت بڵێم زانكۆ و هاوڕێكانت تا چەند كاریگەر و كەرەستە بوون بۆ بەردەوامیت لە پرۆسەی نووسین و بیركردنەوەدا؟**

– رەنگە ئەوسا لە شەشی ئامادەیی دەرچووبم بۆ یەكی زانكۆ، تەمەنم هەر ١٩ ساڵێك بوو، بۆیە ئەو چیرۆكەم باسی ژیانی زانكۆ ناكات، بەڵام





چیرۆكی وەك (چاوەكانی رۆژە) و چەند دانەیەكی تر كە لە زانكۆ نووسیمن باسی ژیانی بێزارو ناشرینی ئەوسای زانكۆو بەشی ناوخۆیی دەكرد و بۆ ئەوەش من زۆر قەرزاری هاوڕێ جوان و پاكەكانم كە كەڵكم زۆر لێ وەرگرتن و زۆرم خۆشویستن و لەگەڵ هەندێكیاندا تا ئێستاش پەیوەندی پتەو و قووڵمان وەك خۆی ماوەتەوە و ئێستاش جار جارە چیرۆكیان بۆ دەنێرم و بە تامەزرۆییەوە دەیخوێننەوە و ئاگایان لە نووسینەكانمە. ئەوانیش منیان زۆر خۆشویست، چونكە من قەت وەك نووسەرێك مامەڵەم لەگەڵیاندا نەكردووە بەڵكو تەنها وەك هاوڕێیەكی نزیك كە شتێك دەبینێت و دەیەوێت بینووسێتەوەو بۆیان بگێڕێتەوە.

*** باست لەوە كرد كە لە پاڵ چیرۆكدا شیعریشت نووسیووە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە چیرۆكنووسانمان، دەبینین لە پاڵ ئەو ژانرەی كە هەڵیانبژاردووە خەریكی شیعر نووسینیشن. بۆ نموونە (شێرزاد حەسەن) یش شیعر دەنووسێت، ئەمە جگە لەوەی كە زمانی شیعر لە گەلێك چیرۆكتاندا هەستی پێ دەكرێت، ئەو هۆكارانە كامانەن كە دەبن بە پاڵنەر تا چیرۆكنووسان شیعر بنووسن، بە تایبەتی ئەگەر لەم رووەوە باس لەو ئەزموونەی خۆتان بكەیت لە نێو فەزای شیعر نووسیندا؟**

– من هەستدەكەم هەموو كەسێك شاعیرەو بە شاعیری لەدایكدەبێت، لای من كەس نییە لە ژیانیدا شیعر نەنووسێت، گەر بە دزیشەوە بێت هەر دەینووسێت، هەروەك وتم كە شیعر نووسین وەك گۆرانی وتن وایە كەس نییە لە ژیانیدا گۆرانی نەوتبێت یان نەیلێت، من ئەو كاتانەی لە

چیرۆکەکانمدا پاڵەوانەکانم زۆر هیلاکم دەکەن وازیان لێ دێنم و لە جیاتی ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرم شیعر دەنووسم، هەستدەکەم شیعر نووسین ئیسراحەتێك دەدات بە رۆحم و بەهێزێکی سەیرەوە دوایی دەچمەوە سەر چیرۆکەکەم، من ئەوەی بە چیرۆك نەتوانم تابیری لێ بکەم زۆر بە ئاسانی بە شیعر دێن بە دەستمەوە، چونکە لای من مرۆڤ لە شیعردا سەربەست ترە وەك لە نووسینی چیرۆکدا، لە چیرۆکدا تۆ تەنها لە سەرەتاوە سەربەستی چۆن دەنووسیت، دوایی دێڕ بە دێڕ ئەو سەربەستییەت لێ دەسەنێتەوە.تا دوایی تەنها قاڵبێکت بۆ دەهێڵێتەوە و لە ناویدا گیر دەخۆیت، ئەوە بۆیە نووسەران هەندێکجار شیعرییەت بە نووسینەکانیانەوە دیار دەبێت ئەوە تەنها هەوڵدانێکە بۆ دەرچوون لەو قاڵبە و هیچی تر، (ژۆن ماری لی کلێزۆ) کە ئەمساڵ ٢٠٠٨ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: (نووسین وەك مۆسیقا وایە بەڵام ئەمیان بە وشەیە). لای منیش وایە، بەڵام شیعر موسیقایەکی ئاسانترە وەك لە رۆمان و چیرۆك. لە رۆمان و چیرۆکدا تۆ کۆمەڵێك پاڵەوانت هەیە کە دەستیان بە دەستتەوەیە و نایەڵن بچیت بۆ هیچ شوێنێك و بەندیان کردوویت، بەڵام لە شیعردا لە جیاتی بەندیخانە، تۆ باڵت هەیەو بۆ کوێت دەوێت دەفڕیت و دنیاش چی لێ دێت با لێی بێت.

* کاتێك بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی چیرۆکی کوردی، دەبینین وەك هەبوون، چیرۆکمان هەیەو دیدی بیبلۆگرافیانەی نووسەرەکانیان هەردەم هەوڵی سەلماندنەوەی بوونی دەقەکان دەدەن، نەك پرسیار، جا





بۆئەوەی چیرۆکیش ببێت بە پرسیار لەبەردەم مرۆڤدا، لە روانگەی ئێوەوە رەوتەکە چۆن وەربچەرخێنین؟

- چیرۆکی کوردی هەر لە ناوەڕاستی بیستەکانەوە تا حەفتاکان لەسەر دوو تەوەرەی نەگۆڕ و سەرەکی کاری کردووە، یەکێکیان مەسەلەی هەژاریی، کە ئەمەش رەنگدانەوەی تەواوی ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپییە لە سەدەکانی ١٨ و ١٩وە کە بە قووڵی لەناو چیرۆك و رۆماندا ئامادە بووە و کاری گەورەی لە ئەدەبی دراوسێکانمان کردووە و لەوێشەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی. تەوەرێکی تریش بیری نەتەوایەتی کە نەبوونی دەوڵەتێك و چەوساندنەوەی مرۆڤی ئێمە و جەستەیەکی برینداری دوای شکستەکان و نەبوونی ناسنامەیەکی سیاسی، وای کرد کە دەگمەن چیرۆکێك دەبینینەوە بەو خەونە سیاسییە بارگاوی نەکرابێت. نووسەرە ئازیزەکانمان لەجیاتی ئەوەی خەونەکانی خۆیانمان لە ناو تێکستەکانیاندا بۆ بگێڕنەوە، هاتن و خەونەکانی خۆمانیان بۆ گێڕاینەوە کە خۆمان پێش ئەوان بینیبوومانن. بۆیە ئەو ئەدەبە نەیتوانی پرسیار دروست بکات. لە راستیدا ئەمە تا رادەیەکی زۆریش بۆ نەوەی چیرۆکنووسانی هەشتاکانیش راستە و لە هەشتاکانیشدا پرسیار لە ناو چیرۆکدا زۆر لاواز بوو، بەڵام رەوتەکە لە نەوەدەکانەوەو بە تایبەتی لە دوای راپەڕینەوە گۆڕاو ئەدەبی ئێمە قووڵتر سەیری مرۆڤی کرد، تۆ تا قووڵ سەیری ئینسان نەکەیت ناتوانیت پرسیاری قووڵ لەو بوونەوەرە بکەیت.

*** بەشی زۆری چیرۆك لە رووی پرسیارەوە لاواز بوون، بەلاّم گروپێك لەوانە، سەدرەدین عارف، لەتیف حامید، ئەحمەد شاکەلی، محەمەد موکری، سەلاح شوان...تاد، بونیادی چیرۆکەکانیان هەڵگری پرسیار بوون، کارکردنی ئەم دوو ئاستە چۆنەو چۆن دەستنیشان دەکرێن؟**

- لە راستیدا زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی ئەم نووسەرانەش لەو دوو تەوەرە سەرەکییەی کە باسمکردن دەرنەچووە، چەند چیرۆکێکی کەم نەبێت کە توانیان لەو دوو تەوەرە خۆیان قوتار بکەن، لەوانە بۆ نموونە: (چای شیرین و گەلەگورگ) ی کاك حسێن عارف، چەند چیرۆکێکی کەمی حەفتاکانی کاك محەمەد موکری، چەند چیرۆکێکی کەمی کاك سەلاح شوان، چیرۆکەکانی کاك شێرزاد حەسەن، تۆ تا واقیع وەکو خۆی ببینیت و وەکو خۆی بنووسیتەوە بونیادێکت نابێت پڕ لە پرسیاری قووڵ. تۆ گەر بە گێڕانەوەیەکی سادە واقیع بگێڕیتەوە وەك زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی، تەنها دەشتوانی پرسیاری سادە بکەیت.

*** ئەگەر ورد لە چیرۆکنووسی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیك بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی ( داهێنان) و ( نوێخوازی)ین و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتۆتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وا نین، ئەو گوتارانەی کە لە ئێستای چیرۆکنووسانی هاونەوەی خۆتدا دەیبینیت، تا چەند نزیکە لە حەقیقەت؟**





- لە راستیدا من لە چاوپێکەوتنی تریشدا باسی تەکنیك و داهێنان و نوێخوازیم کردووەو نامەوێت لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بەلاّم ئەوە دەڵێم کە گرفتی گەورەی چیرۆکنووسانی حەفتاکان تەنها نەبوونی تەکنیك نەبووە، بەڵکو تەکنیك یەکێك بووە لە کێشەکان. کێشەی تر جوینەوەی ئەو دوو بابەتە سەرەکییە بوو کە لە سەرەوە باسمکردن، نەبوونی شوێن و نەبوونی رووداو، بێ کاراکتەری پاڵەوان، کۆپی کردنی واقیع، چیرۆکی ئێمەی پڕ کرد لە مرۆڤی بێ خەون و بێ خەیاڵ، تووڕەو بێ ئیرادە، من نازانم چەندی ئەو برادەرانە خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتۆتە پێش چاو ( وەك لە پرسیارەکاتدا دەڵێیت)، بەلاّم ئەو هاونەوەیەی منیش ناتوانێت حەقیقەت لە خۆیدا کۆبکاتەوە، چونکە حەقیقەت شتێك نییە کۆبکرێتەوە، بەڵکو شتێکە بلاّوەکرێتەوە، حەقیقەت ئەوەی جوانە هی کەس نییە و ئەوەی ئەمرۆش حەقیقەتە بەیانی ماناکانی دەگۆڕێت. کەس ناتوانێت حەقیقەت بۆ خۆی قۆرخ بکات، هەروەك چۆن هیچ نووسەرێکیش ناتوانێت بێ حەقیقەت و گەڕان بە شوێن ماناکانیدا تێکستی جوان بنووسێت.

*** رۆحی مرۆڤ (بە تایبەت نووسەری چیرۆك) تەنها ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووك بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ هاوکات ئایا مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردەو دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی نێو خودەوە؟**

**- ئەمە پرسیارێکی جوانە، نووسەر بۆیە دەنووسێت تا باسی ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و ئازارانە بکات کە گەمارۆی مرۆڤیان داوە، تا خەون بە دنیایەکی جوانترو ئینسانیترەوە ببینێت، کەی نووسەر خەونەکانی لە ناو تێکستەکاندا قووڵترو فراوانتر بوون، ئەوە دەگەیێنێت کە ئیتر لە رۆحی خۆی چووەتە دەرەوەو هاوارەکانی بۆ هەمووانە، (داگەرمان) کە نووسەرێکی گەورەی سویدییە دەڵێت: من کە دەنووسم خەون دەبینم نەك کە دەنووم). نووسەر هەمیشە لە سەرەتاوە لە خۆیەوە دەست پێدەکات، سەیری دڵەڕاوکێی خۆی دەکات، سەیر دەکات شتێك نووقسانە، ئەم لەسەرەتادا دەیەوێت نووقسانیەکە بنووسێتەوە، بەبێ ئەو نووقسانییە مەحاڵە قەڵەم بەدەستەوە گرتن، یان دانیشتن لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەتدا، نووسینەوەی ئەو نووقسانییە بەرەو شوێنی ترت دەبات، جارێك بەرەو بەهەشتە دۆزەخییەکانی منداڵیی و جارێك بەرەو راڕەوە تاریکەکانی ڕۆح و جارێك بۆ زیندانە شێدارەکانی عەدەم. ئیتر لێرەوە تۆ گەر باسی خۆشت بکەیت، چەندەها کەسی تر لەناو تێکستەکەی تۆدا خۆیان دەبیننەوەو وا دەزانن باسی ئەوان دەکەیت. نووسەر تا پاکترو راستگۆیانەتر باسی خۆی بکات، جوانتر باسی ئازارو خەون و دڵەڕاوکێکانی خوێنەرانی خۆی دەکات. تا ئاوێنەکەی رۆحی خۆی پاکتر بێت، وێنەی دنیای دەرەوەو دنیای خوێنەرانی لە ناو ئاوێنەکەدا روونتر دەردەکەوێت.**

*** ئایا مرۆڤ ئەو کتێبە نییە کە کۆی مێژووی پێشووی مرۆڤایەتی لەسەر نووسراوە؟ ئایا هەر ئەو جەستەیەی ئێمە کە لە نێو دیوارەکانیدا بەندین، بۆ خۆی ئەو جەمسەری لێکچوونە نییە کە ئێمە بە هەموو ئەوانی ترەوە گرێ دەدات.**

**- دۆستۆیڤسکی لە بارەی دۆنکیشۆتی سیرفانتسەوە دەڵێت: (ئای کە جوانە ئەم کتێبە، لەو کتێبانە نییە کە ئێستا دەنووسرێن، لەم جۆرە کتێبانە چەند سەد ساڵ جارێك بۆ مرۆڤایەتی دەنێردرێن. گەر ژیان لەسەر ئەم زەوییە کۆتایی هات و پرسیاریان لێ کردین و وتیان: ها ژیانتان لەسەر زەوی چۆن بووە، رای گشتیتان بەرامبەری چییە؟ ئەو کاتە مرۆڤ دەتوانێت کتێبی دۆنکیشۆتیان بداتێ و بڵێ ئەمە رای تەواوەتیمە بەرامبەر بە ژیان، ئایا دەتوانن لۆمەم بکەن؟) لەم قسانەی دۆستۆیڤسکییەوە ئەوە تیدەگەین کە کتێبێك جاری وا هەیە لە جیاتی هەموو مرۆڤایەتی و مێژووەکەی قسە دەکات، لە راستیدا رەنگە ئەدەب و هونەر تاقە ئەڵقەیەك بن کە هەموو مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی راستگۆیانە پێکەوە ببەستنەوە، تۆ سەیری دین و سیاسەت و ناسیۆنالیزم چۆن مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوییە لێکهەڵدەوەشێنێتەوەو دەیانکات بە دوژمنی یەکتری، سەیری ئەو هەموو خوێنە بکە رشتوویانە، تەنانەت زانستیش بۆ مەرامی خراپ بەکاردێت و هەندێك جار زیانی زیاترە وەك لە سودی. بۆیە لێرەوە دەبینین کتێبێك نەك تەنها مرۆڤەکانی ئێستا پێکەوە گرێ دەدات، بەڵکو رۆمانێك بۆ نموونە دەتوانێت من و تۆ بباتەوە بۆ زەمەنێکی ترو کولتوورێکی تر. ئەمەش هێزێکی گەورەیەو دەبێت لە یادی نەکەین.**

*** کە چیرۆك دەدوێت، چی دەدوێت؟ ئایا خودێکی ناوازەو تایبەت دەدوێت، یان ڕۆحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکات، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێك دەکات لە نێو خودی چیرۆکنووسدا نیشتەجێیەو چیرۆکنووسی کردووەتە ناخود؟**

- لە ڕاستیدا چیرۆك تێکەڵاوێکە لە هەموو ئەمانە. چیرۆکی باش چەند دەنگێکی تێکەڵاوە کە دەنگێکی ناخود نمایندەیەتی، ئەم ناخودەش کە لە (خود)دا جێگیرە چەندێك ناخودە هێندە خودە و چەندێکیش خودە هێندە گشتییگرە. کە چیرۆکێك دەنووسم و خوێنەرێك پێم دەڵێت کە خۆی تێدا بینیووەتەوە، ئەوە ناگەیێنێت کە من و ئەو لەیەك دەچین، بەڵکو ئەوە دەگەیێنێت کە دەنگی ناو چیرۆکەکە لە هەردووکمان دەچێت، چەند دەنگێکەو هەریەکەو ئاوازەکەی بە جۆرێك دەبیستێت، هەریەکەو بەجۆرێك لە ئەشکەوتە تاریکەکانی ڕۆحیدا دەنگدەداتەوە. کە نووسەر دەنووسێت، باسی خۆی دەکات، بەڵام ئەم (خود)دانە زۆر دەبن و وازی لێ ناهێنن، ناچارە هەوڵ دەدات بنووسێت تا ئەم (خود)دانە پێکەوە لە پاڵەوانێکدا کۆبکاتەوە، بۆیە هەم خودی خۆی و هەم تۆو هەم خوێنەری تریش خۆی تیادەبینێتەوە.

*** چیرۆکی ئێستای کوردی بەدەر لە گوتنی حەرام و حەڵاڵەکان، دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟**

- بەڕاستی ئەمە پرسیاری چاکەو هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە نازانم چیرۆکی ئێستای کوردی دەیەوێت چی بڵێت. من لێرەدا نامەوێت باسی





خۆم بکەم، ئەوەیان هەڵدەگرم بۆ کەسانی تر، بەڵام تەنها ئەوەندە دەڵێم کە لە کۆمەڵە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە) و (نووسینەوەی دڕك) و ئەم چیرۆکانەی دوایشم، من خۆم دەزانم دەڵێم چی و خوێنەرەکانیش بە ئاسانی دەتوانن دەست بخەنە سەر زۆر لایەنی ناو چیرۆکەکانم، چونکە من شتێکم هەیەو دەمەوێت بیگەیێنم، خەونێکی شەرمنانەی خۆمەو بۆ خۆمی دەنووسمەوەو دوایش لە سنوورەکانی خۆم دەچێتە دەرەوە. لە ڕاستیدا هەڵەیە وا تێبگەین کە چیرۆك تەنها تێکدانەوەو دروستکردنی خودە و هیچی تر، دەبێت لە پاڵ ئەمەشدا پەیامێکت هەبێت بیگەیێنیت، من باسی پەیامی ئایدۆلۆژی ناکەم، بەڵکو پەیامێکی ئینسانی، گەر مەسەلەکە تەنها تێکدان و هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوە بێت بە وشە، جا ئەو گەمەیە شیعر دەتوانێت بیکات و کەسیش گلەیی لێ ناکات، چونکە جوانی و پەیامی شیعر خۆی لەو گەمەیەدایە، تۆ سەیری زۆربەی زۆری چیرۆکی ئێستا، کۆمەڵێك فیگورت هەیە کە فرێ دراونەتە دەرەوەو کەسیش نازانێت چییان دەوێت، نەشتێکیان پێیە بیدەن بە تۆو نە شتێکیان لە تۆش دەوێت. هەموو تێکستێکی مەزن و نەمر پەیامێکی ئینسانی لە پشتەوەیە، ئەوەی ڕۆمان و چیرۆك لەو پەیامە دادەبڕێت کەسێکە دەیەوێت بەرگری لە نووسینە خراپەکانی خۆی بکات. کەسێکە دەیەوێت هەر بنووسێت و بنووسێت و کەسیش پرسیاری لێ نەکات ئەوە بە ڕاست تۆ دەتەوێت بڵێی چی؟

*** خەون چۆن لە نێو دەقی داهێنراودا تەوزیف دەکەیت؟ هاوکات بۆ پرۆسەی داهێنان تا چەند سوودت لە خەون وەرگرتووە؟**

**- من هەمیشە وەکو سیحرێك سەیری خەون دەکەم، هەموو خەونێك لای من حیکایەتێکە، چیرۆکێکەو نەنووسراوەتەوە، لە راستیدا پێکهاتەی خەون زۆر لە چیرۆك دەچێت، بەتایبەتی لەوەدا کە هەردووکیان لە نێوان خەیاڵ و راستیدا لەدایکدەبن، هەردووکیان نیوەیان زادەی خەیاڵن و نیوەکەی تریان دێنەوە ناو واقیع و ژیانی رۆژانەوە، هیچیشیان راست نین و دەبنەوە بە راست، لە راستیدا من سوودێکی زۆرم لە خەون وەرگرتووە نەك تەنها بۆ گێڕانەوەو چنینی رووداو، بەڵکو بۆ تەکنیکیش سوودێکی گەورەم لێ بینیووە، تۆ سەیری ئەو هەموو تێکەڵاوکردنی زەمەنانەی لە خەوندا هەیە چەند یارمەتی دەرن بۆ نووسەران. من خوێندنەوەی چەند کتێبێك یارمەتییەکی زۆریان دام کە سوودێکی گەورە لە خەون و شیکردنەوەکانی ببینم. یەکێك لەو کتێبانە فەرهەنگی خەونی (تۆنی کریسپ)١٩٩٠، ئەم زانا ئینگلیزییە ٢٢ ساڵی تەواوی خۆی بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە دانا، کە ٣٠٠٠ خەون و ماناکانێتی. بۆ نموونە گەر تۆ خەونت بە ئەدرێس و ناونیشانەوە بینی، ئەوە دەگەیێنێت کە پەیوەندی بە ژیانی ئێستای تۆوە هەیە، گەر ناونیشانە کۆنەکەت لە خەوندا ونکرد ئەوە دەگەیێنێت کە تۆ ئێستا لەو ژیانە کۆنەی خۆت جیاکردۆتەوەو دەتەوێت ژیانێکی تر بژیت و بیرکردنەوەت گۆڕاوە. بۆیە دەتوانیت بەئاسانی هەنگاوی تازە بنێیت. وەك دەبینیت تۆ دەتوانیت بە ئاسانی ئەمانە لەناو چیرۆك و رۆماندا تەوزیف**





**بکەیت و بیبەخشیت بە پاڵەوانەکانت. ئەو فەرهەنگە نووسەر دەکات بە خەون ناسێکی تەواو.**

**یەکێکی تر لەو نووسەرانە ئالفرید ئادلەر( ١٨٧٠_ ١٩٣٧)ە کە لە نەمسا لەدایکبووە، دەرمانسازی خوێندووە، فرۆید کارێکی زۆری لەسەر هەبووە. بەڵام دوایی خۆی لە فرۆید جیادەکاتەوە. ئەو دەڵێت کە لە خەوندا مرۆڤ دوو حاڵەتی گرنگ دەرك پێ دەکات، یەکەمیان ئەو وێنەیەیە کە خەونەکە دەیبەخشێت، ئەوی تریان ئەو مانایەیە کە پێمان دەڵێت چ شتێك لە کۆمەڵگادا رێگەی پێدراوە، ئەو پێیوایە گەر یەکێك لە خەونیدا زۆر بێزار بوو لەوانەیە لە ژیانی خۆیدا زۆر تووڕەو دڕندە بنوێنێت. ئەو پێیوایە کە خەون نەك تەنها بەرامبەر بە خۆمان و ئەو شوێنەی کە تیا دەژین هوشیارمان دەکاتەوە، بەڵکو واشمان لێ دەکات لە ژیاندا بەهەێز و سەرکەوتوو بین.**

**کتێبە بە ناوبانگەکەی فرۆید بە ناوی شییکردنەوەی خەون کە تیایدا باسی خەون و ناسنامەکانی دەکات، کتێبە بەناوبانگەکەی سایکۆلۆژی بەناوبانگی ئەمریکی ئێریخ فرۆم (ئەو زمانە لەیادچووە)، کە خۆی یەکێکە لە تیۆلۆژە بەناوبانگەکان. هەروەها کارل یونگ( ١٨٧٥_ ١٩٦١) کە بایەخێکی زۆری دەدا بە سومبولەکانی خەون. بۆ نموونە لەو چیرۆکەی مندا (نووسینەوەی دڕك) غەریب ریکۆرد زۆر فرۆیدیانە خەون دەبینێت و بڕواشی بە خەونەکەی خۆیەتی کە راست دەردەچێت. بۆیە دەڵێم فرۆیدیانە، چونکە فرۆید بڕوایەکی تەواوی بە راستی بوونی خەون هەبوو.**

*** لە نێو هەردەقێکی سەرکەوتوودا منداڵییەکی پڕ خەم، یان بەختیار ئامادەیی هەیە و چاو دەگێڕێت، ئایا تۆ تا چەند سوودت لە منداڵی وەرگرتووە، هەم وەك کەرەستە، هەم وەکو دیویێکی دیکەی خۆت لە زەمەنی زوودا، یان تا چەند وەکو مەرجەع گەڕاویتەوە لای و کارت پێکردووە؟**

- ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە نووسەران هەمیشە حەزدەکەن لێیان نەکرێت و شاعیرانیش بەپێچەوانەوە هەمیشە پێیان خۆشەو دەتوانن دە لاپەڕە بنووسن، چونکە پرسیارەکە تەنها شاعیرانە وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام بەنسبەت منەوە کەی بمەوێت دەتوانم بگەڕێمەوەو چیم بوێت لێی هەڵگرم و بەکاری بهێنم. من تا ئێستاش زۆر وردەکاری منداڵیم لەبیر ماوەو هەندێك جار ئاخ هەر دەڵێی دوێنێیە.مرۆڤ تا بە ژمارەی ساڵەکانی تەمەن لە منداڵی دوورتر بکەوێتەوە، لای نزیکترو خۆشەویسترە. بەشێکی مێشکی مرۆڤ ئەو یادەوەرییانەی تێدا پارێزراوەو من لەوەدا بەختێکی چاکم هەبوو کە خاوەنی مەغزەنێکی گەورەم لە یادەوەریی، من تەنانەت باخچەی ساوایان و ساڵەکانی سەرەتاییم بە روونی لەبیرەو هەندێکجار دێنەوە ناو چیرۆکەکانم. من تەنها ٤ ساڵی یەکەمم بیر نییەو ئەو ٤ ساڵەش بە هۆی گێڕانەوەی دایك و باوکم و خوشك و برا گەورەکانمەوە کە هەریەکەو شتێکیان بۆ گێڕاومەتەوەو کە وای لێهاتووە ئەو ٤ ساڵەش زۆر پێم غەریب نەبێت. بەهەرحاڵ نووسەران هەمیشە ئیشێکی زۆریان بە منداڵیی خۆیانەو بە نووسین دەیانەوێت بگەڕێنەوە، ئەوەشی هەوڵ و فێڵەکانی لە ناو نووسیندا بۆ گەڕانەوە زۆرترو جوانتر بێت، تێکستەکەشی جوانتر دەبێت.

**دیسێمبەری ٢٠٠٨**





## پێڕست

**پێشەکی**

**دیداری یەکەم، سازدانی کامەران و دانا، ئەدەب و هونەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ.**

**دیداری دووەم، سازدانی توانا ئەمین، رۆژنامەی رۆژنامە.**

**دیداری سێیەم، سازدانی جەمال ئەحمەد، رۆژنامەی ئاوێنە.**

**دیداری چوارەم، سازدانی ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٣٥**

**دیداری پێنجەم، سازدانی توانا ئەمین ، رەخنەی چاودێر.**

**دیداری شەشەم، سازدانی رەوشت محەمەد، ئەدەب و هونەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ.**

**دیداری حەوتەم، سازدانی زانیار محەمەد، هاوولاتی.**

**دیداری هەشتەم، سازدانی حەمە کاکەڕەش، گۆڤاری هەنار، ژمارە**

**دیداری نۆیەم، سازدانی زانا سامان، گۆڤاری هەنار دیداری دەیەم، سازدانی رابەر فاریق، گۆڤاری نەوشەفەق.**

**دیداری یازدەیەم، سازدانی سۆران عەزیز، کوردستان راپۆرت.**

**دیداری دوازدەیەم، سازدانی سامان کەریم، گۆڤاری هەنار ژمارە**

**دیداری سیازدەیەم،سازدانی رابەر فاریق، گۆڤاری نەوشەفەق.**

**دیداری چواردەیەم، سازدانی رابەر فاریق، گۆڤاری رامان**

**لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:**

**١- زێراب، کۆمەڵە چیرۆك، سوید ١٩٩١**

**٢- چاوەڕوانی، رۆمان، سوید ١٩٩٢**

**٣- بەیازی گوڵفرۆشێك، کۆمەڵە چیرۆك سوید ١٩٩٨**

**٤- وێنەکان دووبارە دەبنەوە، کۆمەڵە چیرۆك، سلێمانی ٢٠٠٣**

**٥- نووسینەوەی درِك، کۆمەڵە چیرۆك، سلێمانی، دەزگای ئاوێنە٢٠٠٧**

**٦ – شەڕە سپییەکان، کۆدیدار، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩**